# گوتاری ڕەخنەی شانۆی کوردیی

## نیهاد جامي

کەرکووک ۲۰۰۹


**ناوی کتێب: گوتاری رەخنەی شانۆی کوردیی**

**بابەت: لێکۆڵینەوە**

**نووسەر: نیهاد جامی**

**دەرهێنانی هونەری: نووسەر**

**بەرگ: ئەنجام سەعید**

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووک ژمارە (١٠٤)**

**سەرپەرشتی چاپ: محەمەد سەعید زەنگنە**

**چاپخانە: ئارابخا**

**چاپی یەکەم– ٢٠٠٩**

پێشکەشە بە شانۆکار
میدیا ڕەئوف
و عەشقە قووڵەکەی بۆ شانۆ کە
ڕۆژێکیان ووتی "ئەو کاتانەی
لەسەر شانۆم خۆشەویستەکەم
هەندێ جار غیرە ئەکات کەچی کە
لەگەڵ خۆشەویستەکەم ئەبم شانۆ
غیرە ناکات گوڵێ ئەهێنێ بەلای
ڕوومەتماو ئەڵێ وەرە ئێستا چونکە
خۆشەویستی ئەکەی من زیاترم
خۆش ئەوێت"



# دەسپێك

قسەکردن لەچەمکی گوتار لەناو ڕەخنەی شانۆییماندا قسەکردن نیە لەنووسینی گوتاری ڕەخنەییمان هێندەی سەرەتایەکە بۆ جۆرێك لەئیشکردنەوەی ڕەخنە بۆ چۆنیەتی خوێندنەوەی نمایشی شانۆیی، چونکە گوتار لەڕەخنەی شانۆییماندا هەر لەو چرکەوەی خەریکی گەشە کردنە بۆ لەدایك بوون، بۆ ئەو کۆرپەلەیەی کە ئامانجیەتی بە جەستەی ڕەخنە خۆی بناسێنیٚ، لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو ڕەخنەیە دێتە بوون، بەڵام بەر لە کردەی لەدایکبوونەکە گوتارێکی مردووە.

بەهۆی ئەوەی ئەو خانەیەی پانتایی ڕەخنەی تیایدا دەکەوێتە جولەو دەبزوێت خانەیەکی مردووە، بۆیە سەرهەڵدانی لەو خانە مردووەو لەدایك بوونیشی بەم شێوەیە جەستەیەکی مردوو دێنێتە بوون، هەر بۆیە ناتوانیٚ بوونی خۆی وەك گوتارێکی سەربەخۆ بسەپێنێت، سەپاندنی ئەو گوتارە زانستیە بەدەرخستنی تێبینی بینەر نیە، بەڵکو مەبەست لە خوێندنەوەو جیهانبینی دەق ونمایش ودۆزینەوەی رەهەندی جوانکاری وخوێندنەوەی سینۆگرافیاو جەستەی ئەکتەر ودرککردن بە

كۆدەكانی نمایشە، بەڵام چونكە ئەو گوتارە لەگۆشەی تێبینی سادەو كرچ وكاڵەوە ئاماژەی بۆ جیهانی نمایش كردووە، ئەو ئاماژە كردنە سەرەڕای ئەوەی تێبینی هەر بینەرێك بووە نەك ڕوانینی ڕەخنەیی ڕەخنەگر، ئاماژەی بۆ ڕووە ناوەكیەكان نەكردووە، بەڵكو هەموو بەهایەكی ڕەخنەیی بۆ ڕووە دەرەكیەكان تەرخان كردووە.

ئەمەش ڕاستەوخۆ بۆتە هۆیەكی سەرەكی بۆ نەبوونی روحێكی زیندوو لەجەستەی ڕەخنەی شانۆییدا، هەروەها نەبوونی ئەزموونی بەرزی شانۆیی كە بەرەو پێشڤەچوون و گۆڕان لەئاستە دەست نیشان كراوەكانی گوتارە شانۆییەكە بڕوات، ئەوەش بۆتە مانەوەی بەشێك لەو گوتارە باوەی نمایشی شانۆییدا، كە ڕێگەی نەداوە ڕەخنەگر لەساتی ئامادە بوونی (١) قووڵ بێتەوە بۆ قووڵایی نمایش وچوونە ناو ئەو دیوی خانەكانی جەستەی نمایشەكە، بۆ ئەوەی كۆدە ووردەكانی ببینێت وشكست و بەرزبوونەوەی بونیادی نمایشەكە دەربخات.

چونكە وەك دەركەوتووە ڕەخنەی شانۆییمان دركی بە (كۆدی گەیاندن) نەكردووە، بەڵكو بە بەردەوام (كۆدی دەربڕین) دیاربووە تیایدا، ئەو كۆدەش كۆدێكی كاتیە وبینەر هەستی پێدەكات، ئەویش مەسەلەی چێژ وەرگرتنی كاتیە چ لەكاتی



نمایش یا لەخوێندنەوەی دەق، بەڵام ئاخۆ (كۆدی گەیاندن) گەیاندنی دالەكان كە بەرەو پرسیارە فەلسەفیەكانی بوون دەمانبەن تاچەند لەنمایشەكان ئاشكرا كراون، هەڵبەت ئەو پرسیارانە لەنمایش بوونی نەبووە، ئەوەش پەیوەستە بە ئامادەنەبوونی ئەزموونی باڵا وئامادەبوونی گوتاری باو لە نمایش دەگەڕێتەوە.

هەڵبەت كاتێ لەدیدگای سیمیۆلۆژیەوە سەیری گوتاری ڕەخنە ئەكەین بۆ نمایشی شانۆیی، نابێ ئەو ڕاستیە فەرامۆش بكەین كە ئەو گوتارە ڕەخنەییە تا ئێستا نەیتوانیووە سیمیۆلۆژیانە تەنانەت دەقە شانۆییەكانیش بخوێنێتەوە، لەوانەیە ئەو پرسیارە بێتە پێشمانەوە كە ئاخۆ ئەو دەقانە لەناو بزووتنەوە شانۆییەكەمان ئامادەبوونی هەیە؟ لەو كاتەدا مەبەستمان تەواوی ئەو نووسینانە نیە كە كۆمەڵە دەیالۆگێكی سادەی بەسەر یەكەوە كەڵەكە كردووەو ناوی دەقی لێناوە هێندەی مەبەستمان ئەزموونی نووسینە لەلای (ئەحمەد سالار، گەزیزە، بەرزان فەرەج، دلشاد مستەفا، دانا رەئوف) (٢)

كە ڕەخنە لەبەرامبەر دەقەكانی ئەو نووسەرانە كە (بەرزان فەرەج) ی لێ دەرچێت ئەوانیتر خۆیان شانۆكارن و لەناو شانۆ وەك پرۆژە بیر دەكەنەوە و دەزانن شانۆ چی پێویستە، كەچی ڕەخنە

نەیتوانیووە لەبەرامبەر ئەو تێکستانە ئاماژە ئاشکرا بکات وبونیادە سیمیۆلۆژیەکە لە پرۆسەیەکی سیمیۆلۆژیای ڕاڤەکاری بخوێنێتەوە ئەوەی ژۆلیا کریستیفا بە (سیمانالیزا) (٣) ناوی دەبات.

ئامادە نەبوونی خوێندنەوەی سیمیۆلۆژی یەکێکە لەو خەوشانەی نەیهێشتووە شانۆی ئێمە بەرەو پێش بڕوات، چونکە ئامادەبوونی ئەو ڕەخنەیە واتا خوێندنەوەی ئاماژەو هێماو وێنە شانۆییەکان وڕەچاوکردنی لایەنی ئیستاتیکی شانۆ کە لە گوتارە ڕەخنەییەکەماندا بوونی نیە، کە ڕەخنە لەو ڕێگەیەوە نەیتوانیووە زمانێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، ئەوەش بۆ غیابی ئەو گوتارە ئەبستیمیە دەگەڕێتەوە، دیارە ئەوە بەو مانایە نیە هەوڵی چەند شانۆکارێك لەو بوارەدا فەرامۆش بکەین، بەڵکو ئەوەی مەبەستی ئێمەیە زیاتر بایەخدانە بە رەخنەی سیمیۆلۆژیی، ئەگەرچی لەوبوارەدا چەند هەوڵێك ئەگەر دەگمەنیش بن جێپەنجەیان دیارە. (٤)

گوتاری ڕەخنەی شانۆی کوردیی نەیتوانیووە (بونیادی عەقڵی) و (بونیادی نەستی) بەشداری پێبکات لەبواری زانستە مرۆییەکان کە زمان کەناڵی پەیوەندی نێوان ئەو دوو بونیادەیە، شکستی ئەو گوتارە لە نەدۆزینەوەو دیاری نەکردنی ئەو



پەیوەندیە دێت کە لەنێوان (ووشە- دال) و(چەمك- مەدلول) هەیە، واتە وون بوونی ئەو زمانە تایبەتەی ڕەخنەو درووست نەبوونی ئەو دەیالۆگە لەنێوان (شانۆکار/وەرگر) کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو پەیوەندیەی پێویستە زۆر پتەو بێت لەنێوان شانۆکار و وەرگر لێك دەترازێ.

ئەگەرچی چەند جیاوازیەك هەبێت لەنێوان (زمان/ ئاخاوتن) لەبەر ئەوەی زمانی کۆمەڵایەتی لەجەوهەردا سەربەخۆیە لە تاك، بەڵام ئاخاوتن بەشێکی تاکە لە زمان، چونکە زمان ئەو سیستمەیە تەنها بواری خۆی دەناسێت وە (ئاماژەی زمان) دوو ڕووخسارن کە لەیەك جیا ناکرێنەوە (دال/ مەدلول) لەو کاتەشدا نابێ ئەوە بیر خۆمان بەرینەوە کە بنیاتنانی ئاماژە لەسەر بونیادێك بنیات دەنرێت کە چەمکی شاراوەی هەیە، ئەوەش کاری ڕەخنەگر لەو کاتەدا دەکات بە تەئویلکردنی دەلالی و دۆزینەوەی رەهەندو ئاسۆکانی ئەو شاراوەییە کە مەدلولە، ئاماژەی دیاریکراو سیستمێکی پێکهاتەیی دەقە لەناو سیستمی زمانی پێکهاتەیی.

پرۆسەی ڕەخنەیی کردەیەکی تەئویلکاریە لەناو دۆزینەوەی چەمکە قووڵەکان، لەوانەش بەدوای دەسەڵاتی زمان دەگەڕێ، کە کۆمەڵە ئاماژەیەکە پێویستە تەئویل بکرێت بۆ گەیاندن بە

مەدلولەکان، چونکە ئاماژە پێکهاتەی (دال/مەدلول) ە، پێویستە ڕەخنەگر مەدلولەکان بخاتە دواوە بەشێوەیەك کۆتایی نەبێت، چونکە ڕەخنەی شانۆیی خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی نمایشی شانۆییە، بە بنەمایەکی سەرەکیش دادەنرێ بۆ گەشەکردنی ڕەوتی شانۆیی کە پەیڕەوی میتۆدی فیکری یا هونەری دەکات، بونیادی ڕەخنەی شانۆیش بەدوای دیدگای هونەری وێڵە بۆ دەستگیربوونی خانە زیندووەکان کە پەیوەندی دەلالیان بە نمایشەوە هەیە.

بۆیە ڕەخنەگری شانۆیی توانا بەراییەکانی لە بونیادی بەرهەم هێنانی ڕەخنەدا پەیوەستە بەتوانای زانستی و ئاگایی ئەوانەش دەبنە بنەمای ئەو ڕێسایە بۆ بونیادی ڕەخنە، چونکە پرۆسەی ڕەخنەیی ڕۆڵی خوێندنەوەی ئەنجامی داهێنەرانەیە بۆ نمایشی شانۆیی، ڕەخنە هیچی لە هێلکێشانی تیۆری کارکردن  یا نمایشی شانۆیی کەمتر نیە، بەڵکو دەبێ ڕەخنەگر زانیاری لەکرۆکی زانست و توخمە هونەریەکان هەبێت، گرنگترین توخمیش بۆ ڕەخنەگر بریتیە لە بۆشاییەکان ولقەکانی کردەی دەرهێنان، ئەوانەی دەبن بەچەند بەشێکی شاراوەو بچوك لە دەرهێنان وهۆش هەستی پێناکات.



دەرهێنانی شانۆیی بەرهەم هێنانێکیترە بۆ بونیادی دەق.. کەسی ڕەخنەگریش هەڵدەستێت بە تەقاندنەوەو دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی نمایش بەگشتی و دەرهێنان بەتایبەتی، ئەوەش بەهۆی پرۆسەی پشکنین و گەڕانە، پێویستە ڕەخنەگر ئاگاداری سەرجەم شێوازە دەرهێنانیەکان بێت، هەر لەسەردەمی یۆنانەوە تا دەگاتە دوا ئەزموونە شانۆییەکان، لەو ڕێگەیەوەش دەتوانێ بڕیاری خۆی بدات بۆ بونیادی نمایشی شانۆیی، لەبەر ئەوەی ڕەخنەی شانۆیی خوێندنەوەی پرۆسەی نمایشی شانۆییە، بۆیە دەبێ لەو پرۆسەیە نواندن و سینۆگرافیا لەپاڵ دە ق ودەرهێنان بخوێندرێتەوە، ئەوانەش لە گوتاری ڕەخنەی شانۆی کوردیی ئامادە بوونیان نیە، بۆ ئەوەی ڕەخنەی شانۆییمان بتوانێ گوتارێکی زانستی و زمانێکی تایبەت بەخۆی هەبێت پێویستە سوود لەگوتاری ڕەخنەی شانۆی هاوچەرخ وەربگرێت، ئەو ڕەخنانەی دوای ئەوەی پەیوەندیی نێوان زانستە مرۆییەکان و ئەدەبی گواستەوە بۆ پەیوەندیی ئەو زانستە بە شانۆوە، ڕزگاربوون لەچوار چێوە ڕەخنەییە باوەکان مەبەست تیایدا هەنگاونانی ڕەخنەیە بەرەو قۆناغێکیترەوە، ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ گەشەسەندنی نمایش، بەبێ بەرەوپێش چوونی شانۆ ڕەخنەش لە غیابدا دەبێت، کاتێ ئەزموونی باڵای شانۆیی هاتە

بوون ئەوە کاتە قەڵەمە ڕەخنەییەکانیش ئەوانەی پێشتر خۆیان لەئەزموونی بەرزی ڕەخنە نەدۆزیبۆوە دەردەکەون.

ڕەخنەگری شانۆیی وەکو کەسی هونەرمەند وایە گەر بازنە داخراوەکان جێ نەهێلێت، ناتوانێت لەپرۆژەی ئەلتەرناتیڤ و جیاواز تێبگات، چونکە ئەگەر بوونی ڕەخنە لەشانۆی سوونەتی بۆ داگیرساندنی گلۆپی سوور بێت لەبەرامبەر دەرچوون لە هاوکێشە چنراوەکان، ئەوا ئەمڕۆ ئەو ڕەخنانە بە تێبینی دەرهێنان لەقەڵەم دەدرێت.

ڕەخنەی نوێ کۆتایی بە دەسەڵاتی دەق هێناوە (٥) لەو سەردەمەدا ئەو دەسەڵاتە لەلای خوێنەرە، کاتێ لەگوتاری ڕەخنەییماندا ئەو دەسەڵاتە لە نووسەر بسەنینەوەو بیدەن بە تەئویلکار بۆ ئەوەی لەناو گوتارە ڕەخنەییەکە بتوانێت تەئویلی جیاواز بکات، ئەو ساتە ڕەخنە دەبێتە تێکستێکی سەربەخۆ بۆ بنیاتنانی مانا، وەك دەق یا دەرهێنان خاوەنی گوتارێکی تایبەتمەند دەبێت، چونکە ئەو کاتە ڕەخنە بووە بە بنیاتنانەوەی تەواوی پرۆسە ئەدەبی وهونەریەکە، بەهۆی ئەوەی بەدوای ئاشکراکردنی ئاماژە وون بووەکان گەڕاوەو هەوڵیداوە لەدۆزینەوەی ئەو وون بووانە مانای کەشفنەکراو بدۆزێتەوە،



ئەوە دۆزینەوەی ڕەهەندی یەکەمی ئاماژە نیە هێندەی بنیاتنانی مانایە لەناو گوتارە ڕەخنەییەکە.

خوێندنەوەی ڕەخنەیی دەق توانایەکی تەواوی هەیە بۆ دووبارە خولقاندنەوەی دەقی نمایش، چونکە ئەو خوێندنەوەیە یەك سیستمی دەست نیشان کراو فرمان بە پرۆسە ڕەخنەییەکە ناکات، بەڵکو هەڵدەستێ بەتەئویل کردنەوەی تەواوی دەق و دواتر خوێندنەوەو هەڵوەشاندنەوەی دەقی بینراو کە پەیوەستە بە هەڵوەشاندنەوەی سینۆگرافیای نمایش و سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی لەناو گوتارە ڕەخنەییەکەدا، ئەوەش بنیاتنانەوەی مەدلولە لەناو بونیادی دال، لەژێر ئەو تێڕوانینەوە ئەوە دەڵێین کە گوتاری ڕەخنەی شانۆی کوردی پێویستە لەناو خوێندنەوەی بیبلۆگرافی و ئەرشیفی بێتە دەرەوە و بەرەو دەروازە مرۆییەکان هەنگاو بنێت و لەسەر ئەو زانستانە ئیش بکات، چونکە تائێستا گوتار لەڕەخنەی شانۆییمان لەناو مێژوودا دەق و نمایشی دواندووە، ڕووکەشانە سەیری ئەو پەیوەندیەی کردووە، بەهۆی ئەوەشەوە نەیتوانیووە دال بگەیەنێ بە وەگر، ئەوەش وون بوونی هەر جۆرە پرۆسەیەکی کەشف کردن بووە، بۆیە هەمیشە ئەو ڕەخنەیە لەپەراوێزی نمایش ماوەتەوە.

رەخنەگری شانۆیی نەیتوانیووە لەناو ڕەخنە ئاراستەی ئەو گوتارە بکات کە نمایشی بنیاتناوە، ئەوەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان نەگەیاندنی (دال) ەکانی دەق وجیاکردنەوەی (دال) ە لە (مەدلول) پرۆسەکەی بەرەو خوێندنەوەیەکی سادە بردووە، چونکە جیاکردنەوەی دال لە مەدلول هەروەك سیستمی زمان و ئاماژەکەیەتی، کە بەبۆچوونی سۆسێر ئەو سیستمە دەربڕین دەنووسێتەوە.

ئەوەش سیستمێکی دیاریکراوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ماتریالەکانەوە نیە، چونکە نەدۆزینەوەی ئاماژە لەپڕۆسەی خوێندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە کە ئاماژە پەیوەندی بە ناوێکی دەست نیشان کراو نیە، بەڵکو چەمکی پەیوەندیی (مەدلول) ە، بە وێنەی دەنگی کە (دال) ە، بۆیە (دال/ مەدلول) ڕێسایەکی سەربەخۆ نین، بەڵکو دوو ڕووخساری ئاماژەن، ئەوانەش تا ئێستا نەبوونیان بۆتە مردوویی گوتاری ڕەخنەی شانۆی کوردیی، دیارە ئەوانەش تاکە ئەلتەرناتیڤی ئەو گوتارە نین، بەڵکو سەرەتایەکی زانستین بۆ خولْقاندنی گوتارە ڕەخنەییەکە، کە لێرەوە هەوڵ دەدەین لەسەر چەند چەمکێکی سەرەکی ناو ئەو گوتارە بێینە دوان بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر جۆری ئیشکالیەت و ئەو گریمانە ڕەخنەییە بوەستین کە



لەداهاتوودا دەتوانێ ئیشی لەسەر بکات، ئەوانیش سێ چەمکی سەرەکیە کە بریتین لە (زمان، دەسەڵات، گوتار).

## زمان لەگوتاری ڕەخنەی شانۆییدا

زمان لەپانتایی ئاخاوتندا نازانێت بێ هەڵوێست بێت، بەڵکو لەساتی نەبوونی هەڵوێست خۆی بێدەنگ دەکات، چونکە ئامادەنەبوونی وەك دەسەڵاتێك وبوونی تەنها وەك جەستەیەك بێت، مردنیەتی خۆیمان بۆ نمایش دەکات، بەو پێیەی کە زمان بزۆزە ئەو کارە لەتوانای مرندا نیە، هەربۆیە لەکاتی بوونی هەڵوێستیش (٦) دەسەڵاتە دەست نیشان کراوەکەی فراوان دەکات، جولەکانی خۆی لەو پانتاییە دەست پێ دەکات، ئەو چێژەی ڕەخنەگر لەپڕۆسە شانۆییەکە وەریدەگرێت دەقێکی پێ بەرهەم دێنێت کە گوتاری ڕەخنەیە.

بۆیە زمان لەگوتاری ڕەخنەی شانۆییدا، دووانە لەنێوان (نمایش/ وەرگر) چونکە خاسیەتی ئازادبوونی خۆی دەپارێزێت، ئازادبوونیشی هاودژ بوونیەتی لەگەڵ (ووشە/ ئاخاوتن) دا، ئەوەش درککردنی زمانە بەوەی هەریەکە خاوەنی سیستمی تایبەتی خۆیەتی، سیستمی ئازادی زمان.. دەسەڵاتی ڕەهای زمانە، چونکە گەر زمان نەبێت ووشە ناتوانێت ببێت بەسیاقی ڕەخنە لەنێو کۆدەکانی نمایش، کەواتە زمان دەسەڵاتی ڕەخنە

دادەمەزرێنێت، هەروەك كاری شانۆیی گوتارێكە ئاراستەی وەرگر ئەكرێت بۆ ئەوەی كەناڵی گەیاندن ئاخاوتنی خۆی تیادا درووست بكات، ئاخاوتنێك لەدەسپێكدا ووشە دەیەوێ بەرهەمی بێنێ، بەڵام ڕێكخەرێكی زانستی نیە بۆ سیاقەكەی تا لەنێو بۆشایی دەقدا زمان دەسەڵاتی بۆ درووست بكات.

زمان نەبینراوەكان دەبینێت وپێمانی نیشان دەداتەوە، ڕووبەندەكانی سەر ڕووی ڕادەماڵێ و زەمەنە وەستاوەكان بەجولە دەخات، پرسیارە كەشف نەكراوەكانمان ئاراستە دەكات و وەڵامە كۆنەكانمان دەكوژێت، ڕووبەرووی پرسیارە نوێیەكانمان دەكاتەوە، ماوەو كاتمان بۆ دەست نیشان دەكات بۆ ئەوەی بتوانین پرسیارەكان بەبێ وەڵام بەجێ بێلین وخۆشمان هەوڵی ئاشكرا بوونی نەبیستراوەكان بدەین، وەك بینراوەكان.. بیستراوەكانیش بكەین بە بینراوو بیستراو.

تاوەكو بەشە شاراوەكانی نمایش دیار بخات كە زمان بە وەزیفەی خۆی دەزانێت بۆ دامەزراندن، ئەو شێوە ئاخاوتنەی تیا بنیات دەنێت لەنێو چەمكی (دال) ی نمایش كە تیایدا بتوانێ ئاماژەكان بدۆزێتەوە، تاوەكو مەدلولەكانی دال بخوێنێتەوەو دال ئەو ڕووبەرە نەنووسراوە بنووسێتەوە، ئەوانەش واتە دال ومەدلول بەیەكەوە لەڕووبەرێكی نوێدا گوتاری خۆیانی ئاراستە



دەكەن، گوتارێك زمان سەربەخۆیی خۆی تیا دەسەپێنێت، بونیادی زمان بەسێ قۆناغ تێدەپەڕێت (سەرنج، گوتار، دەق) كە دیارە ڕەخنەی ئێمە زیاتر لەناو سەرنج ئیشی كردووە، ئێمە لێرەدا لەسەر هەریەك لەو قۆناغانەی ناو گوتاری ڕەخنەیی دێینە دوان و هەڵوەستەیان لەسەرئەكەین.

## دەسەڵات لە گوتاری ڕەخنەی شانۆییدا

نووسینی ڕەخنەی شانۆیی پێویستی بە مەعریفەو ڕۆشنبیریەكی فراوانی شانۆ و هونەرو زانستەكان هەیە، ئەو چاوگە ڕۆشنبیریە دەسەڵات لەگوتاری ڕەخنەدا دەپەڕێنێتەوە بۆ قۆناغەكان، بۆ ڕەهابوونی دەسەڵات میتۆدێك نیە توانای ئەوەی هەبێت گریمانی قۆناغی دەسەڵاتەكان بكات، بەڵكو دانانی بەو سێ قۆناغەش تەنها لەدیدێكی تایبەتمەندەوە پۆلینی دەكەین، دەكرێ لەنێو ئەو سێ دەسەڵاتەشدا بپەڕێتەوە.

ڕەخنە لەخاڵی ئەلفەوە لەسەرنجەوە دەست پێدەكات ئەوەشیان نابێت بە ڕەخنەی شانۆیی، بەڵكو سەرنجی ڕەخنەییە، چونكە ڕەخنەگر سەرنجە سەرەتاییەكانی خۆی تۆمار دەكات، لەبارەی ئەلف وبای جولەو چۆنیەتی ئاستی چێژی نواندن، لە فەلسەفەی نمایش قوولْ نابێتەوە، زۆرجار ئەو سەرنجانە لەووتارێكی چەپڵە ئامێزبوون خۆی دەبینێتەوە، ئەوەش بۆ ئاستی

نزیکایەتی لە پەیوەندیی کەسی دەگەڕێتەوە، یاخود بە پێچەوانەوە ووتارێکی سادەی دەرزی ئاسا ئاراستەی نمایشی شانۆیی دەکرێ، ئەوەش دیاردەیەکی باوی ناو ڕەخنەی شانۆییمانە، لەو کاتەدا سەرنجگر ئەکتەرێك تاوانبار دەکات کەبۆچی پشتی لە بینەرانە، یاخود لە جولەی دەرەکی کە بینەر بە ئاسانی لێی تێدەگات، بەردەوامیش ئەو نووسەری سەرنجانە دەیانەوێ بۆچوونێکی تەسکتر لە عەقلی خۆیان گریمانی ووتارەکەیان بکەن کە گوایە ڕەخنەی بنیاتنەریان نووسیوە.
لەدیدێکی تایبەتمەندەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە ڕەخنەیەك نیە پێی بووترێ ڕەخنەی بنیاتنەر و ڕەخنەی ڕووخێنەر، بەڵکو ئەوە ئاستی نمایشە وادەکات ڕەخنە بنیاتنەر بێت، بەهەمان شێوە نمایشێکی ئاست لاواز ڕەخنە بۆ دەرهێنەر دەبێت بە ڕەخنەی ڕووخێنەر، بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنە لای ئێمە لەسەرنج دەربازی نەبووە، ئەوە جگە لەچەند هەوڵێکی دەگمەنی ئەو بوارە نەبێت کە ئەوانیش لەبنەڕەتدا خۆیان خەریکی شانۆن و توانای ئەوەیان هەیە لەناو شانۆ بیربکەنەوە گوتارێك بنیات بنێن کە دەیالۆگکردن بێت لەنێوان نمایش و وەرگر.
ئەو نووسینانە کە شانۆکاران خۆیان دەینووسن بەمەبەستی دەیالۆگکردن و بنیاتنانی گوتارێك کە دەبێ بە کەناڵی پەیوەندی



نێوان شانۆکار و بینەر، دەبێتە پەڕینەوە لەقۆناغی ڕەخنە، پەڕینەوەیەك دابڕانە لە (سەرنج) ەوە دێتە نێو (دەسەڵاتی گوتار).
گوتار پەڕینەوەیە لە سەرنجەوە بۆ خولقاندنی دەسەڵاتی ڕەخنە کە لەتوانای دابێت کۆمەڵە پرسیارێك بەرهەم بێنێت لەئاستی بینین و بیستن، ئەو کاتە ڕەخنەگری (گوتاری ڕەخنە) ڕۆڵی بینەرێکی ئاسایی نابینێت، بەڵکو دەبێ بە ئامادەبوویەکی بە ئاگای نمایشەکە، کە بانگەشەی بەهای نمایش دەکات، دوای پرۆسە شانۆیەکە دەیەوێ نمایش لەگوتارێکی تایبەتمەندی ڕەخنەدا زیندوو بکاتەوە، چونکە بەپێی چەمکە بونیادگەریەکەی بارت هەموو ووتراوێك نەووتراوێك دەشارێتەوە، کەواتە ڕەخنە ڕۆڵی تەئویل کردنی ئەو نەوتراوانەیە لەنێو ئەبستیمێکی شانۆیی (مرۆڤ.. بوون.. سرووشت) دەخاتە نێو پانتاییەکی ئازادو گوتاریش بەرەو ئاخاوتن دەبات.
ئەو گوتارەی لە ئاخاوتنەوە خۆی بنیات دەنێت، نووسین لەو گوتارە دەبێ بە دالی ڕەخنە، فەرمانی نووسینەوەو داڕشتنەوەیەکی نوێ بەجێ دەگەیەنێت، دەیەوێ دەلالەتەکانی بۆ ئاشکرا بێت، تەنها زمانیشە دەتوانێ دەلالەتەکانی بۆ بدۆزێتەوە، هەر بەو شێوەیە زمان کۆمەڵە ئاماژەیەك دەدۆزێتەوە،

ئەو ئاماژانەی بەهەموویان بوونی گوتار پێکدێنن، لەکامل بوونی گوتار ڕەخنە دەیەوێ پانتایی نمایش فراوانتر بکات، بۆیە مەبەستیەتی لە گوتارەوە دەسەڵاتی خۆی بپەڕێنێتەوە کە لەو قۆناغەدا بە (دەقی ڕەخنەیی) پێناسی دەکەین، بە دەق بوونی ڕەخنە لە گوتاری ڕەخنەی شانۆییدا ئاستی بەرەو پێش چوونی دەست نیشان دەکرێت.

دەقی ڕەخنەیی بەرەنجامی ئەزموونی شانۆیی ئەلتەرناتیڤە وا دەکات ڕەخنە دەقێکی تایبەت بەخۆی بنیات بنێت وەك (دەقی نووسەر)و (دەقی نمایش) ئاواش ڕەخنە ببێت بە (دەقی ڕەخنە).

پارێزگاریکردن لەسەربەخۆیی ئەو دەقە گرنگیەکی تایبەتمەندی هەیە، توانایەك نەبێ لەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەریدا زاڵ بێت، بەڵکو ڕەخنەگر بتوانێ دەقێکی سەربەخۆ جیا لەدەقەکانیتر بنیات بنێت، ئەوەش ڕزگارکردنی ڕەخنەیە لە پەراوێزی دەق ونمایش بۆ بوونی بە دەقی سەربەخۆ.

دەقی ڕەخنەیی نووسینەوەی دەقی نووسراوی نووسەرە لەڕێگەی تەئویل کردنەوەی زمان، بەرهەم هێنانێکی تری دەرهێنانی شانۆییە، ئەوەش ڕەهابوونی گوتاری باوی تێکشکاندووە، واتە خۆی ڕزگار کردووە لە (ئاگایی) و (نەست) ی بۆ تەرخان کردووە، نەست دەبێ بە ڕابەرو داینەمۆی ئەو



دەقە، چونکە (سەرنج/ گوتار) لە ئاگایی من وەك تاکێك دەیانەوێ ڕەخنە بنیات بنێن، هەرچی دەقە دەیەوێ (ئاگایی من) بکات (نەستی کۆمەڵی) ئەوەش ئاگایی کولتووریی ڕەخنەگر دیار دەکات و وادەکات نرخ بۆ نووسین و ڕەخنەکانی دابنێین، چونکە کێشەی بەرهەم هێنانی مەعریفەی شانۆیی هەیە، لەساتی بەرهەم هێنانی ڕەخنە هەستی پێناکات، ئەو کات ئەو تەنها ڕەخنەیەك بەرهەم دێنێ، کە لە گوتارەوە پەڕیوەتەوە بۆ دەق، دامەزراندنی دەقی ڕەخنەیی مردنی ووتاری ڕەخنەی ڕابردوو ئاشکرا دەکات، مەرگی ووتارە باوەکان کە تەنها سەرنجی بینەر بووە نەك تێڕوانینی ڕەخنەیی بن، ئەو نووسینەوە نوێیەی ڕەخنە هەموویان وەلا دەنێ و لەو دەقەوە کار بۆ گوتاری ڕەخنە دەکات، کە گوتارەکەش دواتر بەهۆی سیاقی نمایش دەیگەیەنێ بەو پانتاییە ئەفسووناویە کە یەکەمجار ڕووبەرووی دەبینەوە، ئەویش پانتاییە شاراوەکانی دەقی ڕەخنەییە، کە کۆمەڵە بونیادێکی بەیەکەوە بەستۆتەوە، پەیوەندی نێوان گوتارو دەق پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕە لەسەر بەخشینی مەعریفە بەیەکتری، ئەوەش نووسینەوەی دەقی ڕەخنەییە، دەقێك کە دەبێتەوە بە گوتاری ڕەخنە، بەواتای گوتاری ڕەخنەی شانۆی کوردی بریتی

دەبێت لەدەقی ڕەخنەی شانۆییمان، ئەوەش لەنووسینەوەی گوتاری ڕەخنەو بەرهەم هێنانەوەی ڕەخنەیە وەکو دەق.

## نووسینەوەی ڕەخنەی شانۆیی

خاڵی شکست لەو ووتارە ڕەخنەییانەی ناو ڕەخنەی شانۆییمان نەبوونی پرسیارە، بەوەی نەیتوانیووە ئەو دەستەواژانەی لەناو نووسین دەیڵێت بیسەلمێنێت، دواتر پێویستە لەتێگەیشتنمان بۆ ئەو هەموو سەرنجە سادانەو بوونی گوتارێکی ڕەخنەیی نائامادە پرسیاری ئەوە بکەین: ئایا ڕەخنەی شانۆیی گوتارێکی زانستی تایبەتمەندە بە شانۆ؟ یاخود دەقێکی دیاری کراوە و دەشێ بە دەقی ڕەخنە ناوی بەرین؟ ئەوەی دواتریان هەرگیز ڕەخنەی شانۆی ئێمە نەیتوانیووە بیری لێ بکاتەوە، دیارە کاتێ سەیری ئەو ووتارانە دەکەین دەبینین ئەو ڕەخنەیە خاوەنی گوتارێکی زانستی شانۆیی نیە، چونکە خوێندنەوەی "پرۆسەی داڕشتنەوە، چارەسەری دەرهێنان، سینۆگرافیا، نواندن، دەلالەتەکانی دەق" نەبووە، بەڵکو وەك سەرەتا ووتمان سەرنجی بینەرن.. نەك ڕەخنەگری شانۆیی، ئەوەش حالەتێکی سوونەتی لای بەشێکی ئەو دەرهێنەرە شانۆییانە خولقاندووە، ئەو دەرهێنەرانەی خاوەنی ئاگاییەکی شانۆیی نین، هەر بۆیە بەرامبەر ووتارێکی ڕەخنەیی زوو هەڵدەچن گوایە ئەوە ڕەخنە



نیە، بەبۆچوونی ئەو دەرهێنەرانە دەبێ ڕەخنە سەرنجەکانی بینەر بخاتە ڕوو.

پرسیارەکەی ئێمە لێرەوە دەست پێدەکات: ئەوانەی بینەر دەیانبینێت چ پێویست دەکات ڕەخنەگر جاریکیتر دەریبخاتەوە؟ پێویستە ڕەخنەگر بەدوای کۆدە شاراوەکانی نمایش بگەڕێت وپرسیارە نهێنیەکان بخاتە ڕوو، مەبەستی فکریی دەرهێنەر لەپشت وێنەی شانۆیی دەربخات، بەڵام ئامادە نەبوونی پرۆسەی گەڕان لای ڕەخنەگر دەیکەن بە کوێرێك تەنهابەچاوی نابینایەکەوە دەیەوێ ڕوناکی ببینێت، بەڵام ئەو نابینێ.. چونکە کوێرە.

ئەو کاتانەی ڕەخنەگر بۆمان دەسەپێنێ کە ئەو ڕەخنەگر نیە، بەڵکو تەنها بینەرێکە، لەبەرەنجامی چێژی خودیی پەنای بۆ ڕەخنە بردووە، لەپشت ڕەخنەوە دەیەوێ ناشانۆکاریی خۆی بشارێتەوە، گرۆتۆفسکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەوانەی ئەکتەری خراپن دەبنە دەرهێنەرن دەرهێنەرە سەرنەکەوتووەکانیش پەنا دەبەنە بەر ڕەخنە.

ئەو تێگەیشتنە دەسەپێتە سەر زۆر دەرهێنەرو ڕەخنەگرانی ئێمە، کە پێشتر نەیانتوانیووە ببنە ئەکتەری سەرکەوتوو بوونەتە

دەرهێنەر، کە لەوێش هیچیان پێناکرێ ناوی ڕەخنەگر لەخۆیان دەنێن.

ئەو دۆخە نەیهێشتووە ڕەخنەگر بێتە پێشەوە، چونکە مەعریفەیەکی تۆکمە نەبووە بۆ ڕەخنە هێندەی ئارەزووکردن لە دۆزینەوەی پیشەکە کردوویانیەتی بە ڕەخنەگر، ئەوەش زیاتر کاری ئەرشیفی بۆ بەئەنجام گەیاندوون نەوەك بنیاتنانی دەقی ڕەخنەیی، بەهۆی ئەوەی نەتوانای ئەوەی هەیە گوتارێکی زانستیی لە شانۆدا بەرهەم بێنێت، نە توانای ئەوەشی هەیە ڕەخنە بۆ ئەو ببێت دامەزراندنی (دەقی ڕەخنەیی) بۆ ئەوەی گوتارێکی زانستی بنیات بنێن و ببینە خاوەنی دەقی ڕەخنەیی دەبێت ڕەخنەگر سەرباری تێگەیشتنێکی فراوانی بۆ شانۆو زانستە مرۆییەکان کە بۆ ڕەخنەی نوێ سوودمەند ئەبێت لێی، دەبێت میتۆدیانە ڕەخنە بنووسێت نەوەك ئارەزووی خودی بسەپێنێتە سەر ڕەخنە، چونکە نووسینەوەی دەقی ڕەخنە.. نووسینەوەیەکی هۆشمەندانەیە بۆ تێکستی شانۆگەریی و گوتاری نمایش، کە بە پرۆسەی نووسینەوەی دەق دەست پێدەکات، تا دەگاتە گوتاری بینین لە نمایش، ئەوەش نووسینەوەی دەلالەتەکانی نمایش و کۆدەکان و ئاماژە دەرنەخراوەکان و تێگەیشتن لە چەمکی بینین و بیستنە،



لەوێشەوە بەرەو نووسینەوەی پرۆژەی نواندن و یەکخستنی لە کردەی دەرهێنان بەدوای هەڵوەشاندنەوەو تەئویل کردنەوەی سەر لەنوێ ئەو پەیوەندیانە ڕێکدەخاتەوە، چونکە نووسینەوەی دەقی ڕەخنەیی هەڵوەشاندنەوەی نمایشە، بۆ ئاشکرا کردنی ڕووە شاراوەکان، تاوەکو ئەودیوی کردەی دەرهێنان ببینرێ، بەدوای ئاشکرا بوونی بەشە شاراوەکان ئەوسا ڕەخنەگر ئەو بەشە هەڵوەشاوانە جارێکیتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەو بنیاتنانەوەی نمایش پرسیاری ڕەخنەیی ئاراستە دەکات.

لەڕێگەی ئەو زمانە تایبەتمەندەی خۆی وەك هەر دەقێك کە خاوەنی سیستمێکی تایبەتمەندە کۆمەڵە بونیادێك پێکدەهێنێ ئەویش "دەق، دەرهێنان، نواندن، سینۆگرافیا" پێکهاتەی گوتاری دەقی ڕەخنەیین، ئەوسا ڕەخنە ناو دەبەین بە دەقی ڕەخنەیی.

لەکۆتایدا با لەناو تێکستی دەقی ڕەخنەیی پەیوەندیی نێوان ڕەخنەگر ونمایش بە پەیوەندیی پرۆسەی سێکسی بشوبهێنین، پەیوەندیەك خاڵی نەبێت لە عەشق، بەڵکو پەیوەندی ڕەخنەگر بە نمایش دەبێ ئاوێتە بوونی عەشق بۆ توانەوە وبەرهەم هێنان، ئاوێتە بوونەکە ئەنجامی فاکتەری سێکسیە کە لەیەکەیەکی

تەئویلکاری دەیانتوێنێتەوە، بۆ بونیادێکی تازە کە بەرهەم وڕەنجی ئەو عەشقە بێت، نووسەری دەقی ڕەخنەیی ڕۆڵی نێرینە دەبینێ ونمایشە شانۆییەکەش دەبێ بە مێینە، ئەگەر ئەندامی سێکسی پیاو نەبێت بۆ نێرایەتی نواندن لەو پڕۆسەیە، ئەوا پڕۆژەکە بە ئەنجام ناگات ناتوانێ بە باڵا بوونی بسەپێنێت. (٧)
بۆیە قەڵەم کە بە مەبەستی نووسینەوەی دەق بەکار دێت، دەبێ بە ئەندامی سێکسی پیاو، لێرەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە نێرینە لە گوتاری ڕەخنەی شانۆی کوردی خەسێنراو بووە یا توانای ڕاپەڕاندنی کاری سێکسی نەبووە، بۆیە دەق ئاراستەی گوتارەکەی وون کردووە.
ئەو کاتانەی قەڵەم مرخی لە نمایش خۆش کرد واتە حەزێکی غەریزەیی هەیە پاڵ بە نێرینە (ڕەخنەگر) ەوە دەنێ بۆ کردەیەکی سێکسی (دوان لەسەر نمایش) کە دیارە لەو پڕۆسەیەدا هەردوو ڕەگەزەکە نێرومێ (ڕەخنەگر/ نمایش) پێویستیان بەیەکتریی هەیە بۆ خوڵقاندن و ژیانەوە، ژیانەوە مەبەست لە چالاکی جەستەیە بۆ لەکار نەکەوتن (پێشکەوتنی ئاستی شانۆ) خوڵقاندنیش مەبەست لە بەرهەمێکە کە پڕۆسە سێکسیەکە بەرهەمی دێنێ، ئەویش دواتر منداڵێک دێنێتە بوون (دەقی ڕەخنە)



ئەو منداڵە بەرنجامی تۆ سپێرمەکانی نێرینەیە، مەبەست هەست کردنی ڕەخنەگرە بە ڕووە شاراوەکانی نمایشە شانۆییەکە، کە بەهۆی مومارەسەکردنی سێکسی تۆ سپێرمەکانی ڕژاندۆتە سەر هێلکەکانی مێینە (خوڵقاندنی پرسیار لە نمایش) کێشی جەستەی زیاد دەکات و دەبێ بە هەڵگری گیانێکیتر کە دواتر لەناو خۆیدا ئەو گیانە گەورە دەبێ و بەسك پڕی و ئاوسی ناو دەبرێ کە ئەنجامی غەریزە سێکسیەکەیە، ئەو سێکساندنە وا لەو بوونە تازە دەکات کە بە کۆمەڵە قۆناغێك تێپەڕێت (تۆ، خوێن، گۆشت) تا دەبێ بە جەستەیەکی ئازاد، کاتێ ئەو قۆناغانەی تەواو کرد لەناو ڕەحمی مێینە (نمایش) دێتە دەرەوە (دەقی ڕەخنە).
بەڵام با ئەو پرسیارەش بکەین ئایا ئێمە ڕەخنەیەکمان هەیە بەناوی دەقی ڕەخنە یا ئەوەی هەمانە لەناو سەرنجی بینەر دەسووڕێتەوە؟ دیارە بەپێی ئەو چەمکە بۆ دەق نیمانە، ئەگەرچی لەڕێگەی نووسینی چەند شانۆکارێك ڕەخنە لە سەرنجەوە پەڕیوەتەوە بۆ گوتار، بەڵام تا ئەمڕۆ ڕەخنەیەکمان نیە لە پەراوێزی نمایش ڕزگاری بووبێت و ناوی بنێین دەقی ڕەخنە.
لەڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوە هەوڵ ئەدەین لەسەر چەند نمایشێکی شانۆیی بووەستین، بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندیەك

لەتەك ئەم نمایشانە بخولّقێنین، ئەوەش بەرەنجامی چەند هەولّێکە بۆ بزووتنەوە شانۆییەکەمان، کە نمایشەکان سەر بەیەك قۆناغی دەست نیشان کراو نین، ئەگەرچی هەموویان بەدوای ڕاپەڕین نمایش کراون، واتە بەرهەمی ئەو دۆخەیە کە شانۆی ئێمە تووشی ئەو بێدەنگیە ترسناکە بۆتەوە.

ئەوەش مانای وانیە کە توانیبێتمان چەمکی گوتار لەناو ڕەخنە بنیات بنێین هێندەی مەبەستمان ئەوەیە نمایش بە دیدێکیتر بخوێنینەوە خوێندنەوەیەك بەرەنجامی تێگەیشتنی تایبەتمەندی ئێمە بێت بۆ ئەم نمایشانە، ئەوەش لە بۆچوونە ڕەخنەییەکەی ڕەخنەگری ئەمریکی هارۆلد بلۆم نزیکمان دەکاتەوە، کاتێ دەڵێت "من خراپ لە دەق دەگەم و خراپیش دەیخوێنمەوە" ستراتیژیی پشت چەمکی خراپ دەگەڕێتەوە بۆ خوڵقاندنی جیاوازی، گرنگە بۆ گوتارە ڕەخنەییەکەمان تێڕوانینی جیاوازمان بۆ نمایشەکان هەبێت. بۆ ئەوەی زیاتر ئاستی ئەو ڕەخنەیە دەست نیشان بکەین لێرەدا ئەو ڕەخنەیە لەلایان ڕەخنەگرەکانەوە پۆلین ئەکەین.

## پۆلینکردنی ڕەخنە لەگوتاری ڕەخنەی شانۆییماندا

بۆ ئەوەی دەست نیشانی ئەو گوتارە ڕەخنەییە بکەین لێرەدا پێویستمان بە پۆلین کردنی ڕەخنەگرانی بواری شانۆ دەبێت،



بەڵام پێش ئەوەی دەست نیشان ئەم کارە بکەین جارێکیتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە بوونی ڕەخنە بەبێ بوونی نمایشی هونەری بەرز کارێکی بێهودەیە، کاتێ شانۆ بوونی نەبوو ڕەخنە چۆن بێتە بوون، ڕەخنە کاتێ چالاك ئەبێت کە بزووتنەوەیەکی شانۆی هەمە ڕەنگ بوونی هەبێت، شانۆیەکمان هەبێت لەناو شێوازی جیاواز دەربکەوێت، تا ڕەخنەگر بتوانێ ئاستی ئەو بزووتنەوەیەمان پێ بڵێت، ئێمە ناتوانین بەبێ نمایش چاوەڕوانی ڕەخنە بین، ئەو کاتانەی نمایشی بەرز دەردەکەوێت مەعریفەی ڕەخنەگر ناگاتە ئاستی مەعریفەی نمایش ئەوەش وا دەکات ڕەخنە لەنێوان ستایش و سەرزەنشت کردن خۆی یەکلا بکاتەوە، چونکە ناتوانێك سێنتەری گوتاری نمایش هەڵوەشێنێتەوەو لەڕێگەی بونیادەوە سەرلەنوێ سیستمی ڕێکخەری نمایش بخوێنێتەوە، بۆیە ئەوانەی لەناو شانۆی ئێمە مومارەسەی ڕەخنە ئەکەن ناتوانن لەناو شانۆ بیر بکەنەوە، چونکە هەست بە ئامادەبوونی پرۆسە شانۆییەکە ناکەن، ڕەخنەگر پێویستە کارەکتەرێك بێت نووسین بەرهەمی بیرکردنەوە بێت لەناو شانۆ هەر بۆیە، ئەو ووتارە ڕەخنەییانەی توانیویانە لەناو شانۆ نزیك ببنەوە ئەوانە نووسیویانە کە خۆیان شانۆکار بوونە، لێرەدا ناتوانین ئاماژە بۆ ناوی هەر یەك لەوانە نەکەین

(دانارەئوف، دانا عەلی سەعید، حەمە سدیق، کاسترۆ مەجید، ئیسماعیل هەورامی، بورهان غەفور، کاردۆ محەمەد، فریاد ئەحمەد)

بەسەرنجمان لەسەر نووسینەکانی ئێستای دانا رەئوف کە زیاتر زمانێکی وەسفی بەسەر زمانە ڕەخنەییەکەی زاڵە، ئەوە لەکاتێکدا دانا یەکێکە لەو ڕەخنەگرانەی لە هەشتاکان توانی بنەمای زانستی بۆ ڕەخنەی شانۆییمان بنیات بنێت، هەروەها کەسانیتر هەیە زیاتر مۆرکێکی ڕۆژنامەنووسی بەسەر نووسین و ڕەخنەکانیانەوە دیارە کە ئەوانەش جۆرێك ڕەخنەن پێویستیەکی ناو گوتارە شانۆییەکەمانە دیارترین ئەو ناوانەش (کامەران سوبحان، شۆرش محەمەد حوسێن) لەپاڵ ئەوەشدا هەندێکیتر هەن ویستوویانە لەگەڵ تەوژمە جیاوازەکان بە دیدێکی تر بنووسن، لێرەدا ناوی (حەیدەر عەبدولرەحمان) م بیر دەکەوێتەوە کە کاریگەریەکی باشی هەبوو لەسەر هەوڵی گەنجانی شانۆکاری هەولێر بەدوای ناوەڕاستی نەوەدەکان توانی تاڕادەیەك ڕەخنە لەو هەوڵانە بگەیەنێتەوە نمایش، بەڵام کەسانیتر هەبوونە ناوی ڕەخنەگریان بەباڵا بڕاوە، بەڵام هێندەی تێگەیشتنی بەسەرچوو لەلایان ئامادەیی هەیە نەیانتوانیووە بەرەو نمایشەکان بکرێنەوە، (موحسین محەمەد) یەکێکە لەو ناوانە لەپشت



بەئەرشیفکردنەوە دەیەوێ مومارەسەی ڕەخنە بکات، دیارە ئەوە کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئەوانە نیە کە خەریکی کاری بیبلۆگرافیان، بەڵکو هەوڵ و ماندووبوونیان دەبێ بەرز بنرخێندرێت، بەڵام کاتێ ئەو هەوڵانە بە ڕەخنە ناو ببرێت لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك حوکمی ڕەها ئەدەن ئەوانە هێندەی وەك ڕۆژنامەنووسێك دەیانبینین پەیوەندیان بە ڕەخنەوە نیە، ڕەنگە لەڕۆژگارێکدا ڕەخنەگری سەردەمەکەی خۆیان بووبن بەهۆی ئەوەی ئاستی نمایشەکان هێندە سادە بووبن هەر ئەو ڕەخنەگرانەی بۆ بەرهەم هێنابێن، بەڵام ئەو ڕەخنەگرانە ناتوانن بێنە ناو سەدەی بیستەمەوە، ئەوە قسەیەکی (فۆکۆ) مان بیر دێنێتەوە کە لەبارەی مارکسەوە دەڵێت "ناتوانێ بێتە ناو ئەو سەدەیە، وەك ئەو ماسیەوایە لەدەریا دەری بکەیت دەخنکێت" ئەو ڕەخنەگرانەی ئێمەش بیانکەینە ناو سەدەی بیست و یەك تەنها ڕۆژنامەنووسێکی خراپیان لێ دەردەچێت، ئەو قسەیەمان بۆ (ئەحمەد ئابلاخی) ش هەر ڕاستە، جۆرێکی ترمان هەیە لەوانەی ناویان نراوە ڕەخنەگر (سەباح هورمز) ە، ئەو لەژێر کاریگەری ڕەخنەگرانی شانۆی عیراقیەوە دەنووسێت.

لێرەدا دەمەوێت لەسەر هەوڵی ئەو ڕەخنەگرە زیاتر بووەستم، "التقليدي واللا تقليدي في المسرح الكردي" ناونیشانی ئەو

کتێبە ڕەخنەییە سەبارەت بە شانۆی کوردی کە لە ٨٠ لاپەڕەی لەساڵی ١٩٩٣ لەلایان ڕەخنەگر سەباح هورمز بڵاوکراوەتەوە.

بەر لەتیشك خستنە سەر کتێبەکە دەمەوێ ئامەژە بۆ ئەوە بکەم کە ڕەخنەگر هەموو خولیاو ئاواتێکی ئەوەیە کتێبەکەی بگات بە کتێبە ڕەخنەییەکەی ڕەخنەگری عیراقی (عەواد عەلی) لەژێر ناوی (المـألوف واللامـألوف في المـسرح العراقـي) ئـەوەتا "المـألوف واللامـألوف" بـووە بـە "التقليـدي واللاتقليـدي" في المـسرح العراقي- ش بووە بە "في المسرح الكردي" جگە لەم نموونەیە چەند نموونەیەکیتر دواتر دەچینە سەری.

پاشان دێتە سەر چەند نمایشێك لە لاپەڕە ٧ دا "دەروازەیەك بۆ شانۆی کوردی" ڕەخنەگر نمایشەکانی هەولێر دەکاتە پێوانە بۆ شانۆی کوردی، لە "بینەری شانۆی کوردی" ئەو خاڵە بەتەواوی ڕەنگ دەداتەوە، ڕەخنەگر لەو دیدگایەوە دەڕوانێتە بینەری شانۆییمان کە ڕادەی ڕۆشنبیریی و هەستی هونەری لای بینەر وونە، ئەو بۆچوونە گەر پێوانە بێت بۆ بینەری شارێك، ئەوە هەرگیز ناکرێ بە پێوانە بۆ ڕەوتی شانۆییمان، باشترین بەڵگەش بەپێی ئارگۆمێنتەکانی هەشتاکان سەرسامی هونەرمەندانی عیراقی بووە لە فێستڤاڵی سێیەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لەوانە (محمود ابو العباس) لە دیدارێکدا دەڵێت "کۆڕە ڕەخنەیی



و لێکۆڵینەوەکانیش هەر هەموویان لەوەیان دڵنیا دەکردینەوە کە لەناو شاری سلێمانیدا ڕۆشنبیریەکی جۆراوجۆر و قووڵ لای لاوان وگەنجان وڕۆشنبیران دەربارەی بەهای شانۆ وڕۆشنبیریی هونەری هەیە" (٨)

لاپەڕە ٢٥ سەبارەت بەڕۆشنبیریی ئەکتەری کورد چەندان ناو ڕیز دەکات کە چۆن ئەکتەری کورد دەتوانێ لە شانۆیەکی ئاپیا تەمسیل بکات، یا شانۆیەکی ستانسلافسکی، یا وەك لەووتارەکەدا هاتووە "أو في المسرح بريخت التعليمي القائم على حفز ذهنية المتلقي أو غروتوفسكي أو بيتر بروك أو كوردن كريك أو مايرهولد أو غيرهم" (٩)

بەر لەهیچ ڕەخنەیك بۆ ئەو دێرەی دەڵێین شانۆی ستانسلافسکی پێچەوانەی ئەزموونی مایەر هۆڵد بوو کە پێویستە ڕەخنەگر شارەزای تەواوی لە ئەزموونەکان هەبێت، واتە ئەو ناوانەی ئەو هێناویەتی قۆناغی شانۆ سەپاندویەتی، هەموو ئەکتەرانی کورد هەوڵیانداوە لەسەر شێوازی شانۆی ستانسلافسکی دەربکەون، بەڵام تائێستا ئەزموونێکی وامان نەبووە بەو پێیەی ئاپیا بایەخی تیادا بەڕووناکی، ئەو ناوهێنانەش زیاتر بۆ قووڕس کردنی مەسەلەکانە دەنا ڕەخنەگر لەهەموو کەس باشتر دەزانێ تا هەشتاکان ئەکتەری کورد لە پەیمانگە هونەریەکان نەیان

خوێندوه، یاخود تائەمڕۆ ئەو ئەکتەرە کێشەی زمانەکانی هەیە، چونکە کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی شانۆییمان نەبووە، بۆیە ئەوەتە بەشێك لە دەرهێنەرەکان شارەزای شێوازە دەرهێنانیە نوێیەکان نین، تا ئەکتەرەکان مەحکوم بکەین.

لەنووسینێك بەسەر دێری (ڕەخنەی شانۆیی) هاتووە "ڕەخنە تێڕوانینی کارێکی داهێنەرانەیە" بەڵام ئەم تێڕوانین وکارە داهێنەرانەیە لە ووتارە ڕەخنەییەکاندا بەرچاو ناکەن، ئەو هەوڵە سوونەتیانەی دراوە وەك ڕەخنەگر ئاماژەی بۆ دەکات پێویستە بە شیکردنەوەو ئارگۆمێنتی ڕەخنەیی بسەلمێنێ نەوەکو بەناو ڕیز کردن، دواتر دێتە سەر ٩ نمایشی شانۆیی وهەر لەسەرەتاوە باس لەهەوڵە ئەزموونکاریەکانی شانۆکاران شەماڵ عومەر ئەحمەد سالار دەکات، لەگەڵ ئەوەی هیچ نووسینێکی لەسەر هەوڵەکانی ئەم دوو شانۆکارە نەنوسیووە، جگە لەناو هێنانی بەرهەمەکانیان، ئەوەش بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە نەیتوانیووە ئەم نمایشانە بخوێنێتەوە.

ڕەخنەگر وەك خۆی زۆرجار ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەو زمانی کوردی نازانێت، بۆیە دەبێ پرسیاری ئەوەی لێ بکەین: چۆن لەسەر شانۆگەریەك دەنووسرێ کە لەزمانی شانۆکەی نەگەین؟ ئاخۆ دەبێ ڕەخنەگر چ لەچیرۆکە کەلەپووریەکەی خەج



و سیامەند و شانۆگەری (لەچاوەڕوانی سیامەند) گەیشتبێت، لەلاپەڕە ٤٢ دەگەینە ئەو باوەڕەی کە ئەو لەزمانی نمایشەکەو لە وێنە شانۆییەکانیش نەگەیشتووە، سەرەڕای ئەوەی نەیتوانیووە تێڕوانینی ڕەخنەیی خۆی دەست نیشان بکات، کاتێ دێتە سەر مۆسیقای نمایشەکەش گوایە بەجیاواز لەهەموو ڕەخنەگرانی تر ئەو لەگەڵ ئەو سەمفۆنیا جیهانیە کۆکە، بەڵام ناتوانێ دەست نیشانی ئەو هاوڕابوونەی بکات.

دواتر دێتە سەر "گەشتەکەی حەسەن" ی کامەران ڕەئووف، ووتەیەکی ڕەخنەگر عەواد عەلی دووبارە دەکاتەوە، بێئەوەی ئاماژە بەسەرچاوەکەی بکات، سەرەڕای ئەوەی خۆی دەخاتە هەڵەیەکی هونەری و دەخرێتە بازنەی ڕەخنەوە، عەواد لەنووسینێکدا سەبارەت بە "خەمەکانی لێبووکی سێرك" نووسیویەتی دەڵێت "سبق أن طرحة أرنست همنغواي في رواية الشيخ و البحر ومفادها أن الانسان قد يقهر ولكنة لايهزم" کەچی ئەم دێرە لە لاپەڕە ٥٢ ی کتێبەکەی سەباح هورمز دووبارە دەبێتەوەو دەڵێت "ئەم بیرۆکەیە دەسەپێتە سەر حەسەنی لێبووك، عەلی کەشتیەوان، سەلامی کەمانجەژەن، برایمە شێت" گەر وابێ دەبێت کامەران ڕەئووف لەو کارەیدا لەچوارچێوەی بازنەیەکی دەست نیشان کراو سووڕابێتەوە، بۆ سەلماندنی ئەم

قسەیەشمان دەکریٚ خویٚنەر بگەڕیٚتەوە بۆ لیٚبووکەکەی زامفیٚر و دەقـــی ســـیناریۆکە (١٠) و نووســـینەکەی عـــەواد، ئەوســـا لیٚبووکەکـــەی زامفیٚـــرو کارەکتـــەرەکانی کامـــەران لەیـــەك جیـــا بکاتـــەوە، ئـــەوەش خـــالٚیٚکیترە بـــۆ ئـــەو خولیـــاو کاریگەرییـــەی کتیٚبەکـــەی عـــەواد عـــەلی بەســـەر ســـەباح هـــورمزەوە، تەنانـــەت لـــە لاپـــەڕە ٣١ کـــاتیٚ دیٚتـــە ســـەر نمایـــشەکانی شـــەمالٚ عومـــەر –تـــەنیا وەك ناوهیٚنـــان– نـــاتوانیٚ دیٚریٚکـــی خـــۆی ســـەبارەت بـــە شـــانۆی ویٚنـــەیی بنووســـیٚت، لـــەویٚش هـــەمان ووتەکـــەی عـــەواد دووبـــارە دەکاتـــەوە، گـــەرچـــی لـــەویٚ ئامـــاژە بـــۆ سەرچاوەکەی دەکـات. ئـەم خستنە ڕووە بۆ ئەو کتیٚبە نموونەیـەکی دیـاری چـەمکی گووتـارە لەڕەخنـەی شـانۆییماندا بـەوەی ڕەخنـە لـەناو تیٚبینـی ڕووکەشـە دەربازی نەبووە.

بـەدوای ئـەو دەسپیٚکە لەئیٚستادا دەمانـەویٚ لەچـەند نمایـشیٚکی شانۆیی ببیٚنە دوان هەورەها لەئاستی دەق و هـەروەها قسەکردن لەکۆنفرانـسیٚکی شـانۆیی دەکەینـە بابەتـە سـەرەکیەکانی ئـەم کتیٚبـــەمان بـــەهیوای ئـــەوەی بتـــوانین لەئاســـتی بزووتنـــەوە شانۆییەکەمان گفتوگۆیەك بۆ نمایشەکان بخولٚقیٚنینز

١٧ ی ئابی ٢٠٠٩

کەرکوك



ئاماژەکان:

١ ئەوانەی لەو بوارەدا لەسەر شانۆگەریەکانیان نووسیوەو توانیویانە زەمەنی نمایش بخویٚننەوە بریتی نین لەو نووسەرانەی ناوی ڕەخنەگریان بەبالاٚ بڕاوە بەلٚکو ئەو شانۆکارانەن کە ڕەخنە وەك بەشیٚك لە ئیلتیزامی ئەخلاقی لەبەرامبەر شانۆ سەیر دەکەن.

٢ ئەگەرچی دانا رەئوف تەنها یەك دەقی شانۆیی نووسیوە (ئەفسانەی ڕیٚگای هات ونەهات) گۆڤاری ئەزموون ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩١ بەلاٚم خۆی وەك پڕۆژەی دەقیٚك ناوی دەبات، پڕۆژەیەك توانای بەرهەم هیٚنانەوەی دەلالەتی سیمیۆلۆژی هەیە، ئەو بەو دەقە توانی ناوی خۆی بخاتە سەر ئەوانەی توانیویانە دەق بە شیٚوەیەك بنووسن کە لەناو شانۆ بیردەکەنەوە.

٣ سەبارەت بەو چەمکەی کریستیفا و تیٚگەیشتن لە بنەما تیۆریەکانی سیمیۆلۆژیا، دەکریٚ خویٚنەر بۆ ئەو کتیٚبە بگەڕیٚتەوە: رەخنەگرتن لە مۆدیٚرنیتی/ نیهاد جامی، سەنتەری روناکبیری هەتاو (هەولیٚر) ٢٠٠٦

٤ یەکیٚك لەو نووسینە دەگمەنانە خویٚندنەوەیەکی پراکتیکیە بەناوی:

خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژی بۆ نمایشی عەبا/ ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، گۆڤاری رامان ژمارە ()

٥ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی دەق مانای ڕەتکردنەوەی نیە هێندەی مانایەکی بونیادگەریانەی هەیە بەوەی نووسەر چاوگەی سەرەکی نیە هێندەی ئەوە خوێنەرە خاون دەسەڵات و چۆنیەتی تەئویلی دەکەوێتە ئەستۆ

٦ ئامادەبوونی هەڵوێست لایەنگیری کردن نیە لە بابەتی کۆمەڵایەتی بەڵکو ئامادەبوونی زمانە لەناو گوتاری ڕەخنەییدا

٧ ئەوەش بەپێی تێگەیشتنی فرۆید بۆ چەمکی چێژ

٨ پاشکۆی عیراق، ژمارە (٣٣) ٢٧/٤/١٩٨٨

٩ التقلیدی واللاتقلیدی فی المسرح الکردی/ صباح هرمز، ستوکهولم ١٩٩٣، ص٢٥

١٠ أحزان المهرج السیرك/ میهای زامفیر، ترجمة (د.صلاح القصب) مجلة أسفار، العدد (١) بغداد/١٩٨٥



شانۆی سالار

# ئاگایی ڕەخنەیی و زەمەنی ڕابردوو

شانۆی سالار پرۆسەیەکی بزۆزو بەردەوامی ناو ئەو نەخشە گرنگەی بزووتنەوەی شانۆییمانە، شانۆیەکە لەهەوڵ وتەقەللایەکی جیاوازە بۆ خوێندنەوەی گوتاری نمایشی شانۆیی، لەو نێوەندە شانۆکار ئەحمەد سالار دەیەوێت کەلەپوور بکاتە بنەمایەکی سەرەکی و پتەو لەنمایشی شانۆیی، ئەگەرچی ئەوە دەرفەتی بۆ زۆر کاراکتەری نائەکتیف کردەوە کە شانۆ بکەنە مۆزەخانەیەك بۆ نمایش کردنی ڕابردوو، بەتایبەت بەشێك لەو دەرهێنەرانەی ویستیان لەناو دەقەکانی ئەحمەد سالاردا ئەو گەمە هەڵخەڵەتێنەرە بەناوی ڕەسەنایەتی بکەن.

هەڵبەت بۆ دوان لەهەوڵ وتەقەللای شانۆی سالار پڕۆژەیەك نیە بۆ ناوبردنی بە بنەماو خاسیەتی شانۆیەکی سەربەخۆ، هێندەی دەست نیشان کردنی هەوڵێکی تایبەتمەندی ئەو هونەرمەندەیە لەبواری شانۆدا، کە یەکێك لەجوانیەکانی ئەو هەوڵە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو هەنگاوە لەکاری کەس ناچێت، بەڵکو بەرەنجامی شەونخونی خۆیەتی لەشانۆدا، بۆ ئەوەی ئەوەش بسەلمێنین ئێمە لەو خوێندنەوە سەرەتاییەوە دەمانەوێ دەرگایەکی ڕەخنەیی بەرەو ڕووی تێکستەکانی ئەو شانۆکارە بکەینەوە، ئەوەش لەسەر سووربوون و بڕوا بوونمان بەو ڕاستیەی کە ئەوەی دەتوانێ گفتوگۆ بخوڵقێنێت ئەوە ستایش نیە، بەڵکو گفتوگۆی ڕەخنەییە لەبارەی شانۆگەریەکانەوە.

دیارە قسەکردن لەسەر شانۆی سالار بەهۆی ئەوەی قسەکردنە لەسەر تێکستەکان، ئەو تێکستانەش پلانی سەرەکی ناو شانۆگەریەکانن، بۆیە هەر قسەکردنێك لەسەر تێکست لەڕاستیدا دووانە لەناو خاسیەتەکانی



ئەم شانۆیە، ئەگەرچی ئەو نووسینە جگە لەهەوڵێکی بەرایی نەیتوانیووە توێژینەوەیەکی قووڵ لەو بارەیە ئەنجام بدات، بەهیوای ئەوەی بتوانین ئەو نووسینە ببێت بە پێشەکی پڕۆژەیەکی فراوان بۆ داهاتوو.

لەنێوان (مێژوو) و(ئاهەنگ) دا ڕابردوویەك هەیە خاوەنی کولتورێکی دەوڵەمەندە، هەر لەو سەرەتایەی کە شانۆ دەبێ بە ڕووبەرێك بۆ لەدایك بوونی مێژووی هونەرێکی نوێ، تا تێپەڕین بەناو ئەو ڕەوتە جیاوازانەی شانۆی ئەرستۆیی، بە تیۆریی نامۆ کردنی مێژوو لای برێخت ئیدی ڕەوتە جیاوازەکانی شانۆ مێژوو دەباتە ناو سیاقێکی جیاواز، ئەوەش بۆ شانۆی عەرەبی بوو بەزەمینەی لەدایکبوونی ئاهەنگی شانۆیی.

هەموو ئەو ڕابردووە دەبێ بە کولتورێك بۆ شانۆکاری کورد ئەحمەد سالار تاوەکو چەمکێکی تر بە ئاهەنگ بدات لەناو مێژوودا، بەڵام ئایا مێژوو لای ئەو شانۆکارە دەبێ بە خوڵقاندنەوەی زەمەنێکی جیاواز یان گەڕانەوەیە بۆ ناو گریمانە مێژووییەکان؟ ئایا نووسین

توانیویەتی دابڕانێك لەنێوان خۆی ومێژوو درووست بكات؟ بەمانایەكیتر نووسین تاچەند دەتوانێ زمانی گێڕانەوە بكات بە بونیادێك بۆدامەزراندنی گوتار؟

ئێمە لێرەدا نووسین بەدوو قۆناغ ناو دەبەین (گوتاری مانەوە)و (گوتاری گۆڕان) بەڵام بەر لەوەی ئاماژە بەو زەمینەیە بدەین كە خەون بینینی سالار لەو پڕۆژەیە دەبێت بە خولیای قووڵبوونەوە لەناو ئەو تێگەیشتنەی بۆ شانۆ هەیەتی، پێویستە ئەوە دەست نیشان بكەین كە نووسین نابێتە جۆرێك لەمانا، بەڵكو بە پێچەوانەوە نووسین لەبێماناییەوە گەشە دەكات وبەدوای مانادا دەگەڕێت، مانای نووسین هەر لەسەرەتاوە خولقاندنی دەقی مردووە، ئەوە بێماناییە لەناو نووسین وامان لێدەكات تەنیا لەدەقی كراوەدا بەدوای مانادا بگەڕێین.

(دلدارانی باران)و (وانەی ڕەشبەڵەك) زەمینەیەك بوو بۆ ئاهەنگی شانۆیی، ئەگەرچی نەیتوانی لەشانۆی شیعری دەربازی بێت و وەكو هەوڵدانێك مایەوە كە پێویستی بەڕێنمایی هەبوو بۆ تێگەیشتن، شانۆی ئاهەنگسازی



مەغریبیش وەك پڕۆسەی ناونان ئەو شانۆیە بوو سەرەتا بۆ خۆداڵدەدان دەبوو بچێتە ژێریەوە، تا لە (نالی وخەونێكی ئەرخەوانی) بكەوێتە سەمایەك لەبەردەم ئەو بارانەدا، كە پێویستی بەهەوڵەكانی ئەو شانۆ عەرەبیە نەبێت، بۆیە لەو سەرەتایەی چوونە نێو چەمكی ئاهەنگی شانۆیی، زەمەنی نووسینەوەی مێژوو دەوەستێنێ، بەوەی نابێ شانۆكاری كورد مێژوونووس بێت، بەڵكو دەبێ بەرهەم هێنەرەوەی دەق بێت، كاری ئەو دەبێتە زیندووكردنەوەی زەمەنێك لەنێو ساتی دۆزینەوەی بۆشایی، بەوەش كەلەپوور لەزەمەنی ئەنتۆگرافی هەڵدەوەشێنێتەوە ولەناو نووسین هەوڵی نووسینەوەی دەدات، بۆیە خولقاندنی ئەو سرووتە شانۆییە لەناو هەنووكەدا دەچێتەوە ڕابردوو.

دیارە لێرەدا پرسیارەكەش جیاوازە لەو پرسیارەی برێخت ئاراستەی شانۆ و ئەكتەرەكانی دەكات "ئەگەر ئێوە لەشوێنی كەسایەتیەكە بان چۆن ڕەفتارتان دەكرد؟" سالار دەیەوێ ئەو پرسیارە بگۆڕێت وپێمان

بلێت "دەبێ لەزەمەنی ئێمەدا نالی عەشق وئەوین بۆ حەبیبە لەخەونێکی هاوچەرخانەدا بەئەرخەوانی بکات" ئەوەی ئەو لەمێژوو وەریدەگرێت (زەمەنی ڕووداوە)ە، بەهۆی (زەمەنی ئێستا)وە هارمۆنیەتێکی زەمەنی دروست دەکات، ئەوەش سرووتی ئەو ئاهەنگە شانۆییە کە (گۆچان.. دەف.. داری عود.. گۆرانی.. ئاوازو مۆسیقا) دەگەڕێتەوە نێو دەق، هەروەك چۆن دەسەبەرداری تەکنیکی شانۆی یۆنانی نابێت لەڕووی (گێڕانەوەی ڕووداو) لەڕێگەی کۆڕس، لەپاڵ گێڕەرەوە کە لەدەربڕینی دەیالۆگ بۆ دوانیان لەگەڵ نالی دەیانەوێ بەرەو مێژوو گەشتمان پێبکەن.

ئەگەرچی لەو دەقەدا گێڕانەوە دەبێ بە کەلێنێك کە نایەڵن چەمکی ئاهەنگ لەشێوەی بەرامبەر وەربگیرێت، دوور نیە ئەوەش کارێکی بە ئەنقەست بێت وسالار بیەوێ بیکات، ئەوەش بنەمای ئەو تەکنیکەیە، نەك سالار بەڵکو ئاهەنگسازە عەرەبیەکانیش دەسبەرداری نەبوونە، ئەگەرچی گێڕانەوە لەشانۆی سالاردا خەونێکە



خوێندکارەکان لەوانەیەکی قوتابخانە دەینوێنن، بۆیە لە (نالی وخەونێکی ئەرخەوانی) بەرەو ئەزموونێك دەڕوات، سەرەتایەکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك کە تەنها عەشقێکی مەحوییانە توانای هەیە بە شاڕێگەکانی بگەیەنێت.

چەمکی ئاهەنگ لە (کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ) پەیوەندی ئەکتەرو وەرگر دەکات بەهاوکێشەیەکی سەرەکی بنیاتنانی گوتاری دەق، بەوەش تیۆری نامۆبوون لەو مانا شێوێنراوەی دەردەکات، کە پێش ئەو دەقە بەهەڵە ڕاڤە دەکرا، بۆیە سالار لەو دەقەدا دەیەوێ تیۆری نامۆبوونی بریێخت بۆ شانۆکاری کورد ڕۆشن بکاتەوە، ئەگەر لەخەونەکەی نالی وموفرەدەکانی ئاهەنگ ڕووبەرووی هەژاری دەبنەوە، ئەوا لەو کاتەی هەڵۆ بەرز ئەفڕێ موفرەدەکان لەو هەژاریە ڕزگاریان دەبێت، بەوەش توانای دەسەڵاتی ئەکتەر زیاتر دەسەپێ بۆ گوزارشت کردن لە ئاماژەکان وسەرباری بوار فراوانیەك بۆ خوێندنەوەی وەرگر فەراهەم دەکرێت، بەڵام ئەوەی تووشی ڕاچەنینی خێرامان بکات، تەوزیف نەکردنی

بەشێك لە گۆرانیەكان و هەندێك لەشیعرەكانە، ئەوەش (گۆرانی ورووداو) دەكات بەدوو وێنەی (بینراو/ بیستراو) ی هاودژ.

نووسەر مەبەستیەتی شوناسێكی كوردی بە شانۆكەی ببەخشێت، هەرجارەی بەشێوەیەك دەیەوێ گوتارێكی مێژوویی فیكری نیشان بدات، ئەگەرچی فۆڕمی ئاهەنگ شێوەیەكی ڕەهای لەخۆ گرتووە، بەڵام ئەوەی لە (جزیری وانەی ئەڤین دا دەدات) مەبەست لەدرووست كردنی پەیوەندیەكە لەنێوان نەورۆز وەكو جەژنێكی نەتەوەیی و جزیری وەك ئاماژەیەك، ئەگەرچی ئەو دەقەش وەك دوانەكەی پێش خۆی چەمكی ئاهەنگ باڵی بەسەردا كێشاوە، بەڵام لەو دەقەدا ئەوەی فەزای گشتی داگیر دەكات ڕووداوی درامیە لەڕێگەی فكری ئاهەنگ.

بەوەش لە جزیریدا دەیەوێ بۆ خۆ دووبارە نەكردنەوە وگۆڕین تەكنیكی شێوەی ئاهەنگ، لەئاهەنگی مەغریبیەكانەوە سوودمەند بێت، هەرچەندە تەكنیكی ئاهەنگ لە جزیری ئاهەنگسازی مەغریبی نیە، بەڵكو



ویستوویەتی لەنێوان دوو ئەزموونەكەی پێشووی خۆی (نالی وهەڵۆ) وئاهەنگسازی مەغریبی ڕێگایەكی تر بدۆزێتەوە، چونكە سالار دەزانێت زەمەنی نووسین نابێت زەمەنی مێژوو بێت، بۆیە ئەو دیدە سەلەفیە ناتوانێت زەمەنی نووسینی ئەو زەمەنە هەنووكەییەی هەڵگری پرسیاری ئێستامانە وسەلەفی لێی ناگات.

بۆیە خوازیاری ئەوەیە شانۆی سالار لەهێڵی مێژوویی لانەدات، بەدڵنیاییەوە ئەوەش دیدێكی نێو یادەوەریەكی تاریكەو سالار نایەتە ژێر باریەوە، چونكە دەزانێت تازەگەری نووسینەوەی ڕابردوو نیە، بەڵكو ڕابردوو لەزەمەنی ئەودا كەناڵێكە بۆ پەیوەندی كردن بە ئێستاو دۆزینەوە بۆ ئایندەیە، لەوەشدا دڵنیامان دەكات ئەو دەقێكی تر بەرهەم ناهێنێت، ئەگەر نەزانێ لەمەداری دەقی پێشوو دەردەچێت.

ترۆپكی ئەزموونی سالار لەدوا دەقی ئەم قۆناغەیدا دەردەكەوێت (گریمان نالی هاتەوە.. كێشەی چوون و نەچوون) ئەوەش دەرخستنی تەواوی جیهانبینی ئەو

شانۆ ئاهەنگییە کە لەسێ دەقی پێشوو کاری بۆی کردووە، لێرەدا تەواوی ئەو جیهانبین و تێگەیشتنەی ناو دەقەکانیتر بەتەواوی دەردەکەوێت، بەتایبەت کە ئەو شانۆیە خاڵی نیە لە شانۆیەکی سیاسی، چەمکی سیاسی بوون وابەستەیە بەشانۆیەکی میتۆدی لای بسکاتور و درێژبوونەوەی لای برێخت.

سالاریش زۆر بە ئاگاییەوە لەو دەقەدا ئەو میتۆدە شانۆییە بەهەند وەردەگرێت، بەڵام خۆشی وابەستەی ئەو میتۆدە ناکات هێندەی دەیەوێ لەتێگەیشتنی سیاسیانەوە پشت بە میتۆد ببەستێت ئەوەش بۆ هەوڵێکی ئەکادیمیانەیە نەك شانۆکەی ببێت بە ئارەزوومەندانە، دیارە لەنێوان ئەکادیمی بوون و ئارەزوومەندانە ئەو دوو تێگەیشتنە زۆر جار بە ئاقاری خراپدا بردراوە بەوەی دەرهێنەری گەنج شانۆکەی بریتیە لە شانۆی ئارەزوومەندان و خاوەن بڕوانامەو بەساڵاچووان بریتین لە ئەکادیمی، پێویستە لێرەدا ئەوە دەست نیشان بکەین، شانۆکار دەتوانێ هەموو تەمەنی



هۆڵی موحازەرە نەبینێت و هەرگیز بڕوانامەی هونەریش وەدەست نەهێنێت، بەڵام تەواوی کارەکانی ئەکادیمی بن، ئەکادیمی بوون لە شانۆدا میتۆد و عەقڵی زانستی و بیرکردنەوەیە نەوەك بڕوانامەو خۆپیرکردن لەناو شانۆدا، بەهەمان شێوەش دەشێ شانۆی ئارەزوومەندان شانۆی ئەوانە بێت کە لەناو تۆزی چەندین ساڵەی جەهلی مەعریفی سەر یان سپی بووبێت، ئارەزوومەندان هەندێکجار خاوەن بڕوانامەکانن ئەوانەی دامەزراوەکان ناوی ئەکادیمیان لێ دەنێن، دەشێ تۆ مامۆستای پەیمانگا یا ئەکادیمی بیت، بەڵام کارەکانت ئارەزوومەندانە بێت.

دەرخستنی ئەو تێگەیشتنە بۆ ئەوانەیە کە لەناو ستایشی شانۆی سالار نەزانین بە خوێنەر دەبەخشن وفتوای سڕینەوە بۆ زۆر گەنج دەردەکەن و لەپشت ناوی سالار دەیانەوێ زۆر ناوی کۆتایی هاتوو بگەڕێننەوە، سالار یەکێکە لەناوە دەگمەنەکانی شانۆی کوردی کە بوونی وابەستەی مێژوویەکەی نیە بەتەنها، بەڵکو بوونی

وابەستەی بەشداری بەردەوامیەتی، ئەو ئامادەبوونە وای کردووە هەمیشە دەرگای ڕەخنە بەڕووی شانۆکەی بکرێتەوە، وەك لەو دەقەدا دەبینین هەر لەناونیشانی دەقەوە دەسبەرداری وەڵام دەبێت وگومان بەپرسیاری دەگەیەنێت، گریمان کردن بۆ گەڕانەوەی نالی پرسیارێکی تیۆریزە کراوی نێو نووسینە، گریمانیش لەکێشەی بوون ونەبوون دەمانباتە سەر مەنەلۆژە ناسراوەکەی هاملێت.

بۆیە گەڕانەوەی نالی لەناو دەقێکی تر ئامادەبوونێکی جیاوازە لەوەی پێشوو، ئەو دەقە دەیەوێ بەجیا لەهەرسیێ دەقەکەی پێشوو بەهەناسەیەکی درێژەوە بۆ ئاهەنگ بێت.

هەر بۆیە ئەگەر لە (کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ) دا تەوزیف کردنی شیعر وگۆڕانی ماناکانی ئاهەنگ لەدەست بدەن، ئەوا لەو دەقەدا گۆرانی بیێ وزەزیفە نایەت، بەتایبەت جوانترین تەوزیف کردنی گۆرانی لەو قۆناغەی سالاردا "خوایە بێمەوە دونیایێ هێلانە بکەم" کە ڕووداو ئاوێتەی سرووتی ئاهەنگ دەکات، یا تەوزیف کردنی



ئەو دێرە شیعرەی نالی "پێم دەڵێن مەحبوبە خێل وقیچە مەیلی شەڕ دەکا خێل وقیچە یا...." بەوەش بەرگێکی تری وەبەر دەقەکە کردووە، وەك چۆن لەڕێگەی گێڕانەوە چارەسەری کەلێنە تەکنیکەکان دەکات، ئەوەی سارتەر بەکەلێنی نێوان دەق وخوێنەر ناوی دەبات.

لێرەدا گێڕانەوە دەکرێ ببێ بە بکوژی کۆمەڵە ئاماژەیەك لەپێناو دەسکەوتنی مانای ڕاستەقینە، هەر بۆیە گێڕانەوە دەبێ بە (کەسایەتی ئامادە) وەك ئامادەبوونێکی مێژوویی، ئەوەش پەیوەندی کردنە بە وەرگر لەئاهەنگ، ئەگەر لەدیدێکی سیمیۆلۆژیەوە سەیری ئەو خاڵە بکەین، ڕەخنەکەمان لەوێ چڕدەکەینەوە کە نووسەر دەیەوێ کەلێنەکە پڕ بکاتەوە وبواری وەرگر نادات بەشدار بێت لەنووسینەوەی، ئەوەتە پیرەمێرد وفەقێ تەیران فەزایەك لەوێنە هزریەکانی وەرگر داگیر دەکەن، کە دەبنە شاهیدی ڕاستەقینەی مێژوو، ئەوەش گومان دەسڕێتەوە.. ئەو گومانەی لەسەرەتاوە دەمانهێنێتە ناو پرسیار، بەڵام

دواجار لە گومانی هاوبەشمان پرسیار بەرهەم نایەت، بەڵکو پرسیار تەسلیمی ئیرادەی نووسەر بووە، دەشێ گێڕانەوە گومان درووست بکات، بەڵام بوونی کەسایەتیەکی وەکو فەقێ تەیران یەقینمان پێ دەدات، کۆچی کورد لەو قۆناغەدا، کە گوتاری نەتەوەیی ئێمە دەکەوێتە ژێر مەترسیەوە، دەبەستریتەوە بە مێژوو "نالی: ئەم کۆچ وچوونە، وەك مەرگ وئاکامە، هەر دەبێ ببێ"

ئەوینی نالی بۆ حەبیبە لەمێژووی ئێرۆسیەتەوە دەپەڕێتەوە بۆ دەلالەتی سیاسی، چونکە هەر لەسەرەتاوە دەقەکە دەیەوێ مێژوو لە ئێستادا زیندوو بکاتەوە، دالێك لەپشت مێژوو فڕێ دەدات، دەیەوێ دالی نێردراو دەلالەتێکی تری بۆ بدۆزینەوە، ئەوەش گەڕان بەدوای مانا لەڕێگەی کوشتنی ئاماژەی نێردراو، بۆ ئەو پڕۆسەیەی خوێندنەوە کە سەرلەنوێ ئاماژە بەرهەم دێنێتەوە، کاتێ نالی پێمان دەڵێت "بەچاوانت حەبێ



نەبوایە نالی نەدەبوو، گلگامش (حەبێ) ی نەبوایە نەدەبووە قارەمان".

بەرهەم هێنانەوەی ئاماژە لەکۆتایی دەق، گەڕانەوەیەکە بۆسەر مانا گریمانکراوەکانی مێژوو، گیانی بەرگری پاڵەوان دەبێتە خوڵقێنەری گوتاری مانەوە، گوتارێك ئامادەیی وێنەی پاڵەوانە لەواقعی کوردیدا کە لەناو دەقەکەدا نالی نوێنەرایەتی دەکات "بەڵێ بەرەنگار دەبم، بەڵێ هەم" ئەو دەنگەی نالی دەنگی منی کوردیی قۆناغی ئەنفالە، دەنگی ناو شکست و تراژیدیایە.. دەنگێکە بوون وابەستەی مانەوە دەکات، ئەوە نالی نیە ئەوە کەسی کوردییە.. کەسێتیەك بەدرێژایی مێژوو داکۆکی لەو بوونە دەکات، بەر لە سالار دڵداری شاعیر لەدەقی (ئەی ڕەقیب) ئەو ئەی ڕەقیبەی بوو بە سرووی نیشتیمانی کوردی دەڵێت "کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە" لەنێوان دڵدار و سالار ستراتیژی مانەوە بەیەکیان دەگەیەنێتەوە کە هەردووکیان داکۆکی لەو کەسێتیە دەکەن، لەهەمان کاتدا جیاوازی جەوهەری لەبیرکردنەوە

دەکەوێتە نێوانیان، کە پەیوەستە بە زەمەنی مێژوویی ئەو دوو کارەکتەرەی دنیای ڕوناکبیریمان، دڵدار لەساتی توانەوەو شکستدا دەیەوێ فاشیزم دڵنیا بکات کە ئەو جەبەرووتیەی دەسەڵات نابێتە هۆی مردنی ئێمە، بەڵکو ئێمە زیندووین، کەچی سالار دەنگی کوردیی دەخاتە ناو ڕۆحی نالی و بانگەشەی مانەوە دەکات.

مانەوە لەناو نیشتیمان وبەرەنگاری دنیای تاریکی فاشیزم، ئەوە سەرباری ئەوەی ئەحمەد سالار کۆتایی بە گومانی هاملێت دێنێت وبەپانتاییەکی کراوەتردا مانا دەلالەتەکانی خۆی دەست نیشان دەکات، چونکە (من) لای نالی چەمکی مانەوەی کوردە لەساتەوەختی دەق، کە دەبێ بەهەڵگری گوتاری مانەوەی کورد، گوتارێک لەقۆناغی دووەمی نووسین تەواو گۆڕانی بەسەردا دێت و لە مانەوە دەگوازرێتەوە بۆ (گوتاری گۆڕان) گوتارێک هەڕەشەی بیرکردنەوەی لەسەر نیە، بۆیە ڕەخنە لەو هێزە مەرگدۆستەی ناوەوەی جەستەی کوردی دەگرێت.



چەمکی ئاهەنگ لای سالار پەیوەستە بەو سرووتە هەنووکەییەی کۆمەڵگا، دەق لەڕێگەی ڕابردووەوە دەیەوێ لەئێستادا بژیێت، بەڵام ئێستا بوون بۆخۆی ئیشکالیەتێکی گەورەیە لەناو مێژوودا، کە خوڵقاندنی ئەمڕۆ لەمێژوو پڕۆسەیەکی ئەفرێنەرە بۆ دامەزراندن، کە بتوانین مێژوو لەزەمەنی ئەنتۆگرافی دەربکەین، وەك بونیادێکی سەر بەیەکەیەکی ئاماژەکاری سەربەخۆ سەیر بکەین، کە لە قۆناغی دووەمی ئەزموونی سالار گۆڕانێك لەفەزاو بیرکردنەوەی دەقەکان درووست دەبێت.

گوتاری مانەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو گوتارەی هەریەکە لە (نالی، هەڵۆ، جزیری) دەیانویست داکۆکی لێ بکەن، ئەوا لەدەقەکانی دوای ڕاپەڕین هەوڵی گۆڕان دەدرێت، وەك لە (ئەو دەمەی ئەڤین مەزنتر دەبێ) دا، ئاوڕدانەوەیە لە گوتاری مانەوە، هەوڵێکە بۆ گۆڕینی ئەو گوتارە لەڕێگەی زەماوەند سازکردن، بەواتای کەرنەڤاڵی ئێستا بۆ ڕابردوو، ئەو ڕابردووەی برینێکە ئەگەر سارێژ نەکرێ هەڕەشە لە بوونمان دەکات.

بۆیە زەماوەندی (كارۆخ وسیسان) دەبێ بە ئاماژەیەك بۆ ڕزگاربوون لەمردن، هەڕەشەی مردن لەجەستەی كوردی بوونێكی زیندووە لەنێو یادەوەریدا، یادەوەریەك ئیتر دەبێ بە ئەفسانە و بۆ نەوەی تازە دەنووسرێتەوە، نەوەیەك كارۆخ و سیسانەو ڕابردووش حیكایەتی نێوان چنور وسوارەیە، هەردوو زەمەن لەنێوان ڕیتوالی ئاهەنگدا خاوەنی یەك مێژوون.

گەڕانەوەی ژیان سەرەتای خۆشنودی و ڕێكخستنەوەی پەیوەندیەكانی كۆمەڵگایە، ئەو پەیوەندیەی درێژكراوەی یەكترین، چونكە خاوەن مێژوویەكن كە بێ ئەویتر بوونی نەوەی دیش دەسڕدرێتەوە، ئەوەتە مێژووی ئێمە كەسایەتیەكانی ڕابردوو بەرهەم دێنێتەوە، نۆستالۆژیای ئەو عەقڵە توانای نیە وێنەكانی ڕابردوو بگرێت، چونكە ناتوانین سوودمەندبین لەڕابردوو.

برزۆو خەنجەر بەدرێژایی زەمەنەكان بەرهەم دێنەوە، خەنجەرەكان كارۆخەكانی ئێمە دەكوژن، بۆیە ئەو مێژووە دەبێت لە جولەی متبوو ڕزگار بكەین، بەواتای



گۆڕانێك بخولقێنین، كە ئەگەر بۆ خەنجەر چووە سەر ، دەبێ ئەمجارە بێدەنگی نەنوێنین، فرێدانی برزۆ بۆ ناو ڕووبار سەرەتای گۆڕانە لەمێژوودا، گۆڕانێك ئیدی ساویلكەیی ئێمە نیشان نەدات، بەڵكو هۆشیاریمان لەبەرامبەر دەوروبەر دەربخات.

پرسیار لەو ڕەهەندە فكریەی خولیای گۆڕانی هەیە، پرسیار لەمەرگی سوارە.. پرسیار لەمێژوو.. پرسیار لە درووست كردن و ڕووخاندنی قەڵای دمدم.. كە ڕووخانی ژیارە، ئەوەش پرسیاری زەمەنی ئێستای نووسینە، نووسین لەڕێگەی پرسیارەوە دەیەوێ سەرلەنوێ چەمك و واتای نوێ بەمێژوو ببەخشێتەوە، ئاو جارێكیتر دەلالەتی شۆڕش وبەردەوامی دەبەخشێتە مێژوو، ئەوەش داكۆكی كردنە لەمێژووی ئاو، كە سالار لەهەریەك لەئەزموونەكانیدا لەچەمكێكی بەختیاری بۆ ململانێكانی ژیان دەبات.

لەدەقی (لەژێر تارای سوورمەچندا) ئاوێنە دەبێتە ئەو موفەردەیەی كە لەكاتی هێنانی بووك جەردە

لەکاروانەکەی داوەو ئاوێنەی بووکیش دزراوە، ئەو ئاوێنەیە کە لەلای بووك و لەناو کۆتێکستی زمان مانایەکی مەجازی وەرگرتووە، ئەویش ڕوانین و خەونی فەردە بۆ ژیان، بۆیە بووك بەهەموو ئاوێنەکانی تر ڕازی نابێت و ئاوێنەکەی خۆی دەوێتەوە، چونکە ئاوێنەکانی تر بەلایەوە "لێڵ وتاریك وتەماویین وڕووخساری خۆم بۆ نابینرێ تارماییم دێتە بەرچاو"

ئەوە لەکاتێکدا لەگەڵ دزینی ئاوێنەکە هەموو ئاوێنەکانی شار تاریك دەبن، کەوابێت ئەو خەونەی فەرد لەئارەزوویەکی تاکخوازیەوە بەرەو چەمکێکی ئیرۆسیەتی گشتی هەنگاو دەنێت، بەهۆی ئەوەی بووك بڕیاری ئەوە دەدات کە ئەگەر ئاوێنەکەی بۆ نەدۆزرێتەوە "ئەوا تارای بووکێنیەکەم فڕێ دەدەم"

چەمکی ئیرۆسیەتی گشتی لێرەدا بەتەنیا دەلالەتی چەمکێکی ئیرۆتیکی نیە، هێندەی مانایەکی فراوانتری هەیە ئەویش چەمکی ژیاندۆستیە، بەبێ دەرکردنی نیازە ڕەشەکان ژیاندۆستی توانای گەشەسەندن و بەردەوامی



نیە، ئەوەش نایەڵێت ئاوێنە تەڵخبووەکان ڕۆشن ببنەوە، ئەو بونیاتەش لەناو دەقەکانی ئەحمەد سالار زۆر خۆیان دووبارە دەکەنەوە، کە دەلالەتی ناپاکی و خیانەت دەدەن بەدەستەوە، نایەڵن ئاسوودەیی ڕوومان تێ بکات، چونکە سالار دەیەوێ ئەو حەقیقەتە بکاتە خاوەن چەمکێکی ڕەها کە مرۆڤە ناپاکەکان لەقۆناغی ڕزگاری ئێمەدا کۆتاییان نەهاتووە وبەردەوام لەناو شۆڕشەکانماندان، مێژووی ئێمە پڕیەتی لەکەسانی زۆڵ وناپاك وخاکفرۆش.

بۆیە تا بوونی ئەوانە هەبێت ئاوێنەی ماڵەکانمان هەر بە ژەنگ و تەڵخاوی دەمێننەوە، بەڵام ئاخۆ تاچەند ئەو بونیادە دێتە نێو سرووتی ئاهەنگ وبەشداری لەو گەمەیە دەکات؟ ئایا دەسەڵات ڕوویەکی تەواوکەریەتی؟ ئاخۆ پاشا دەبێت بە هێمایەك بۆ ئەو دەسەڵاتە؟ تا لەدوا دەقی ئەو قۆناغە (گەمەی شار وپاشای گەمە) دا وەڵامی پرسیارەکانی ئەو قۆناغە بداتەوە؟

ئاو جارێکیتر دەبێتە هێما، ئەمجارەیان دەبێ بە دەلالەتی بەختیاری، نەبوونی ئاو پرسیاری سەرەکی ئەو دەقەیە، خاوەن شکۆ دەبێ بە بەرپرسیار بەرامبەر بە نەبوونی ئاو، هەڵبەت ئاو لێرەدا لەمانای ڕووکەشدا مەبەست لەخۆشگوزەرانیە، وەك چۆن لەمانا فەلسەفیەکەی هاتنەدی خەونی دوای شکستە، ئەو ساتە خەونەی نالی نەیدەویست دان بە شکست بێنێت و دەیویست بەرەنگاری ئەو شکستە بێتەوە.

خەونی هەمووان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی مەرگ، ئەوەش پەیوەندی کۆمەڵگایە بە دەسەڵاتەوە، ئاشکرا کردنی شوناسی دەسەڵاتە، دەسەڵاتی زەبرو زەنگی پاشا، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، چارەسەرکردنی مێژووە لە خوێندنەوەیەکی تازەدا، چونکە هەموو ئەو دەقانەی ویستوویانە جارێکیتر سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەر وجەژنی نەورۆز بنووسنەوە، نەیانتوانیووە مانا لەدەلالەتی مێژوویی دەربکەن، لەکاتێکدا سالار بەو دەقەی دێت جارێکیتر زوحاك لەشێوەی پاشایەك



دەردەخاتەوە، کە لەبری مێشکخوادن ئەمجارە گوێچکە دەخوات، بێئەوەی دەلالەتە فکریەکانی مێژوو بدۆڕێنێت، مەبەست لە ئاگرە کە لەلای کاوەی ئاسنگەر دەبێ بە هێما بۆ سەرکەوتن، لەئێستای دەقیشدا گوڵخونچە وا لە بازیان دەکات لەکاتی سەرکەوتنی مژدەیان بە ئاگر پێبدەن، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ سرووتی زەردەشتیەت، سەرەتای چەمکی خۆیبوونی ئێمەیە کە سالار بەو دەقە قۆناغێکی مێژوویی ئێمە دەنووسێتەوە.

بەو نووسینە قۆناغی دووەم لەئەزموونی سالار کۆتایی دێت، بەڵام پڕۆژەکە تەواو نەبووە، ئەمجارە دەرگا لە هەوڵێکی تر دەکاتەوە، هەوڵێك دەتوانین ناوی بنێین (ئاگایی نووسەر لەناو پرۆسەی نووسین) ئەویش لەڕێگەی دەقی (ئەوانەی توونی بابا چوون) ئەمجارە ئاگایی ئەحمەد سالار لەناو نووسین لەتەك کارەکتەرەکانی ئەو دوو قۆناغە بەشداری دەکات، بەڵام دەردەچێت لەقۆناغی مانەوەو گۆڕان، دەچێتە ئاستێکی ترەوە کە جیاوازیی جەوهەریی هەیە لەڕەفتارکردن

لەتەك ڕابردوو، ئەویش بەشداری کردنی بیرکردنەوەیە لەناو نووسین، سالار دەیەوێ لەڕێگەی ئەو دەقەوە کەسێتی (ئەو) ی نووسەر بکات بە سێنتەری پێکگەیشتنی زەمەن لەنێوان (زەمەنی ڕووداوی ئەفسانەیی) و (زەمەنی هەنووکەیی نووسین).

بۆ ناونانی بە (ئەوانەی توونی بابا چوون) مانای گەڕانەوەیەکی تر نییە بۆ ئەفسانە، بەڵکو خاڵی پێکگەیشتنی ئێمەیە بە ڕابردوو، بەوەی چۆن لەنێوان ئەو دوو زەمەنە کەناڵی پەیوەندیی درووست دەکەیت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بێت چۆنیەتی تەوزیف کردنی یادەوەریی نووسەرە لەناو ڕابردوو، ئەوەیان پێویستی بەقووڵ بوونەوەی زیاتر هەیە، پێویستە لە یادەوەری ڕووکەش دەربچێت.

چونکە خوێندنەوەی ڕابردوو دەبێت لەودیو ڕووداوەوە سەیری شتەکان بکات، دەبێ دەستبەرداری ڕووە بینراوەکان بێت وبەقووڵی لەنەبینراوەکان ووردبێتەوە، ئەو پەیوەندیە کەشف نەکراوانەی نێو ڕابردوو کەشف



بکات، بۆیە دەبێ زمانی یادەوەری بارگاوی بکەینەوە بەدەلالەتی فەلسەفیەوە، ئەوەش پێویستی بەهەوڵی نووسینی جیاواز هەیە لەو شێوەیە، ئەوەش سەرەنجام بەدووری نازانین مامۆستا سالار بەرەو ئەزموونێکی ئەلتەرناتیڤ لەشانۆکەی بەرێت، ئەزموونێك ئیش نەکاتەوە لەناو زەمەنی ڕابردوو، بەڵکو ئەزموونێك بێت خەمی خەونی مرۆڤی کوردیی گرتبێتە خۆی، کە وەك دەبینین خەونی مرۆڤی کوردیی خەونی سالارە.

بۆیە ئەو ئەزموونە دەشێ لەداهاتوودا ئەگەر بەرەو ئەو ئاقارە ڕۆیشت ناوی بنێین (شانۆی سالار دژی شانۆی سالار) ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە کۆمەڵە بونیادێکی مێژوویی لەشانۆکەیدا کەشف کردووەو بیەوێت بەرەو بونیادە شاراوەو نەناسراوەکان کار بکات، ئەگەرچی ئەوەیان کارێکی سەختە، بەڵام بۆ شانۆکاری عاشق هیچ شتێك نیە ناوی سەختی لەخۆی گرتبێت.

# گوتار وجەستە وەك دوو چەمكی شانۆیی، لای شانۆكاری كورد گەزیزە

دەست نیشان كردنی دید وجیهانبینی شانۆیی لای شانۆكاری كورد گەزیزە  دەست نیشان كردنی ڕووبەرێكە بۆ پرۆژەیەكی ڕەگەزی، بەهۆی ئەوەی شانۆ لای ئەو لەتەوەری گرفتەكانی ژنی كورد  دەسووڕێتەوە، بۆیە دەیەوێ خۆی بەرهەم هێنەری تێكستە شانۆییەكانی بێت.

ئێمە لێرەدا لەسەر نووسینی شانۆگەریەكانی دەمانەوێ لەسەر ئەو تایبەتمەندیانە بوەستین كەچۆن شانۆی گەزیزە ئەزموونی شانۆیەكی فێمێنیستیە بەبێ گواستنەوەی ئەزموونێكی دەست نیشان كراو، بەڵكو ئەو ئەزموونە بەرەنجامی ئەو پێگەیشتنەی نێوان شانۆ وەك هونەرێكی ژیاری وكێشەی ژن وەك كێشەیەكی مرۆیی، نووسینەوەی ژن داڕشتنەوەی ماناكانی ناو دنیای كوردیە لەڕێگەی ژنەوە شكست وساتە ترسئامێزو نائومێدیەكانی دەخاتە ڕوو، لە (دارتووەكە) دا دەبینین كارەكتەری سەرەكی –دایك– لەسەرەتادا دەیەوێ (هیوا) و(دارتووەكە) وەك دوو ئاماژەی زمانەوانی وێنای دوالیزمی ژیان



وەرگ بكات، لەو سەرەتایەوە دوو چەمك لای گەزیزە قووڵ دەبنەوە، كە لەناو دەقەكانیتریش دەبنەوە هەڵگری مانای جیاواز، ئەوانیش (گوتار) و(جەستە) یە.

گوتار لە (دارتووەكە) دا دابەش كردنی ژیان و مەرگە بەسەر ماتریاڵەكانی شانۆ، مردنی هیوا یەكسان دەبێتەوە بە ژیانی دارتووەكە، بۆیە گوتاری دەق (هیوای دارتووەكەیە) ئەویش گوتاری دارتووەكەی هیوایە، هەرچی چەمكی جەستەیە لە پرۆسەیەكی دۆنادۆنیە لەنێوان ژیان وخاك، ژن (جەستەی دایك) دەبێتەوە بە جەستەی خاك، ئەوە مێژووی كۆست كەوتن وگۆشەگیربوونی جەستەیە، كە نێرەكان دەكوژرێن ومێیەكان تەنیا دەمێننەوە، ئەوەش لەڕوویەكدا ڕووخساری ڕاستەقینەی شانۆیە. (١)

بەڵام ئەوەمان بیر نەچێت دیسان هیواكان بە مەرگیان مانەوە بە دایكەكان دەبەخشن، واتە هیوا بەمردنی هیوای ژیان دەداتەوە بە دایك، دایكێك كە بە میوانەكانی دەڵێت "پێش ئەوەی بڕۆنە دەرەوە لەبیرتان نەچێ.. نەڵێن دایكی هیوامان دی ئەگریا.. نەخێر من ناگریم.. ناگریم..."

ئەو نایەوێ جەستە وەك ڕووبەرێكی غەریزیی سەیر بكرێت، بەڵكو هەمیشە لەڕێگەی جەستەوە دەیەوێ ڕووبەندی سەر ئەو

گوتارە لا بدات، تا بتوانین تەئویلی گوتاری دەق بکەین، چونکە نووسین لە شانۆکەیدا گوتاری بنیاتناوە، ئەو دەسبەرداری ئەو پڕۆسە دۆنادۆنیە نابێت، ئەگەر لە (دارتووەکە) دا پڕۆسەیەك بێت لەنێوان ژن وخاك بێت، ئەوا لە (دەروازە داخراوەکان) لەنێوان (ژن/ ژن) دایە، ئەوەش ڕووخساری دەق زیاتر نیشان دەدات، چونکە پێمان دەڵێ کێشەی ژن کێشەیەکی تاکخوازانە نیە، چەندە وەك کێشەی ڕەگەزی خۆی دەردەخات، بەڵام لە بنەڕەتدا کێشەیەکی مرۆییە، (٢)

ئەو گرفتەش دەباتەوە ناو مێژوو لەڕێگەی دیوارێك کە بووە بە هێلانەی جالجالۆکە، پێیان وتووە دکتۆرێك دێت بۆ چارەسەرکردنتان، ئەوان هەست دەکەن نەخۆش نین، بۆیە پرسیاری ئەوە لەخۆیان دەکەن: دکتۆر بۆ دێتە ئێرە؟

بۆ ئەوەی لەو پرسیارە بگەین دەبێ لەئاستی زەمەنی گوتار بگەین، کە ئاستێکی بیرکردنەوەی مێژووە، بەواتای لەڕێگەی ناسینی شوێنەوە گوتار کەشف دەبێت، کە کێشەو گرفتەکانمان لە زەمەنی هەنووکەییماندا نیە، بیرکردنەوە وابەستە نیە بەو ساتەوەختەی تیای دەژین، ئەوەش وا دەکات پرسیاری ژنەکان لە پەراوێزدا بمێنێتەوە، چونکە گەڕانەوە بۆ ناو مێژوو لەسەر کوشتنی پرسیارەکان وەستاوە. شانۆی گەزیزە ئیشکردنە



لەسەر ئاماژە ووتراوەکان، واتە شانۆیەکە زیاتر لەسەر ئاخاوتن و ڕووی دیاری ئاماژەکان ئیش دەکات، بۆیە لە دەقەکەدا تینوویەتی ژنەکان بۆ ئاو، ئاماژەیەکە لە کردارێکی درامیەوە دەگۆڕدرێت بۆ لۆژیکێکی بیرکردنەوە، چونکە ئاو لەتێکشکاندنی وێنە بەرجەستە کراوەکەی دەگۆڕدرێت بۆ ئازادی، ئەو تینوویەتیەش شەیدابوونە بە ئازاد بوون.

شوێن لەملمانێی نێوان هەردوو کارەکتەرە سەرەکیەکە پێمان دەڵێت (ئێرە-شوێن) بریتیە لە شێتخانە، بەندکردنی ژنان تیایدا بەهۆی ئەوەی دنیای کارەکتەرەکان دنیایەك نیە ئەوان خاوەنی بن، بەڵکو دنیای پیاوە، جیاکردنەوەی یاخی بووەکان (شێتەکان) لەکۆمەڵگادا بیرۆکەی لەدایکبوونی شوناسی دەقە بەهۆی ئەوەی ئەوە مۆدێرنە بوو شێت و عاقڵەکانی لەیەکتر جیا کردەوە، گوتار لەو ناسینە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە عاقڵەکان لەو دنیایەدا بریتین لە پیاوەکان ئەوە بەپێی تێگەیشتنی لۆژیکی نێرەکانەوە، دەبێ ژنەکان کە بە شێتەکان دەیانناسینەوە لە کۆمەڵگا دوور بخرێنەوە، بخرێنە زیندانی تایبەتەوە، ئەوان لەو زیندانە پێویستیان بەنواندنی هیچ گەمەیەك نیە چونکە پیاوەکان گەمەی زیندانیان لەگەڵ دەکەن لەڕێگەی زەنگەوە، زەنگی دیدەنی دەگۆڕدرێت بۆ زەنگی کاتی خەوتن، خەواندنی جەستە بەتەنیا

بێدەنگ کردنی ژنەکان نیە، هێندەی سەرکوتکردنەوەی تواناکانی بەرامبەرە لەڕێگەی دەزگا ئایدیۆلۆژیەکان.

هەریەکە لەدەقە شانۆییەکانی نووسەر هەڵگری فۆڕم وئایدیای جیاوازە بۆ نووسین، هیچ دەقێك لە دەقێکیتر ناچێت، ئەگەرچی هەر هەموویان دنیای سەرکوتکاری ژنمان پێ دەناسێنێت، لە دەقی (توڕە بوونی تابلۆیەك) کارەکتەر بەتەنیا بریتیە لە کچێك، بەڵام ئەو کچە وەك ئاماژەیەك دەردەکەوێت بۆ توێژێکی دیاری مێینە لە کۆمەڵگادا، بەواتای کچێك نیە نموونەیەکی دەگمەن بێت و نوێنەرایەتی ئەنتلجنسیای ڕۆشنبیریی بکات، بۆیە پرسیارەکانی ئەو پرسیاری هەر ژنێکی کۆمەڵگایە، پرسیارگەلێك کۆمەڵگا سەرکوتی کردۆتەوەو نووسەر دەیەوێ لە ڕێگەی ئەم کچەوە پرسیارەکان ئازاد بکات.

پرسیار لەبارەی شووناسی بوونی ژنایەتی و پەیوەندی جەستە بە شوێنەوە، دیارە پەیوەندی جەستە بە شوێن یەکێکە لە پەیوەندیە گرنگەکانی تەواوی شانۆکانی گەزیزە، چونکە شوێن بۆ کارەکتەر گەڕانەوەیە بۆ یادەوەری کەسێتی، ئەوەش وابەستە کراوەتەوە بەوەی سەرکوتکردنی ئارەزووەکان پەیوەستە بە سەرکوتکردنەکانی لەشوێندا، ئازادبوون لەشوێن.. ئازادبوونە لە زەمەنی یادەوەری.



هەرچەندە یادەوەری وێنەیەك نیە نووسین لەشوێندا بتوانێ دەسبەرداری بێت، موفرەدەکانی ماڵ لەجۆری پەنجەرەو کاتژمێر دوو دەلالەتی ناو یادەوەرین و هەمیشە بۆ پەیوەندیکردنی چنەکان بە دنیای دەرەوەو چاوەڕوانی گۆڕان لەم دنیایە وەك پەیوەندیکردن بەکاری دێننەوە. پەنجەرە دەبێتەوە تروسکایی بۆ هێنانەوەی قاچی پاڵەوانەکەمان، بەڵام ئەو قاچە هێندەی ئاماژەی فەلسەفیە بۆ ڕزگار بوون گوزارشت لەکارەکتەرێکی ئیفلیج ناکات.

وەك چۆن لەدەقی (ژنانی شارەکەم) ژنەکان بەسەر چەند گرووپێکدا دابەش دەکات، ئەو دابەش کردنە یەکسان کردنەوەی خەمە هاوبەشەکانی ژنە لەکۆمەڵگادا، ئەگەرچی تێکستەکە لەقۆناغێکی دەست نیشان کراوی مێژوویی کۆمەڵگا دەدوێت، بەڵام باس لەو ئازارە دەکات کە ژنەکان لەسایەی دەسەڵاتی فاشیزمی بەعسەوە گیرۆدەی بوونە.

ژنەکان لەساتی مناڵبووندان، دووگیانیان ئومێدی ئەو ڕەگەزەیە بۆ ژیان، ئەوە لەدایك بوونی خەونە بۆ دابڕان لەشکست، نووسینەوەی ژیانێکیترە وەك یەکێ لەژنی ناو گرووپەکان دەڵێت "خودایە.. ئەگەر کوڕێکت پێ بەخشیم.. مەرج بێت نەهێڵم دەستی چەپەڵی ڕۆژگاری لێگیر بێت. مەرج بێت کەهەڵسامەوە..

دەست وبرد بیپێچمەوەو بڕۆم بۆ دوور.. بڕۆم بەسەر هەموو شوراكانی شاردا بپەڕمەوە.. دوور لەمەرگ..لەفرمێسك..."

بەڵام ئەو خەونە لەلایان فاشیزمەوە نایەڵن گەورە بێت، فاشیزم لەڕێگەی سەركوتكردنەوەو كوشتن خەون زەوت دەكات، ئەوەش دەبێ بە ململانێی نێوان سەرباز ومەمكە شووشە، هاتنی سەرباز ئاماژەیە بۆ داگیر كردن وزەوت كردنی ژیانی خەون، ئەوەش ئاوێتەی قەسیدەی (سووتماك) ی شێركۆ بێكەس دەكات، هەردوو تێكستەكەش لەناو ئاگاییەكی مێژوویی (٣) دەسووڕێنەوە، ئەو ئاگاییە مێژووییە توانای بنیاتنانەوەی ئاگایی ئیستاتیكی هەیە، بەهۆی ئەوەی چل مەمكە شووشە كە ئاماژەیە بۆ منالەكان.. سەربازەكان لەگەڵ خۆیانی دەبەن، ئەگەرچی زمانی نووسین بەدوای هێنانەوەی مەمكە شووشەكان بەرەو سادە بوونەوەی دەربڕین دەچێت كە ڕەهەندی فكری ئاماژە ووتراوەكان دەكوژێت.

گوتار لەو تێكستەدا گوتاری فاشیزمە لەبەرامبەر ژن، ژنیش جەستەیەكە هەمیشە فاشیزم بۆ ئەوەی مەرگدۆستی بەرهەم بێنێت، دەبێت هەڕەشەكانی بۆ سەر ئەو جەستەیە دەربخات، چونكە ئەوە كوشتنی ئارەزووەكانی ژیاندۆستیە.



(هەناسەكانی ڕێگا) دەقێك بەدوای دەرگاكردنەوەیەكیتر دەگەڕێت، دەیەوێ لەسەر نهێنیەكی كۆمەڵایەتی پەردە لابدات، ئەوە لەبنەڕەتدا كێشەی ژن ومێردەكانی ناو كۆمەڵگایە مەسەلەی دایكایەتی وئامادەنەبوونی عەشق لەژیانی هاوسەری پاكاڵ بوونەوەی خۆشەویستی دوای دروست كردنی ماڵ، بەتاڵ كردنەوەی وەهمەكانی پیاوێكی ڕوناكبیر وسیاسەتمەداری پێشوو بەدحاڵیبوون كەوتۆتە نێوان خۆی و هاوسەرەكەی لەژیاندا، هاوسەرەكەی وێنەی بەهەشت لەخەیاڵی خۆی بۆ ئەوروپا دەنەخشێنێت، پیاوەكەشی بەو وێنەیە ڕازی بووە بۆیە دەیانەوێ كۆچ بكەن.

ڕووداوەكانی ئەم دەقە شانۆییە لەڕێگای كۆچەكەیان بە ململانێ و شەڕكردنی ژن ومێردانە دەست پێ دەكات، نووسەر ناویناوە (هەناسەكانی ڕێگا) ئەوە هەناسەیەكە بۆ مەرگ، بەتایبەت ئەو كاتانەی تووشی پیرژنێك دێن كە لەوێ دەستی قەدەر ئەوی گیرساندۆتەوەو پیاوەكەی لەبەرزایەكانی سنونوور جەندرمەیە، ئامۆژگاریان دەكات كە بگەڕێنەوە بۆ وولات هەرچەند دەزانێ ئەو ئامۆژگاریەی بەزۆر كۆچبەری تر ووتوە بەڵام مەرگیان قبووڵ بووە نەك گەڕانەوە، بەڵام بەردەوام دەبێت وپێیان دەڵێت "بیرتان نەچێت خۆڵی خاكەكەتان بخەنە لەپی دەستتانەوە ولەبڕی من

تێر تێر بۆنی بکەن" لەوەدا تێدەگەین کە پیرەژن جارێکیتر ناتوانێ بگەڕێتەوە، بەڵام دەیەوێ ئەوانیتر لەبڕی ئەو بۆنی خاکەکەی بکەن.

گوتاری باو لێرەدا تێکدەشکێت، گوتارێکە ژن بەسەر دوو وێنە دابەش دەکات، ژنێك لەجۆری هاوسەری پیاوەکە کە وێنای بەهەشتی کردووەو نایەوێ بگەڕێتەوە، جۆرێکیتریش کە پیرەژنە گوتاری مانەوەو گەڕانەوەیە بەرەو خاك، هەردوو جۆرەکە دوو وێنەی هاودژیان هەیە بۆ جەستە، جۆری یەکەم کۆچ بە ئازاد بوونی جەستە دەبینێت، بەڵام جۆری دووەم پەڕینەوە لەسنوور بە فەنابوونی جەستە سەیر دەکات.

ئەوەش ئاوێتەکردن وبینینی تەواوی ڕەهەندەکانی دنیای کوردیە، گەزیزە دەیەوێ ئەو بینینە جیاوازانە ڕووە فەرامۆشکراوەکانیمان بۆ دەربخات، لە (میوانی ئەم ئێوارەیە) هەمان حالەت دووبارە دەبێتەوە، ئێوارەی کوڕەوەکەیە، ژنێك بەدیار هاوسەرە پەك کەوتەکەیەوە دانیشتووە، هەندێکجار کچە خزمەتکارەکەی دەنێرێتە لای، گفتوگۆکان لەبارەی بارودۆخی شار و هاوسەرە پەککەوتەکەیەتی، قسەکردنە لە گۆشەگیربوونی جەستە، جەستەی ژن.. جەستەیەکی زیندوو لەپاڵ جەستەی پیاوێکی ئیفلیج، دەشێ میوانی ئێوارە وەك لەناونیشانەکە



دەردەکەوێت کێشەی ژنە لەڕووی جەستەییەوە چارەسەر بکات، بەڵام کاتێ میوانەکە دێت وکۆرپەکەی بەباوەشەوەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت دیسان مەسەلەی دایکایەتی تەوەرێکی گرنگی شانۆی گەزیزەیەو چارەسەرەکەشی زۆر لەدەقی (هەناسەکانی ڕێگا) جیاوازە، کاتێ دوژمن دەگەڕێتەوە شار وئەوان منداڵەکەیان لایەو باوکی منداڵەکە کۆرپەکەی بەجێ دێڵێت دەزانن کە منداڵەکە کوێرە خزمەتکارەکەی دەنێرێت بەدوای باوکەکەی بەڵام باوکەکە لەناو ئاپۆرەی کۆڕەوە.

چارەسەری نووسەر بۆ گوتاری جەستە لە غەریزەوە دەگۆڕدرێت بۆ دایکایەتی، بەڵام دەبێتە دایکی منداڵێکی کوێر کە ئەندامێکی سەرەکی جەستە کە بینینە لەدەستی داوە، وەك چۆن خاوەنی مێردێکی ئیفلیجە و توانای کاری سێکسی نیە، گوتار وجەستە لێرەدا بەشداری لەنووسینەوەی یەکتری دەکەن بەوەی جەستەی گوتار و گوتاری جەستە بریتین لە ماڵێکی ئیفلیج و کۆمەڵگایەکی ڕاکردوو، بۆیە ئەو پێکەنینەی خانم دەیەوێ بیخاتە سەر ڕووخساری لەگەڵ ڕۆیشتنی میوانەکەی کۆتایی دێت، چۆن کۆمەڵگا بەترسەوە شار بەجێ دێڵێت، کەسەکانی ماڵیش تائەبەد لەژێر فەرمانە تووڕەییەکانی خانمدا دەژین، بۆیە ئەو ماڵەو فەرمان وتووڕەییەکانی خانم بەسەر کچە

خزمەتکارەکەو مێردە ئیفلیجەکەی ڕوویەکی تری کۆمەڵگای کوردین، بەواتای گەر ڕووخسارێکی کۆمەڵگا بریتی بێت لەوانەی لەشار بەکۆمەڵ دەچنە دەرەوە، ڕووخساری دووەمی بریتین لە ژنە تەندوورست و خاوەن جەستە ئامادەکانی وەکو خانم و خزمەتکار لەپاڵ منالی کوێر و پیاوی ئیفلیج.

ئەوە پیاوە ئیفلیجەکانن جارێکیتر لەهەست کردن بەتەنیایی هاوار دەکەن، دەکرێ لەدەرەنجامی ئەو تێکستەوە خوێندنەوەمان بۆ توندوتیژیی پیاو لەوەدا چڕ بکەینەوە کە ئیفلیجی نێرەکان بووەتە هۆی لەدایك بوونی توندوتیژیی ئەوە هەست کردنە بە کەمایەتی لەناخی خۆیدا، شڵەژانی باری دەروونی بەرەو توندڕەویی دەبات.

دەقەکانی گەزیزە لەنێوان خێزان وکۆمەڵگا ململانێیەکی درامی دروست دەکات، ئەو ململانێیە قسەکردنە لەگرفتەکانی ناو ماڵی کوردیی، ئەوە کێشەکانی ژیانی ئێمەیە، کێشەیەك بەتایبەت بۆ مێینەکان گرفتی زیاتری لێ دەبێتەوە، وەك لە دەقی (جەنگی ژوورەکان) کچەکان دوای مردنی باوك لەگەڵ براو براژنەکەیان دەکەونە شەڕکردن لەسەر ژوورەکان، کەلەبنەڕەتدا تەواوی خانووەکە دەبێ چۆڵ بکرێت چونکە بەر شەقام دەکەوێت، بۆیە ئەو جەنگە تەنیا بێهودەیی قسەکردنە، لەبری ئەو بێهودەییە



پێویستە لۆژیکێکی ڕەخنەیی کە تەواوی پەیوەندیەکان بخوێنێتەوە بۆ ماڵی کوردی بەهەندی وەربگرین، ئەوەش گوتارێکی لۆژیکی بنیات دەنێت، گوتارێك کە لەسەر سەرکوتکردنەوەی جەستەی ژنەوە نەبێت.

ئەوەش وا دەکات شانۆی گەزیزە شانۆیەك بێت هەمیشە بیەوێ لە گرفتی ژنەوە کۆمەڵگا بخوێنێتەوە، بەتایبەت لەدەقەکانی دەکەونە دوای کۆمەڵە دەقی چاپکراوی (دارتووەکە) بۆیە ئەو هەوڵە لێرەدا دەوەستێ.

بەدڵنیاییەوە لەداهاتوودا لەسەر هەوڵەکانی دوای ئەو کتێبە نزیك دەکەوێتەوە، بۆیە گرنگە بۆ پڕۆژەی ئەزموونکارێکی وەك گەزیزە هەمیشە دەقە شانۆییەکان لە بەرگی کتێب چاپ بکات، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر ئەزموونەکانی بووەستین و سیماکانی ئەو ئەزموونە بخەینە ڕوو، ئەوە جگە لەوەی هەوڵێك دەبێت بۆ ئەوەی دەرهێنەرانیتر بتوانن کار لە دەقەکان بکەن.

ئاماژەکان:

١- بارت بۆچوونی وایەشانۆ لەڕوویەك لە ڕووخسارەکانی بریتیە لە ئاهەنگسازکردن بە جەستەی مرۆیی

٢- لە کەتەلۆگی ژیاننامە وچالاکیە هونەریەکانی دەڵێت "شانۆیەك نیە پێی بووترێت شانۆی ژن یان شانۆی پیاو، بەڵام

شانۆیەك هەیە كێشەكانی ژنان دەخاتە ڕوو، واتە شانۆی سەرجەم مرۆڤایەتیە"

٣- گادامێر بۆ تەئویل كردنی دەق سێ ئاگایی ئەخاتە ڕوو ئەوانیش (مێژوویی، زمانەوانی، ئیستاتیكی) ئاگایی مێژوویی لەو دەقەدا بونیادی دەقی پێكهێناوە، وەك چۆن سەرباز و مەمكە شووشەكان ئاگایی ئیستاتیكین، بەڵام ئاگایی زمانەوانی لەنێوان قەسیدە شیعریەكە و مێژوودا ئاگاییەكی زمانوانی بنیات نانێن بەقەد ئەوەی هەردوو ئاگاییەكە ئینتیما ناكەن بۆ ئاگایی زمانەوانی.



# تێكشكاندنی دوالیزم و خولقاندنی دەقی پێرفۆرمانسی

چۆن نمایشی شانۆیی بە دەقێكی سەربەخۆ ناو دەبەین؟ ئایا بەبێ دەقی نمایش ئەو بونیادە پێكهاتووانە دەتوانن لەڕووبەری نووسین جەستەی شانۆ پێكبێنن؟

نووسراو دەقێكی زمانەوانیە كە كەلێنێك درووست دەكات، ئەویش بونیادی تەواوكەریەتی كە نمایشە، بەواتای نمایش دەبێ بە دەقێكیتر بۆ جەستەی شانۆ، بەڵام ئەو بونیادەیە كە توانای ئەوەی هەیە سەرجەم بونیادەكانیتر لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە، بۆیە نمایش مانایەكی مەجازی بەچەمكی دەق دەبەخشێت، چونكە دەق لەو ڕووبەرە تەسكە دەرباز دەكرێت وبەرەو ئەو دیوی ماناكان دەبردرێت، ئەویش ژیان كردنەوە بەرێكی تازەیە بۆ دەق.. پەیوەندی فۆنیمە لەناو زماندا، كەدواجار هەر فۆنیمە توانای خولقاندنەوەی هەیە، كە

لەدەقی نووسراو دامان دەبڕێت وخەونی تازەمان لا دەخولقێنێت.

توانا دەنگیەکانی نێو نووسین هەوڵی تەقاندنەوەی ووزە خەفەکراوەکانی نێو جەستە دەدات، جەستە هەوڵەی گوزارشت کردنی ئەودیوی وێنەی نووسراو دەدات، تاوەکو هارمۆنیەتێك لەتەك ووشەدا بدۆزێتەوە، چونکە لەدەرەوەی جەستە ووشە توانای نیە ببێ بە سێنتەری ئاماژەکانی نمایش، ئەو تەنها هەڵگری میکانیزمی ئاماژەیە، ئەوەی ئەو میکانیزمانە بەرەو سێنتەر دەگۆڕێت.. ڕووە ناوەکیەکانی جەستەیە، کە دەیەوێ سەرلەنوێ ڕووبەری نووسراو بەپێی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەق ڕێکی بخاتەوە، بەڵام ڕێکخستنەوە بەپێی ئەو سیستمە گریمانکراوە لەگەڵ دەق ڕەفتار ناکات، بەڵکو ڕووپۆشی پەیوەندیەکان دەکات لەڕێگەی نمایشەوە، ئەوەش کرنۆلۆژیای مانا تێکدەشکێنێ، نەك هەر ئەو زەمەنە، بەڵکو ئەو کەلێنەی لەنێوان دەق ونمایش هەیە، دەیەوێ چارەسەری بکات.



ئەو چارەسەریە بۆ نووسین دۆزینەوەی مانایە، گۆڕانە لەپەیوەندیە ستراتیژیەکانی دەق، کە ڕەهەندە دەلالیەکانی خوێندنەوەی تیا ئەنجام ئەدرێت، خوێندنەوە لەناو ڕووبەری داهێنەرانی نێو دەق ناوەستێ، بەڵکو نووسەرێکی داهێنەر لەنێو گۆڕانە ژیاریەکان دەخوێنێتەوە.

بەواتای نایەوێ لەو زەمەنە هەنووکەییە دابڕێت، بەڵکو مێژوو زمانێکی تری پێدەدرێت، ئەوەش لەناو یادەوەری دەق نامان خولێنێتەوە، بەقەد ئەوەی بە هەڵوەشاندنەوەی دەیەوێ پارێزگاری لە هاوچەرخێتی نووسەر بکات، ئەوەش پێویستی بە هۆشیاریەکی شانۆیی هەیە، تاوەکو تارماییەکانی لەنووسراوەوە نەخەنە سەر شانۆ، بەڵکو بیانگۆڕینە سەر جەستەی مرۆڤی سەردەم، ئەوەش پەیوەندیەکی گەردوونیە، دەرهێنەر ئەو جیهانە لەسەر دەق درووست دەکات، ئەو گەردوونە نوێیە ڕێك دەخاتەوە.

دەسەڵات لە ووتراوەکانی زمان کەمدەکاتەوە وکۆتایی بەو دیکتاتۆریەتەی دەسەڵات دێنێت، چیدی ڕێگەی ئاخاوتن نادات ببێت بە تاکە دەسەڵات، بەڵکو بینراو بەرەو ڕەهەندێکی فەلسەفی هەنگاومان پێ دەهاوێژێ، ئەوەش سنوور بەزاندنی دەقەکانە، ڕزگار بوونە لە فەزای نووسین.. خۆدۆزینەوەیە لەناو فەزایەکی تازەدا، کە شانۆ بەرەو چەمکە قووڵەکانی فەلسەفە ڕێگای پێ دەبردرێت.

ئەو کاتەی دەمانەوێ بەرەو ڕابردوو بگەڕێینەوە ئەوە توانا دەنگیەکان بالادەستی خۆیان نیشان دەدەن، بۆ ئەوەی پەیوەندی جەستە بە ڕابردوو بکاتەوە بە ڕیتوالی یادەوەری کە ڕابردوو لەڕێگەی جەستەی تاکەوە کاتێ قووڵ دەبێتەوە، دەنگ دەبێ بە ڕێنیشاندەر بۆ دۆزینەوەو ئاسەواری ماتریالەکان، ئەوەش لەئەندێشەی خودییەوە تێکەڵ بە جەستەی کۆمەڵگامان دەکاتەوە، ماتریالەکان دەبنە ئاماژە بۆ پەیوەندی نێوان خود وکۆمەڵگا، ڕەنگ پەیوەندی بە یادەوەری درووست



دەکات کە خولقاندنەوەی مێژووە، پەیوەندیە زمانیەکانی وەکو بۆن وتام ودەست لێدان دەچنە نێو سیستمی زمانەوانی کە ئاماژەی زمانەوانی پێك دێنن، لێرەوە هەنگوین تێکەڵی یادەوەری دەبێت وپرسیارەکانی نێو (یادەوەری+ هەنگوین) (١)

لەڕیتوالی ئامادە بوونی وەرگر دەست پێ دەکات، لەڕێگەی دەست تەڕکردن وشۆرین و ووشك کردنەوە: (شیر+ ئاو+ هەنگوین) بۆ ئەوەی لەجیهانێك دابڕێت وئاوێتەی ڕیتوالی کارەکەی بکات.

دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێت کاتێ دەمانەوێ لەتیۆری ئەزموونێك بدوێین، دەبێ ستراتیژی ئەزموون لامان ناڕۆشن نەبێت، چونکە ناتوانین چەمکی تیۆر ڕاڤە بکەین، ئەگەر توانای ئەوەمان نەبوو پەی بەو نهێنیە بەرین کە ئەزموونەکە لەودیو تیۆرەوە حەشاری داوە، بۆیە ئەزموونی (یادەوەری+ هەنگوین) ستراتیژی ئەو ئەزموونە میتۆدێك نیە بۆ فۆڕمی میتۆد، بەڵکو فۆڕمی نمایشێکە کە دەکرێ بەخێرایی بەسەرماندا تێنەپەڕێت،

ئەگەرچی ئەو ئەزموونە بۆ ئێمە پرۆژەیەکە لەودیو پرۆسەی بینین، بەڵکو لەدووتویێ نووسراوی سەر کاغەز مامەلەی لەگەڵدا دەکەین، بەڵام ئەمجارەیان شانۆکاری کورد لە لابۆرێك دەگات بەکۆمەڵێگ دەرەنجام، کە وایان لێدەکات سوورتربن لەسەر گەڕان بەدوای ئەو نهێنیە ئەفسوونیەی کە خۆی نادات بەدەستەوە، ئەو ئەزموونە بەرەنجامی تێڕامان وخەون بینینی ساتەوەختێك نیە، بەڵکو پرۆژەی کارکردنی چەندین ساڵە کە بە تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی لەهەشتاکانی سەدەی بیستەم دەستی پێکرد، ئەو تیپەی دەیویست فۆڕم بگۆڕێت وچەمکێکی فەلسەفی بە وێنەی شانۆیی ببەخشێت.

ئەوەش خولقاندنی چێژێکی ئیستاتیکی وێنە بوو، کە بەدوای کۆمەڵێك ئەزموون لابۆری لالش پێی هاتۆتە بوون، تیایدا پەیوەندی نمایش بەوەرگر لەڕێگەی پرۆتۆکۆڵێکی تازەوە دروست دەکرێتەوە، ئەو پەیوەندیەی پێشتر هیچ بەهایەکی نەبوو بۆ وەرگر،



بەواتای چەمکی نامۆبوون بەرەو ئاقارێکیتر دەبردرێت، زیاتر لەپەیوەندی پیتەر شۆمان نزیك دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر لای شۆمان شانۆ بۆ ڕزگار کردن بێت لە برسیەتی، ئەوا لە لابۆری شانۆی لالش کۆکردنەوەی تاکەکان بەدەوری سفرەیەکدا ئەو سفرەیەی خواردنێکی کولتوری کوردی تیا ئامادە دەکرێت، وەك لەو ئەزموونەدا ساوەر دەبینین، ئەگەر شتراوس شێوەی دانیشتنی سەر سفرەی خواردنی بەلاوە گرنگ بێت، ئەوا لە لابۆری لالش ئەو شێوە دانیشتنە گرنگ نیە بەقەد ئەوەی ماهیەت بەجۆری خواردنەکە دەدرێت.

ئەرکیۆلۆژیای وێنەی شانۆیی هەڵکۆڵینی بونیادی ووشەیە بۆ بونیادی جولاو، ئەوەش ئینسلاتسیۆنی مێزەکانە، کە وەك پەیوەندی ماتریالەکان پانتایی مۆتیڤەکان پێك دێنن، جەستە تیایدا ماتریالەکان دەکات بە ئەیقونەیەك بۆ پاکژ بوونەوەی وەرگر، جەستەی وەرگریش دەبێتە بەشێك لەناو مۆتیڤەکاندا، کە پاکژ بوونەوە لەو ڕیتوالەدا "مانای هەڵسانەوەی جەستەییان

وەردەگرێ، جێهێشتنی شوێنەوارە لە یادەوەریدا" (٢) لەهەمان کاتدا بۆخۆی جەستەی گوتاری نێوان یادەوەری و هەنگوینە، یادەوەری دەبێت بە بونیادێکیتر بۆ گوتار، کە پێکهاتەی مۆتیڤی ئاهەنگسازیە، لەرێگەی ماتریالەکانی مێزی یەکەم، ئەوەش خولقاندنی پەیوەندیە بە مێزەکانی ترەوە، کە وەزیفەی ماتریالەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆیە ئەگەر نان لەمێزی یەکەمدا ماتریالێک بێت بەدوای شیر وهەنگوین مۆتیڤی ئاهەنگسازی بخولقێنێ، ئەوا لە ئینسلاتسیۆنی مێزی سێیەم بەدوای گەنم وئارد دەبن بە سۆبستاتری ژیان، بەڵام تا ماتریالەکان بەرەو بونیادی زەمەنی قووڵ نەبنەوە، لەناو چەمکی هەستەکان بۆن وتام دەرناچن.

ئەو کاتەی قووڵ دەبینەوە دەست لێدان دەبێتە چەمکێک بۆ قووڵ بوونەوەی گوتار، ئەوەش لەناو ئامادە بوونی ئاهەنگ وئیرادە بۆ ژیان دەست پێ دەکات، بەواتای لە مێزی پێنجەمەوە وێنەی شانۆیی بەدوای پەیوەندی ژینالۆژیە، چونکە ڕەنگ دەبێتە ئاماژە بۆ بەرهەم



هێنانەوەی مانا، ئەو ڕەنگانە لەڕووکەشی جوانکارییەوە بۆ سۆبستاتری ژیان دەیانگوازێتەوە، بەواتای لە زمانێک نزیکیان دەکاتەوە، کە گەڕانەوەیە بەرەو ڕابردوویەک بۆ زمانی ئەنترۆپۆلۆژی، ئەوەش چەمکی سەرەکی ئەو ئەزموونەیە، کە دەیەوێت بەرەو مێژووی زمان وپەیوەندی بە مرۆڤ بمانگەڕێنێتەوە (٣)

بۆیە دەست لێدان بەدوای بۆن وتام کەشف کردنێکی جەستەییە بۆ ماتریالەکان، چونکە لە سۆبستاتری ژیانەوە بۆ ئاماژەکانی غەریزە کە ڕەنگی ڕەش دەبێ بە ئاماژەکەی، کە بەر لەو سوور یادەوەری دەگەڕێنێتەوە، یادەوەریش لەخودەوە بەرەو کۆنەستی گشتی دەگەڕێتەوە، لەوەدا پەیوەندی خود بە ڕەنگەوە پەیوەندیەک پەیوەست دەبێتەوە بە یادەوەری کۆمەڵگا، بەوەش ئەو لابۆرە هێڵێک درووست دەکات کە لەهەولی کەسانی تر جیا دەبێتەوە، دەیەوێت لە خوێندنەوەی نوێ ڕابردوو بخوێنێتەوە، مەبەست هێنانەوەی یادەوەرییە لەئێستادا بە تێڕوانینێک بێت دەربکرێت

لەتۆمار ورووداو گریمانەکان، بۆ ئەوەی لەو لابۆرە نەبنە مێژوو نووسێك کە حیکایەتێك بگێڕنەوە کارەکتەر و زەمەن داخراوبن، بۆ ئەو کارەش "هەموو گێڕانەوە تاك ڕەهەندەکانی پێش خۆیان ڕەد دەکەن و ڕێ خۆش دەکەن بۆ گێڕانەوەیەکی فرە ڕەهەند" (٤)

ئەگەر تا ئەو ساتەوەختە دوالیزمەکان جوغزێك بە مەداری عەقڵی شانۆکاری کوردیان کێشا بێت وهەوڵدانەکان نەیان توانیبێت ئەو دوالیزمانە بڕووخێنن، ئەوا لەو لابۆرەدا دوالیزمەکان تێك دەشکێندرێت، بە شکاندنیش نایەوێت دوالیزمی تر دروست بکەنەوە، بەڵکو چارەسەر بۆ دوالیزمەکان تەنها دەقی پێرفۆڕمانسیە، ئەو دەقەی لە ئەنجامی وێران کردنی دوالیزمەکان سەر لەنوێ هەوڵی داڕشتنەوەی بونیادەکانی شانۆ دەدەن.

دوالیزمی نێوان دەق ودەرهێنەر بەوە دەگۆڕدرێت کە دەقی پێرفۆڕمانسی دەقێکی نووسراو نیە کە سنوورێکی دیاری کراوی هەبێت، بەڵکو دەقێکە دونیایەك بۆشاییە،



ئەو بۆشاییە گەمەیەکی دووبارە بۆوەی دەرهێنەر نیە لەگەڵ دەق، بەڵکو جەستەی نمایش هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەدات لەڕێگەی پەیوەندی خۆی بە پانتاییەوە، ئەوەش پرسیاری جەستە وگەڕانە بەدوای نهێنی ئەفسووناوی.

بۆیە دوالیزمەکان بەو گۆڕینە پەیوەندییە ئاسەوارەکانی لە عەقڵی شانۆکاری کورد دەسڕێتەوە بەتایبەت لەدوالیزمی نێوان هۆڵ وشانۆ.

شوێنی نمایش دەلالەتەکانی خۆی ناگۆڕێت بۆ دەلالەتی تر کە لەهەموو هەوڵەکانی پێش خۆی کە لەدەرەوەی بیناسازی شانۆ نمایش کراوە هەوڵدراوە دەلالەتیتر بەو شوێنە بدرێت، کەچی ڕووخانی ئەو دوالیزمە ئەلتەرناتیڤێکی ترمان بۆ درووست دەکات، ئەویش ئەوەیە کە "دەقی پێرفۆڕمانسی ئەو کارانەن کە لە شوێن و کاتی واقعی دەکرێن وئامادە بوونی خۆم کارەکە دەبات بەڕێوە، نەك ئامادە بوونی ئامادە بوویەك کە من نوێنەرایەتی دەکەم" (٥)

ئەوەش خولْقاندنی جەستەی ئاهەنگسازە لەنمایش "ئامانجی ئەم جەستەیەش بریتیە لەبیرۆکەی ئامادەگی جەستە لە پانتاییدا ئەمەش مەبەست لە ئامادەگی جەستەی نمایشکارو جەستەی بینەرانیشە، واتە بەرهەم هێنانی ووزەیە لەیەك ساتدا" (٦)

هەر ئەو ووزەیەشە دواجار دەبێتە تێکشکاندنی ترسی ناوەکی لای جەستەی وەرگر، چونکە جەستەی ئەکتسیۆن هەولْ دەدات هەموو ئەو ترسانەی وەرگر لە ماتریال وئەکتسیۆن و جیاکردنەوەی شوێنی نمایش وبینین بەرەو دنیایەکیتر ببات، کە ئەو جەستەیەکی ئازاد بێت، بە ئازادی خۆی بتوانێت "پێیەکانی بخاتە ئەو شوێنانە وبلْێ ئەمە شوێنی منیشە، بۆشی هەیە کار بە ماتریالەکان بکات، دەتوانێ تام وبۆن بکات بینین و بیستنیش دەبنە کردەیەکی ئالْ وگۆڕ کراو" (٧)

بەوەی وەرگر لەناو ڕیتوالێکی تازەو کەشف نەکراودا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەش ئەفسوونی ڕیتوالْە، کە ئەو ڕووبەرووی پانتاییەکی دەلالی دەکاتەوە، پانتاییەك



توانای بەرهەم هێنانی دالی هەبێت، ئەوەش بەشداری کردنێکی ڕاستەوخۆی وەرگرە، ئەو هەست دەکات نمایش فەرامۆشی ناکات، بەلْکو بە بەشێکی تەواوکەری خۆی دەزانێت، ئەوەش لەڕێگەی بوونی جەستەی ئەو لە کردەیەکی هاڕمۆنی لەگەلْ ئەکتسیۆن ڕیتوالْی نمایشە شانۆییەکە پێك دێنن، بەواتای دەیانەوێت لەڕێگەی داڕشتنەوەیەکیتر ڕەخنە ئاراستەی ئەو چەمك ودەستەواژانە بکەن کە پێشتر بزووتنەوەی شانۆی کوردیان لە ڕووبەرێکی تەسکدا نووقم کردبوو، بۆیە "شانۆ لەلابۆری لالش دا ئاوێنەی ژیان نیە، ئێمە دەمانەوێ بچینە نێو ئاوێنەکەوە، دیسانەوە پەنجەرەیەکیش ناکەینەوە کە لێیەوە بڕوانین، بەلْکو دەمانەوێت بچینە نێو پەنجەرەکەشەوە" (٨)

گەڕانەوە بۆ یادەوەری لەکەنالْی پەیوەندی کردنی دەنگ بە ئەکتسیۆنەوە، دەنگ بەرەو ڕابردوویەك دەمانگەڕێنێتەوە، بەلاْم ئەمجارەیان دەنگ هەم هەڕەشەو هەم بەرگری لە جەستە دەکات، هەڕەشەی دەنگ لە

جەستە ئەوە هەڕەشەی ڕابردووە، بەڵام بەرگری لە جەستە زەمەنی ئێستای دەنگە، هەر ئەوەشە لەوە دڵنیامان دەکات کە دەنگ و یادەوەری پارێزگاری لە هێڵێکی تەریب دەکەن، ئەوا "تارمایی دەنگ دەخوڵقێت وەکو شوێنی نائامادەیەك، کە خۆی بۆ ئامادەیەك دەگۆڕێت" (٩)

خود کاتێك بەرەو ڕابردوو دەگەڕێتەوە تووشی کێشەیەکی فەلسەفی دێت ئەویش گرفتی بوون و لەدەست دانی شووناسە، ئەو بوونە فەلسەفیە لەنێو ئاماژەکاندا دەر دەکەونەوە (ئاو) دەکرێت بە ئەیقونە تا دواتر (ئازار چەشتن) ببێت بە ڕەمزەکەی، کە ئاماژەکەی مردن وژیانە، ئەوەش ڕەمز بە زەمەنی خوڵقێنەری ئێستا نانووسێتەوە، بەڵکو بۆ سۆبستاتری ژیان دەیگەڕێنێتەوە کە غەریزەیەکی ئەزەلی خودە.

ئەو غەریزەیەی دەبێتە مانەوەی خود، بەدوای بوون وفەناکردنی جەستەی خود دێت، ئەوەش پەیوەندی جەستەیە بە (یادەوەری+ هەنگوین) هەر بۆیە "لەساتی



ئازار چەشتن و چێژی هەنگوینی گەرمدا جەستەمان بەشێك نابێت لە پانتایی بەڵکو پانتاییە" (١٠)

ئەگەر ئەکتسیۆنی دووەم ئینترۆدۆکتیۆن بێت بۆ چەمکی فەلسەفە، ئەوا ئەکتسیۆنی سێیەم چڕ بوونەوەیە لەناو ئاماژەی زمانەوانی جەستە کە کۆمەڵێك پەیوەندی تازە لەبۆشاییدا ئاشکرا دەکات: پەیوەندی وەرگر بە بۆشایی وجەستەی نمایش، دۆزینەوەی وەزیفەی سیمانتیکی موفرەدەکانی ئەکتسیۆن.

کە سۆبجێکتی دەق لەناو بۆشاییدا بەرەو نادیارێك دەڕوات، ئەوەش نووسینە لەسەر جەستەی کۆ.. بەشداری کردنە لە ساتی (شادی.. ئازار.. دڵەڕاوکە.. فەنابوون) کە لە فەنابوونی جەستەوە دەنگ هەوڵ دەدات خۆی بنووسێتەوە، چونکە "دەنگ درێژ بوونەوەی جەستەیە" (١١)

ئەوەش ساتی هارمۆنی بوونی دەنگ وجەستەیە، کە دەنگ درێژە بە پەیوەندیە دەلالیەکانی جەستە دەدات ودەیخاتە نێو ئاماژەی زمانەوانییەوە، ئەویش بۆ

گەیشتنە بە ئەویتر، ئەکتسیۆنی خواردن وخواردنەوە (ساوەر.. نان.. شەربەتی ترێ) کە خولقاندنی مۆتیڤی ڕیتوالییە، لە بە وێنە بوونی خود سۆبجێکت لە ئازارە خودییەکانی بە پێچەوانەی سەرەتا ئەمجارەیان خۆی جیا دەکاتەوە لە ئازار ویادەوەری کۆمەڵی، بەڵکو بەرەو یادەوەری خود دەگەڕێتەوە، بەمانای لەزەتی کۆ لەلایان تاکەوە وێنەیەکی فەردانی بەرهەم دێنێتەوە، ئەویش بە پۆرترێت بوونە کە بە ڕژانی خوێن وێنای یادەوەری خود دەکات.

خود لەفەنا بوونی جەستە دەیەوێت گیان بەشتەکان ببەخشێت، ئەوانەی توانای بەدواندنی وەرگریان هەیە، بۆیە بەدوای وون بوونی شوێنەوارەکان دەکەونە پەیوەندی کردن بە یادەوەری وەرگر لەڕێگەی جل وبەرگە نووسراوەکان وچوارچێوەی بێ پۆرترێت.

بەدوای مانەوەی ماتریالەکان لەگەڵ ئامادە بوواندا کە مانەوەی ماتریالەکان پرسیاری یادەوەرییە بۆ گەڕان بەدوای هەنگوین، لێرەدا ڕووبەرووی ئەو پرسیارە



دەبینەوە: کە ئەگەر ماتریالەکان جەستەی یادەوەری پێك بێنن، ئاخۆ سۆبجێکت توانای بەرهەم هێنانی هەنگوینی دەبێت؟ ئەو پرسیارە دەروازەیە بۆ دوان لە ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش، دوانیش لەو لابۆرە ناکرێت لەدووتوێی لاپەڕەکان بەشداری لەو پرۆسەی وەرگرتنە بکەین، بەڵکو بەبێ بینینی ئەزموونەکانی ئەو لابۆرە ئەو پرسیارە توانای بەزاندنی سنووری پرسیاری نووسراوی نیە، بۆیە هێنانەوەی ئەزموونەکان بۆ (ئێرە) دەبێت پرۆژەی کارکردنی ئەو لابۆرە بێت تا شوێنگە وخاسیەتی ئەزموونی شانۆییمان بناسین.

پەراوێز وسەرچاوەکان:

١ یادەوەری+ هەنگوین/ شەماڵ عومەر- نیگار قەرەداغی/ ئاینده ژمارە (٦) لا ١٥٣-١٦٢

٢ هەمان سەرچاوە/ لا١٥٩

٣ لێرەدا گەڕانەوە چەمکێکی نۆستالۆژی نیە، بۆ ئەوەی لە ئێستا بەرەو ڕابردوو بگەڕێینەوە،

بەڵکو مەبەست لە متمانە کردنە سەر ئەنترۆپۆلۆژیایە وەك زانست بۆ ئەوەی بگەینە ژینالۆژیای زمان.

٤ دنیای شتە بچوکەکان/ ڕێبوار سیوەیلی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم (سلێمانی) ١٩٩٩/ لا ٢١٤

٥ ئەنترۆپۆلۆژیاو کولتور لەلابۆری شانۆی لالش/ شانۆکار ژمارە (١) لا ٤٨

٦ لابۆری شانۆی لالش/ ڕێگا (پاشکۆی ڕێگای کوردستان) ژمارە ٣٥٠، ١٩٩٩/٥/٥

٧ یادەوەری+ هەنگوین/ لا١٦٠

٨ ئاهەنگی دامەزراندنی لابۆری شانۆی لالش/ ئێستا ژمارە (١٩)

٩ دیدارێك لەگەڵ شەماڵ عومەر/ ئایندە ژمارە (١١)

١٠ یادەوەری+ هەنگوین/ لا١٥٤

١١ هەمان سەرچاوە



# خەونی ماڵ و ماڵی خەون

ماڵ کولتورێکە بۆ بەردەوامی بەخشین بە پەیوەندیەکانمان، کولتورێك پڕیەتی لە یادەوەری، لەتوانامان نیە لێیەوە دەرباز بین، بەتەنیا بەدەرکردنی یادەوەری و شتە بێهودەکانی بەهۆی یادەوەریەوە هەڵمان گرتووە، یوسف کاتێ لەماڵ دەبردرێتە دەرەوەی ماڵ و فڕێ دەدرێتە بیرێکەوە، بەهۆی ئەو خەونەیە کە لە ئایندەدا ماڵ دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

خەون ئومێدێکی خواستراوە کە لەکاتی خەوندا دەیبینین، لەگەڵ بەئاگا هاتنیشمان ئەوا کۆتایی پێدێت، تەئویلی خەونی یوسف ئایندە دەست نیشان دەکات، ئەوەش مەترسیەکە بۆ براکان لەوەی سیستمی بەدوایەك هاتوو لە دەست بدەن، مرۆڤ کاتێ لەخەو هەڵدەستێ هەوڵی ئەوە دەدات تەئویلی ڕەمزەکانی ناو خەونەکەی بکات، ئەو ڕەمزانەی هیچ پاڵەپەستۆیەك نایان هێنێ، بەڵکو خۆیان دێن، بەبێ ئەوەی یاسایەك هەبێ بازنەیان بۆ بکێشێت، ئەوەش جیهانێکە دواتر دەتوانین بە (خەونی پاکیزەیی) ناوی بەرین، خەونێك بەدوای هاتنەدی پاکیزەیی خۆی لەدەست دەدات، چونکە نەمانتوانیووە لەکاتی خەون بینین تەئویلی خەونەکە بکەین و لە ماناکانی بدوێین، بۆیە خەونەکە ڕووە پاکیزەیەکەی خۆی دەدۆڕێنێت، بەلام دەبێ لەو هۆکارە

بپرسین: ئایا فەرامۆش کردنی تەئویل بەسە بۆ ئەوەی لەبارەی خەونەکەوە نەدوێین؟ یاخود دەبێ بگەڕێینەوە بۆ هیواخستنی ئەو خەونە بۆ واقیع؟

دیارە تەئویل نەکردن چەندە هۆکاری سەرەکی شکستی خەونە، بەڵام ئەو تەئویلەی لەدەرەوەی خەونیش فەرامۆشمان کردووە، پرسیارێکیترە کە دەبێت جارێکیتر بۆی بگەڕێینەوە، چونکە ئەو خەونە لەپەراوێز بوونمانەوە سەری هەڵداوە، لەهەست کردن بەوەی فەرامۆش کراوین و دابڕاوین لە جیهانی ئەوانیتر، سەیر کردنی خۆمانە لەوەی سڕینەوەی خەسڵەتەکانمان بە پڕۆژە کاری بۆ دەکەن.

بۆیە خەون بە ئازادیەوە دەبینین، لەوەی ئایندەمان ئاسۆیەکی ڕوون بێت، بەڵام کاتێ خەونەکە دێتە دی و بەفریای تەئویل کردنی ناکەوین، چونکە دەبوو پێشتر تەئویلی بکەین، بۆیە هەست دەکەین ئەو خەونە پاکیزەییەمان زۆر بە خێرایی لەدەست دەردەچێت، بە لەدەست چوونی خەون پاکیزەیی خۆی دەدۆڕێنێت، ئەمجارەیان پێشبینی تراژیدیاکانی داهاتوو دەکات، ئەگەرچی لە (خەونە ترسناکەکانی یوسف) بەرزان فەرەج ئەو خەونە دەکاتە گەڕانەوەی یادەوەری لە ئێستادا، یادەوەریەك نەك وەك ئەوەی هەیە، بەڵکو یادەوەری ئەو خەونەیە لە دنیای



کوردیەوە دەیبینێت، خەونێك ترسناکی لەوەدا نیە کە ڕووی حەقیقەتی خۆی دەدۆڕێنێت، حەقیقەتی پاکیزەیی لەدەست دەدات.

چونکە خەونی یوسف ئەو خەونە نیە بۆ ئاسۆیەکی نوێ، بەڵکو بەدوای شکستەکانەوە خەون دەبینێت، ئەو خەونە چەندە ترسناکیش بێت، نایەوێ لەو ترسە بە ئاگا بێتەوە، ئەو باران و ڕەشەبایەی لەودیو پەنجەرەکانەوە گوێ بیستی دەبین و چەخماخەیەك ماڵ ڕۆشن دەکاتەوە، دەنگێکە بۆ ئاسۆیەکیتر، دەیەوێ ترسناکی خەونەکانمان بۆ دەربخات، ئەوەش ڕێگایەکە بۆ خوڵقاندنەوەی ئەو سیما شێوێنراوە، سەرەتای دەستپێکردنی ئەو خەونەیە کە خۆی لە دەرەوە دادەبڕێت، لە ساتەوەختی نووسین دەست بە پرسیارەکانی دەکات، نەك ئەو پرسیارەی کە ئەستێرە و مانگ و خۆر لە کرنۆش بردنن بۆی، بەڵکو پرسیاری دەرکەوتنی براکان بۆ ناو ماڵێك، کەهەموو شتەکانی شێوێنراوە، بۆیە ئەو ماڵە پێویستی بەوەیە ئەو برایانەی لەناویدان نەخەون، بەڵکو لەشەوی باران و زریاناوی دەبوایە ئەوان بە ئاگابن، هەر بۆیە کاتێ دەبینین شتەکان ڕێك خراونەتەوە نابێ خۆشحاڵ بین، چونکە شتەکان دەبێ لە بنەڕەتەوە بگۆڕدرێن، نەك ئەوانی دوێنێ ڕێك بخەینەوە، چونکە ڕێکخستنەوەیان هەناسەیەکی کورتە

تیایدا وا هەست بکەین "ئێمە لەم ماڵەدا هەموو سەربەستین بەکوێدا بمانەوێت دادەنیشین" لا١٣
بەڵام ئەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ماڵی تر نابینن، بینینی ماڵیتر ئەو پرسیارەمان لا درووست دەکات، کە ئەگەر ئێرە ئەو ماڵەیە بە مناڵی ئێمە یاریمان تیا کردووە، کەچی ئێستا هەست بە سەربەستی لەناو ئەو ماڵەدا ناکەین، بۆیە لەبینینی ماڵەکانیتر دەبێ بپرسین "ئێمە گۆڕاوین یا بە مناڵی هەستمان پێنەدەکرد.. شوێنێك نییە تیایدا ئاسوودەبین" لا١٣
ئەوەش کەشف بوونی نهێنیە بەدوای سەیرکردنی ماڵەکانیتر، بەڵام گۆشەگیر بوونی کەسانیتری ئەو ماڵە، ئەو نهێنیە وەکو ئەفسوونێکی ئەو ژیانە دەمێنێتەوە، بەوەی نابێ کەشفی نهێنیەکانی ماڵ بکرێت "لەم ماڵەدا ئەوەش فێربووم کە هەندێ شوێن و شتی تایبەتی هەیە دەبێ ڕێزیان لێ بگرین" لا١٤
ئەوەی دواجار ماڵەکانمان بەسەردا دەڕووخێنێ، لەو مەترسیە هاتووە کە نەمانتوانیووە دەسکاری سیما شێواوەکانی ماڵ بکەین، ئەگەر پێمان وایە دواجار ئەو ماڵەمان ڕێك خستۆتەوە ڕێك ناخرێتەوە، دەبوایە شتەکان بگۆڕین، بە نەگۆڕینی شتەکان ئەوا یادەوەریی مناڵی تەوقێکە و لە ئێستامان نابێتەوە، ئەوەش گەمەکردنەوەی یوسفە لەناو خەونەکانیدا، کە هەوڵی ڕەسم



کردنەوەی خەونەکانی دەدات، بەوەی ئومێد لە ئایندەی ئێمە نییە، گوڵەکان بێ ڕەنگ بوون کاتێ ئەو بە لاولاوە درێژەکەدا بەرەو ئاسمان سەردەکەوێت و لەگەڵ مناڵە باڵ سپییەکان یاری دەکات، ئەو خەونە چیرۆکێك نیە، بەڵکو حەقیقەتی سەرەتاییە بەوەی خەونی ئێمە لەسەرەتادا خەونی پاکیزەیی بوو ئومێدێك هەبوو گوڵەکان ڕەنگ بکەین، چونکە دواتر هەموومان دەبینە بەشێك لەناو ئەو خەونە ترسناکەی یوسف "من لەسەر هەورەکەم..مامە تۆش لێرەیت.. دایە سارەش لقی درەختەکەی گرتووە بۆ لای ئێمە دێت" لا١٨
نهێنی بوونی ئێمە لەناو خەونەکەدایە، کە بێ ڕەنگی گوڵەکان ڕەنگی پاکێتی هەڵدەگرن بۆ خەونە ڕەنگاو ڕەنگەکان، کەچی دواتر ئەو خەونە پاکیزەییە دەدۆڕێنێت بەوەی ڕەنگی سوور کە دەلالەتی خوێن دەبەخشێ، نەك پەڕی گوڵەکان، بەڵکو دەوروبەری سوور دەکەن، ئەوەش گوڵ لە خەونی پاکیزەییەوە بۆ حەقیقەتی خوێناوی دەگوازێتەوە، ئەو خەونەش نهێنی ماڵە کە پێمان وایە گوڵەکانی بە جوانی ڕادەگرین، بەڵام دواجار لە خەونە ترسناکەکەی یوسف لەوە دەگەین ڕەسمکردنەوەی گوڵەکان لاپەڕەکانیش سوور دەکەن، ئەوەش پرسیاری جەوهەری خەونە، پرسیارێك پاکیزەییمان بە خوێن پێ دەگۆڕێت، بۆیە براکان نابێ

بێن بە بەربەست لە خەونی منالآن، ئەو نەوەیەی بەهۆی دۆگما بوونی براکانەوە وێنەی ئاینەدەمان دەکێشێ، ئەوەی لەدواجار دەبێ بە حەقیقەتێك لەناو خەونـدا یوسف دەیبینێت، بەوەی گەڕانەوەی براکان بۆ ماڵێك هاتوون، (برایم) یّکی ئیفلیج خاوەنی ژنێکی جوانە، خەمەکانی ئەو ماڵە زیاتر دەکەن، چونکە پیاو لەو ماڵە کە برایمە توانای سێکسی لەدەست داوە، واتە شوناسی نێرینەیی لەدەست داوە، بۆیە شەڕ لەو ماڵەدا دەبێتە شەڕ لەسەر سارە.. ئەوەی پیاوێکی ئیفلیج خاوەنیەتی، بۆیە گومانی برایمی ناو مێژووی حیکایەتە ئاینیەکە بەوەی ئەوەی دەیپەرستن چەند دار و بەردێکن و خودا نین، هەر ئەوەشە لە حیکایەتەکە دەبێتە هۆی درووست کردنی پرسیار لەلای، کەچی لە دەقەکەی (بەرزان فەرەج) دا ئەو بۆخۆی بەرد کۆدەکاتەوە، چونکە پەیوەندی بە یادەوەری هەیە، ئەو گومانە بە پرسیاری ناگەیەنێ، ئەو گومانە لای ئێمە دەگۆڕێ بەوەی گومان لە (سارە) ی هاوسەری دەکات، ئەو کاتەی هەست دەکات براکان چاویان بڕیوەتە ژنەکەی و کەوتونەتە شەڕێکی دەروونی، هەریەکە و دەیەوێ دڵی ڕازی بکات و ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لەناو ماڵ بیهێنێتە دەرەوە و لەو ڕێگەیەشەوە هەوەسبازیەتی جەستەی خۆیانی پێ دامرکێننەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە براکان لەناو شکست و



بێزاربوون لە پەیوەندە ئەخلاقیەکانی ماڵدا دەژین، ئەو پەیوەندیەی بە درێژایی مێژوو سیستمێك ڕێگەی گۆڕانی نەداوە، ئەوەش وای کردووە ناپاکی لەو سیستمە خێزانیە بکرێت، کە لەناو ماڵ بە پیرۆز ڕاگیراوە، بۆیە دەبێ بپرسین: ماڵێك دواجار چەپاندن وامان لێ بکات ناپاکی لە فۆڕم و بەها ئەخلاقیەکانی بکرێت، هەق نیە ئەو ماڵە ئەو پەیوەندیە دابەزیوانەی بگۆڕێت و لەسەر بنەمایەکی مۆدێرن وێنای ژیانی خۆی بکات؟

پەیوەندی حەرامزادەی براکان بە سارە، سەرەتای نیاز خراپی براکانە، ئەوەی یوسف لەناو خەونەکەیدا داهاتووەکەی دەبینێت "وێرانە ئەبینم وا لاولاوەکە دەبڕنەوە" لا٥٦

ئەوەش کەوتنی کەناڵەکانی پەیوەندی کردنمانە بە یەکتریەوە، ئەوەی لەناو ماڵ دەمێنێتەوە شتەکان نین، بەڵکو ئاژەڵە ووشککراوەکانن، تەنانەت کاتژمێرە دارینەکە کە ئامادەگی بەردەوامی زەمەنیە، یەك لە براکان دەیدزێت، بەواتای داهاتوویەکی تاریك لە چاوەڕوانیماندایە، ئەوەش وێران بوونی ماڵە، براکان لە مەستیدا پێی هەڵدەستن.. یەکێکیان دەیەوێ پەلاماری براژنەکەی بدات، ئەویدی دەچێتە ژوورەکەی تا ئاڵتونەکانی بدزێت، تا دەگاتە ئەوەی براکان ژوورەکەی سەرەوە ئەوەی دایکە ڕێگەی نەدەدا لەخۆی زیاتر کەس بچێتە ناویەوە،

ژوورەکەیان بەسەر یەکەوە نەهێشت، شتەکانیان فڕێ دایە دەرەوە، شتەکانی ئەو ژوورەش جگە لە چۆغەیەك و جامانەیەك کە جلە خوێناویەکانی کوڕەکەیەتی هیچی تریان لەو ژوورە نەهێشتۆتەوە، ئەوەش دوا یادەوەری دایکە بە کوڕەکەیەوە، دوای ئەوەی "گۆڕەکەیان هەڵدایەوە ئێمەیان کرد بە شێت، خۆیا لەئێسقان زیاتر هیچیان نەبینی" لا ٥٩، کەچی دەیانەوێ پاکیزەیی بەر لە هاتنەوەی ئەوان ئەوەشمان بە درۆیەك پێ بدۆڕێنن، بەوەی ئەوان لەپێناو بەختەوەری ئێمەدا ژیانیان داناوە، مێژووی قارەمانێتی بۆخۆیان درووست دەکەن، کەچی ئەوەش دەماکێکە بۆ پاساوی جێگیر بوون، بە ویستی خۆیان مێژووی پاڵەوانێتی خۆیان دەنووسنەوە، ئەوان برایم نابینن کە لە پێناوی ماڵ و دایك بووە بە قوربانی جەنگێك هەرگیز باوەڕی پێی نەبووە.

ئەمڕۆ دەیانەوێ بە پارە پاداشتی بدەنەوە، پاداشتێك ئەو قاچەکانی داناوە لە پێناویان، ئەمڕۆ دەیانەوێ لەباتی قاچەکانی پارەی پێ بدەن، لێرەوە پرسیاری مێژوویی برایم لە بتەکان دەگۆڕێت بە پرسیار لەوەی لەپێناوی چی لەدەستی داوە "دەتوانی بمدەیتەوە؟ کەستان دەتوانن قاچەکانم بۆ بگەڕێننەوە" لا٧٩، ئەو پرسیارە بەدوای گومان لە براکانی، بەوەی ئەوان



ئاڵتوونی ژنەکەیان دزیووە، وەك چۆن گومانی ئەوە دەکات براکان دەیانەوێ ژنەکەشی لێ بدزن، ژنێك کە ئەو ناتوانێ بەختەوەری بکات، پیاوێکی ئیفلیج دەرگاکانی بەختەوەری بەڕوویدا داخراوە، بۆیە بڕیاری جیا بوونەوە دەدات، نەك لەبەر ئەوەی گومانەکانی گەورەتر دەبن، بەڵکو ئەو دەزانێ ژنەکەی کردۆتە کارەکەرێك، بۆیە جیا بوونەوە بە بڕیارێك دەبینێت "خەتای تۆی تیا نیە.. خەتای ئەو زەمەنەیە کە خەریکە هەموومان لە ئینسانیەت دەخات" لا٨٤

بۆ ئەوەی گۆڕانێکیش لەناو ماڵ درووست بکرێت، گۆڕانێك کە ماڵی کوردی بڕوای پێی نیە، ناچارە جێی بهێڵێت، بۆیە سارە لەگەڵ دان سەفەر دەکات، (برایم) یش تێدەگات لە شێتخانەیەکی وادا، کە ماڵ ئەو شوێنە ئارامە بووە بە وەحشستانێك، بۆیە هەموو حەبەکان دەخوات و خۆی دەکوژێت، ئەوەش ڕاکردنە لەو کولتوورە نەگۆڕەی ماڵ، ئەوەی پەیوەندیەکانی هێمنی تیا دەشێوێنێ "کۆڵەکەکان لێرە مانەوە، ئێرە کەلاوە نەبوو.. خانوویەکی ڕاستەقینە بوو هەموومان تیایدا دەژیاین" لا٩٢، بەڵام چونکە کاتژمێر و ئاڵتوون و کورسی تیا دزرا، بەواتای زەمەن و دەسەڵات و ئابوری خێزان دەبردرێتە دەرەوەی ماڵ، ئەوا ماڵیش تووشی وێران بوون دێت.

ئەوەش حەقیقەتی خەونە، خەونێك براكان لە سەرەتاوە دانی پیا نانێن، بەڵام لەبەریەككەوتنی ململانێكان چیتر ئامادە نین بیشارنەوە، پەیوەندی پیاوەكان بە (سارە) شەوە ئەویش وەك هەرشتێكی تری ماڵ سەیر دەكرێت، بەڵام لەو كاتەدا دانی پیا دەنرێت، كە هەموو نهێنیە ئەخلاقیەكان ئاشكرا دەبن "هەموو شتێكی ئەم ماڵە دەستی لێدراو پیسكرا، هیچ شتێك بە پاكی جێنەهێلرا، تەنانەت ئەو ئافرەتەش" لا٩٤.

دەستكاری كردنی شتەكانی ماڵ پەیوەندی بە گۆڕانەوە نیە، بەڵكو جێگۆڕكێیە بە شوێنەكان، نەك گۆڕانیان ئەوەش دواتر ماڵ دەكات بە كەلاوەیەك، چونكە هەڵەی براكان لەوەدا بوو، بەبێ گۆڕان پێیان وابوو ماڵ لە وەهمەكانی ڕزگار دەكەن، بەڵام بە مانەوەی تێدەگەن ماڵ چۆن بۆخۆی دەبێتە شێتخانەیەك ئەگەر لە بنەڕەتەوە نەیگۆڕین، بۆیە ناچار دەبن ئەوان ماڵەكە بەجێ بێڵن، بەجێهێشتنی ماڵ بە واتای تەنیا (دایك/ یوسف) لەوێ دەمێننەوە، ئەوەش ئەو حەقیقەتەیە كە دواجار براكان ماڵەكە بەجێ دێڵن، ئەوانەی لەماڵەكە دەمێننەوە دایكی شەهید و كوڕی شەهیدەكانن، بۆیە دەكرێ ماڵ یەك دیدگای بۆ بەردەوامی هەبێت، ئەویش ئاوێتەكردنی خەون و حەقیقەتە، بەوەی خەون حەقیقەتی ماڵە، حەقیقەتی خەونیش ئامادە بوونی یوسف نیە لە



ئاهەنگەكەدا، بەڵكو خەونی ماڵە دەتوانێ حەقیقەتی ماڵ بە پێی ئەوەی هەبوو ڕێك بخاتەوە.

ماڵ دەبێ بەو حەقیقەتەی كە دایك لەگەڵ یوسف دەیكاتەوە بە خەون "یوسف گیان سەیركە.. ئەم كەلاوەیە چەند جوانە.. سەیری لاولاوەكە بكە.. هێشتا سەوزەو بۆ ئاسمان هەڵكشاوە.. دەی پیا سەركەوە بۆ سەرهەورەكان.. ئەم كەلاوەیەمان خۆشدەوێت.. خۆشماندەوێت وەكو ژیان و مەرگی خۆمان"لا ٩٥ لێرەوە ماڵ دەبێ بە درێژكراوەی یادەوەری، نهێنیەكان دەبنە بەشێك لە حەقیقەتی دوێنێ، بەوەی ئەوان خۆیان بۆمەرگی جوانەمەرگ ئامادە دەكەن، بۆیە دایك داوای لێ دەكات یوسف لەژوورەكەی سەرەوە خەون ببینێت، بەواتای خەونەكەی بباتە ئەو ژوورە پیرۆزەی دایك، دوای مردنی كوڕەكەی بە كەسی ڕەوا نەبنیووە بچێتە نایەوە، بۆیە ڕێگەی یوسف دەدات، چونكە ئەو لەو شوێنە لەدایك بووە ئەوەش سوڕانەوەی زەمەنی نەوەكانە، بەوەی لەناو كولتوری ماڵ لا نەدەن، ئەگەرچی تارماییەكان ڕێگای نادەن، چونكە تارماییەكانیش بەشێكن لەو ماڵە، هەر ئەوانیش یوسف دەخنكێنن، كاتێ دەنگی ئەمبولانسەكە دێت، تا دایكە بەرەو شێتخانە ببات، بەو جۆرەش ماڵ دەبێ بە چۆلەوانیەك، كە ئیدی تەنیا وەك كەلاوەیەكی چۆل دەیبینین،

کەپڕیەتی لەتارمایی، چونکە ئەو کەلاوەیە قوربانیەکانی (باوکی یوسف و برایم) تیایدا مردن دەری کردن و(نەجۆ و شێرۆ و کاردۆ) ڕایان کرد و (یوسف) خنکێنراو دایکیش بەرەو شێتخانە دەبردرێت، بەم جۆرە یادەوەری ماڵ خەونی پاکیزەییمان پێ دەدۆڕێنێت



# مانای شانۆ.. شانۆی مانا

داڕشتنەوە.. نووسینەوەی دەقێکی نوێیە، دۆزینەوەی جیهانبینێکی دیکەیە لەناو ئەو دەقانەی مانای دیکەی لێ وەدەست دێت، زۆر جار داڕشتنەوە لەڕێگەی دەقئاوێزانەوە توانای ئەوەی نیە نمایشێك بەرهەم بێنێت کە خاوەنی سیستمێکی دەلالی سەربەخۆ بێت، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە شانۆکاران ناتوانن پارێزگاری لەهێلی فکری نمایشەکە بکەن، بەڵکو زیاتر لەکۆکردنەوەی دەیالۆگەوە ویستوویانە فۆڕمێك بە نمایشەکە ببەخشن، کە فۆڕمی چێژی ئەدەبیە.

ئەوەش دەبێتە دەسپێکێك بۆ پچڕانی پەیوەندی نێوان نێرەر و نێردراو، نێرەر دەبێتە ملکەچی چەند ووشەیەك کە لەتوانای دەربڕینە جەستەییەکاندا نیە مانا بۆ جولە ودەربڕینەکانی بدۆزنەوە، نێردراویش بەدرێژایی نمایشەکە هەموو ڕەگەزەکانی شانۆ دەبینێ، بەڵام ئەو سیستمە نابینێ کە ڕێکخەری ڕەگەزەکانە.

بۆیە ئەو كارە پێویستی بە تواناو سەلیقەیەكی ڕۆشنبیریی فراوان هەیە، بۆ ئەوەی ئەو ئاماژانەی (دەقی یەكەم) لەكاتی داڕشتنەوە دەكوژێت، ئاماژەی نوێی تیا بەرهەم بێنێت، بۆ ئەوەی پەیوەندیی خۆمان بە دەقەكان وون نەكەین، واتە لە ئاوێتە كردنی جیهانی دەقەكان هێلێك بدۆزینەوە بۆ كاركردن، ئێمە لێرەدا ئامازە بە دوو هەوڵ دەدەین، یەكەمیان شانۆگەری (دەریا) یە لە ئاستی دەقەوە لەبارەیەوە دەدوێین، ئەویتریش (كەلاوەی نان) لەسەر دەقی نمایش دەوەستین.

مەبەستی سەرەكیش لەو نووسینەدا تیشك خستنە سەر جۆری ئیشكردنە لەسەر كووشتنی مانا لە (دەقی یەكەم) و خوڵقاندنەوەو نووسینەوەی مانایە لەناو (دەقی دووەم) بۆ ئەوەش دوو شێوەمان بۆ كاركردن هەڵبژاردووە، لەشانۆگەری (دەریا) ئەو پرۆسەیە لەئاستی دەقەوە سەیر دەكەین، هەرچی لەشانۆگەری (كەلاوەی نان) ە، پرۆسەی دەقئاوێزان لەناو یەكەی نمایشە شانۆییەكەدا دەخوێنینەوە، دەكرێ ئەم دوو



هەوڵە وەكو ڕووبەرێكی بنیاتنانەوەی مانا بۆ ناو پرۆسەی نمایشی شانۆیی سەیر بكەین. (هادی ئەلمەهدی) ە لە سێ پانتایی جیاواز سرووتێكی شانۆیی دەخوڵقێنێ وناوی دەنێ (دەریا) (١)

دەریا چەندە ناوی كارەكتەری سەرەكی شانۆگەریەكەیە، ئەو كچە لادێیەی دەبێتە ئەكتەرێكی ناوداری شانۆ، بەوەش دەمانهێنێتە نێو دەمامكی ساختەی ڕەخنەگران، كە چۆن ئامادەن لەپێناو مەبەستی خودی كەسانێك بەرز بكەنەوە، بەو كارەش شوناسی ڕاستەقینەیان دەدۆڕێنن، بەوەش هادی هێلێكی درامی دەست نیشان دەكات وپەیوەندیەك دەدۆزێتەوە بۆ نزیكبوونەوە لەو دەقانەی پێشوو، كە دەیانكات بە چاوگەی بونیادی فكریی نمایش، دەریا كە ناوی كارەكتەرە سەرەكیەكەیە پەیوەندیەك لەتەك شیعریی (دەریا) ی گۆران دەدۆزێتەوە، ئەوەش دواتر دەبێت بە جۆرێك پەڕینەوە لەكردەی ناوەكی كارەكتەر، هەروەها بۆ یادەوەری ئەكتەر دەگەڕێتەوە ناو شانۆگەریی (مارا–صاد) كە

ڕۆژێك ڕۆڵی (کوردی) بینیووە، ئەوە جگە لە بوونی فەزایەکی چیخۆفی لە گۆرانی چایکا، بۆ ئێستای کردە درامیەکەش لەڕێگەی دەقێکی عەبدولکەریم برشیدەوە دەپەڕێتەوە بۆ ناو فەزای ئەو دەقەوە، ئەوەش یەکانگیر بوونی کارەکتەرە لەنێوان واقیع ونواندن "فەرهاد لەکوێی.. بۆ وەڵامم نادەیتەوە، بەهار هاتوو پەڕەسێلکەو حاجیلەکانی لەکوێستانە دوورەکانی ئەم وڵاتە بەرینەوە گەڕانەوە.. تۆ نەهاتی.. پایز هات و گەڵا وەری.. قازو قولنگ بەسەر شارا لەگەڵ گۆرانیەکی غەریبی بەسۆزی کۆچ وکۆچبارا.. ڕێژنەی باران لێی ئەدان وشەوقی گلۆپ چاوی چاوەڕوانی منی بۆ بەرزایی هەڵەخست و دەمگووت بڵێی فەرهاد لەگەڵ ئەم کۆچەرییانەدا نەبێت.. نەهاتیت و نەکۆچت کرد.. فەرهاد لەکوێی.. لەکوێی" (٢)

هەرچی شانۆگەریی (کەلاوەی نان) ی دلشاد حوسێنە ئەزموونێکیتری ئەو جۆرە دەقئاوێزانەیە، بنیاتی کارەکتەری سەرەکی لەسەر چیرۆکی (گوڵی ڕەش) ی



شێرزاد حەسەن دروست دەکرێت، بۆ ڕەهەندە مرۆییە تراژیدیەکەی ڕووداویش چیرۆکی (خەمەکان) ی چیخۆف لەسەر یەك هێڵ ڕووداوەکان بەرەو ترۆپك دەبەن، حەمەی ئاشەوان، مناڵە هەژارو عاشقەکەی هێرۆ لە گوڵی ڕەش، حەمەی پرسیارکەر لەدایکی پرسیاری بوون ونەبوون، پرسیاری چینەکان کە "دایکە بۆ لەحەوشەکەی خۆمان گوڵ ناچێنیت؟ کوڕم ئێمە بەحاڵ جێگەی سەرو قاچمان بۆتەوە.. گوڵی چی وتەڕەماشی چی؟ ئەی بۆ ماڵی هێرۆ گوڵیان زۆرە؟ کوڕی خۆم ئەوان خوا پێداون، ئاخر بۆچی؟" (٣).

ئەو پرسیارانەی حەمە لە چنینێکی درامیەوە دەگوازێتەوە بۆ کۆستی مردنی مناڵەکەی کاتێ لەبەردەم نەخۆشخانەکەدا وەستاوە، لەسەر ئەو هێڵە چیخۆف دێنێتە نێو جیهانی شێرزاد حەسەن، بە زمانێکی سادە پەیوەندیی خۆی بە نێردراو دەست نیشان دەکات، دەیەوێ سرووتێکی چیخۆفی غەمگین بە نمایشەکە ببەخشێت، بەوەی لەڕێگەی کۆرسەوە لاوانەوەیەك کە

ژانی ناوەکی حەمەیە "دەخەڵکینە.. دەگوێ بگرن، لەبۆ ساتێ خەمەکانمان لەگوێ بگرن"

ئەگەرچی ئەو ئەکتەرانەی دەبوونە یاریدەدەری سەرەکی حەمە بۆ ڕوونکردنەوەی بونیادە ناوەکیەکەی وێنە شانۆییەکە بوو، کە لەتەکنیکێکی سادەوە بەرجەستە دەکرا، بەتایبەت دەیویست لەنێو دنیای چیخۆف و شێرزاد کۆمیدیایەکی خەمناك ببەخشێت، ئەوەش دەرخستنی وێنەیەکی واقعی مەرگەساتی کارەکتەرەکە بوو، لەڕووی پەیوەندیی بە کارەکتەرە لاوەکیەکانی تێکستەکە "خەڵکی گەڕەك.. خۆپیشاندەران.. ڕەش وڕووتەکانی کۆمەڵ"

کە دواجار لەهێلێکی درامیدا ئەو دوو نووسەرەی ناو دوو کولتوری جیاوازی تێدا کۆدەکردەوە.

ئامارژەکان:

١ شانۆگەری (دەریا) دارشتنەوەی دەق (هادی ئەلمەهدی) وەرگێڕانی (رەئوف بێگەرد) دەرهێنانی



(میدیا ڕەئوف) لە٤/٥/١٩٩٠ لەچوارەمین فێستڤاڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی نمایشکراوە.

٢ دەستنووسی دەقی (دەریا)

٣ شانۆگەریی (کەلاوەی نان) ئامادەکردن ودەرهێنانی دلشاد حوسێن، بەشداری فێستڤاڵی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان لە ١٩٩٤ کرد و خەڵاتی یەکەمی دەرهێنانی وەرگرت.

# هەیمەنەکردنی شار و کەوتنی شانۆی کوردی

زاراوەی (شانۆی کوردی) زاراوەیەکە نەك هەر لەناو بزووتنەوەی شانۆییماندا خاوەنی ئیشکالیەتە، بەڵکو هەمیشە پێشگری شانۆ بۆ نەتەوە و دەوڵەت هێندەی گوزارشت لەکاری شانۆیی گرووپەکان دەکات بە زمانی ئەو نەتەوەیە، وەك چالاکی کولتوری دەوڵەتێك دەنوێنرێت، هێندە ئەو زاراوەیە توانای ئەوەی نیە شوناسێکی شانۆیی بەخۆی ببەخشێت، بەواتای زاراوەکە لە بنەڕەتدا هەستی نەتەوەیی و وورووژاندنی سیاسی هێناویەتیە بوون، نەوەك لەناو گوتاری شانۆوە هاتبێت، ئەوەش بە تەنیا گرفتی شوناسی شانۆ نیە لەلای شانۆکاری کورد، بەڵکو بەهۆی ئەوەی هەمیشە سەرچاوەی شانۆکاری کورد شانۆی عیراقی بووە، بۆیە ئیشکالیەتەکانیشی لەجەوهەردا ئیشکالیەتی شانۆی عیراقیە، شانۆی عیراقی بۆخۆی نەیتوانیووە گوزارشت بکات لە تەواوی بزووتنەوەی شانۆیی شارەکانی عیراق، بەڵکو ئەو شانۆیە بریتی بووە لەو نمایشانەی تیپەکانی بەغدا پێشکەشیان کردووە، بۆیە شانۆی شارەکانی تر بە شانۆی پارێزگاکان ناو براوە، لەکاتێکدا هەر هەوڵێکی تازەگەر لە شانۆی عیراقی هەبوو



بێت لە بەغدا نەبووبێت وەك شانۆی عیراقی سەیر نەکراوە، ئەوەش ئیشکالیەتی ئەو ناونانە بووە، ئەمڕۆ کە ئەو ناوانەی ئەو شانۆیەیان پێکهێناوە کەمتر لەناو عیراقدان، بۆ نموونە (د.عونی کرومی) تا ساتەوەختی مردنی ببووە ئەزموونکارێکی گەریدەی شانۆکانی دنیا لەنێوان وولاتانی عەرەبی و ئەڵمانیا کاری دەکرد، ئەوانیتریش زۆربەیان لەوولاتانی کەنداوو وولاتانی تری عەرەبی کار دەکەن، ئیشکالیەتەکە لە ڕابردوودا هێندە دەرنەکەوتووە بەڵام لە ئێستادا دەرەنجامە ترسناکەکانی بە ڕوونی هەست پێ دەکرێت، بەوەی ئەوەی لە بەغدا شوناسی شانۆی عیراقی بوو کەمتر ئێستا لە عیراقە، بەواتای بە سێنتەرکردنی شانۆی بەغدا وەك سێنتەری شانۆی عیراقی، کەوتۆتە بەر هەڕەشەی لێدان لە سێنتەر.

کاتێ ئەو سێنتەرە دەکەوێتە بەر هەڕەشەی دابەش بوون، بەوەی شانۆی عیراقی ناتوانێ پارێزگاری لەو شوناسە بکات، چونکە هەڵگری چەمکێکی شانۆیی نیە، هێندەی دیدێکی تۆتالیتاری سیاسی هێناویەتیە بوون، ئەوەش پەیوەستە بەو دۆخەی شانۆکار تیایدا ژیاوە، کە کارەکتەرە سیاسیەکانی عیراق بەلایانەوە گرنگ نەبووە ئەو زاراوەیە چەندە ئیشکالیەتی بۆ داهاتووی شانۆ دەبێت، هەرچی سەبارەت بەو زاراوەیە

لەنێوەندی شانۆیی ئێمەدایە، ئیشکالیەتەکانی ئەگەر ئاڵۆزتر نەبن لە شانۆی عیراقی سادەتر خۆیان نانوێنن، بەهۆی ئەوەی زاراوەی شانۆی کوردی هەمیشە خۆی لە پەراوێزی شانۆی عیراقی بینیوە، ئەو پەراوێز بوونە هێندەی دەستەواژەیەکی سیاسی بووە شانۆیی نەبووە، بەڵام هەر هەوڵێکی جدی درابێت خێرا براوەتە بەغدا نمایش بکرێت، تا لەسێنتەری شوناس نزیک بکەوێتەوە و لە پەراوێزبوون خۆی دەرباز بکات، ئەو بڕوا بەخۆ نەبوونە بۆ داننانی ئەوانیتر بووە، کە لە ئاستی ناوەکیەوە ویستویەتی بەهەمان میکانیزمەکانی ئەو سێنتەرە کە بە غدا بووە ڕەفتار بکات، بۆیە زاراوەی شانۆی کوردی زاراوەیەك نەبووە بریتی بێت لەتەواوی بزووتنەوە شانۆییەکە، بەڵکو شانۆ لە سلێمانی وەك سێنتەرێك سەیر کراوە، هەر بۆیە لە ئێستادا نووسین و کتێبێك دەبینین لەسەر ڕابردووی شانۆی کوردی، هەمیشە جەخت لەسەر شانۆگەریەکانی سلێمانی دەکرێت، بەواتای شانۆ لە هەولێر وەك پەراوێزی شانۆی کوردی بووە، وەك چۆن لە دهۆکیش هەر وا بووە، ئەوان بریتی بوون لە (شانۆی هەولێر) و (شانۆی دهۆك) ئەوە لەکاتێکدا قەڵەمە ڕەخنەییەکان لە هەولێرەوە سەریان هەڵداوە، بەڵام ئەوانیش زیاتر بەرەو پاسەکانی گەراج جانتاکانیان هەڵگرتووە، تا لەسەر



شانۆی کوردی بنووسێت، دەشێ یەکێك لە هۆکار و بیانووەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە شانۆ لە سلێمانی چالاکتر بووە و ئاستی زۆر لە شانۆی شارەکانی تر لەپێشەوە بووە، ئەگەر وابێت ئەو بەرەو پێشچوونەی شانۆ شانۆی کوردی ناگرێتەوە، بەڵکو شانۆی سلێمانی دەگرێتەوە، بەڵام ئەوە ڕاستیەك نیە، بەڵکو بیانوویەکی کەمخوێنە بەهۆی ئەوەی قسەکردن لە شکست و هەڵەکان دەیتوانی شانۆ لە شارەکانیتر زۆر بەرەو پێش بەرێت، بەدوای ڕاپەڕین بە تایبەت لەگەڵ قۆناغی شەڕی حزبەکان یەکێك لەو لێدانانەی دەزگا کولتوریەکان لە سلێمانی بەری کەووت شانۆ بوو، شانۆ لەو شارە سێنتەری کوردی بوونی نەما، ئەوە دەرەنجامی هەڵوەشاندنەوەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، ئەگەر بەعس کۆنترۆڵی تەواوی دام و دەزگاکانی هەولێر و کەرکوك و شارەکانیتری کردبوو، ئەو دەرفەتەی لەگەمەیەکی سیاسی بە سلێمانی بەخشیەوە ئەوە ئازادی بەخشین نەبوو بەڵکو کەمکردنەوەی ڕقی خەڵکی ئەو شارە بوو بە جۆرێکیتر، بەواتای چالاك بوونی سلێمانی وەك شارێك بۆ شانۆ دیاری بەعس نەبوو بەوەی مەترسی لەبەرامبەر ئەو شارە نیە، بەڵکو ئەو شارەی پێ کۆنترۆڵ نەکراوە، بۆیە ویستوویەتی ڕقی گەنجان بەوە دابمرکێنێتەوە کە دەرفەت بە چالاکی فەرهەنگی و

كولتوريان دەدات، دەرەنجامی ئەو گەمەيەش ديسان بەدژی شانۆ كەوتەوە، شەڕی حزبەكان شتێكی نەهێشت بەناوی نەخشەی شانۆی كوردی كوێيە، ڕەنگە ئەوەيان هەڵوەشاندنەوەی نەخشەيەكی بەعس بێت لە شانۆدا، بەڵام كارەساتەكەی لەوەدايە ئەو ڕۆڵەی شانۆ درا بە ڕۆژنامەكان ئەمجارە ڕۆژنامەكان سێنتەر بوونی خۆيان ڕاگەياند، بۆيە لێشاوی ڕۆژنامەكان هۆڵەكانی شانۆيان چۆڵ كرد، ئەوانەی شانۆيان بەلاوە گرنگ بوو ئيدی بريتی بوون لە شانۆكارێك كە لەدايكبوونی (شانۆی سلێمانی) نەك كوردی وەك چۆن بزووتنەوەيەكی نوێ لە (شانۆی هەولێر) و (شانۆی دهۆك) هاتە ئاراوە، دەكرێ تەواوی بزووتنەوە شانۆيەكانی شارەكان ناو بنرێت بە شانۆی كوردی، بەڵام شانۆيەك خۆی وابەستە نەكات بە كێشەی شوناس و ڕەسەن بوون، چونكە ئەوانە چەند چەمكێكن هێندەی سياسی و نەتەوەين شانۆيی نين، ئيدی لە عيراقدا بەهەموو نەتەوەكانەوە سێنتەرەكان كەوتنە بەر هەڕەشەی كەوتن و هەڵوەشاندنەوە، ئەوەش قۆناغی لەدايكبوونی شانۆی شارەكانە، باشترين بەڵگەش شانۆی كەركوك بەهيچ جۆرێك ناتوانێ ببێت بە شانۆی عيراقی، وەك چۆن نابێت بە شانۆی كورديش، بەڵكو هەر دەبێت بە شانۆی كەركوك و هيچيتر.



# خوێندنەوەيەكی شيكاريی بۆ شانۆگەريی ويڕانە

نەوزاد لەساڵی ١٩٤٦ لەئاودەستخانە لەدايك دەبێت، بەبوونی ئەو دايكی بەسەردا دەمرێت، ڕۆژان تێدەپەڕێت و خوێندن تەواو دەكات، دەبێت بەمامۆستای مێژوو، ڕۆژێكيان بەبۆنەی جەژنی نەورۆز باسی سنووری كوردستان وزمانی كوردی وپەيمانەكانی سيڤەرو لۆزان وئەو ئەمارەتانەی بەدرێژايی مێژوو درووست بوون بۆ خوێندكارەكانی باس دەكات، بەو بيانووە دەگيرێ ولەڕۆژی ١/٥/١٩٧٦ بڕياری ١٨ ساڵ زيندانی بەسەردا دەسەپێنن، لە ١/٥/١٩٩٤ لەزيندان ئازاد دەكرێ، دوای ئەوەی ١٨ ساڵی تەواو كرد، لە ٢/٥/١٩٩٤ دەگاتەوە كوردستان، شوفێرەكە لەقەراغ شار دايدەنێ ونايهێنێتە ناو شار.

چونكە ناو شار تەقەيە، نەوزاد نازانێ ئەو تەقانە بەچ هۆيەكەوەيە، هەروەك دەپرسێ "ئەوە تەقەی خۆشييە يان شەڕە؟" چونكە خۆشترين سات لای ئەو ئەو كاتە بوو كە لەزيندان ئازادكرا بوو "ئيمرۆ خۆمان حوكمی خۆمان دەكەين" زۆر دڵنيابوو لەوەی ئەو پيربووەو توانای كاری مامۆستايی نەماوە، بەڵكو ئێستا بەو تەمەنە بير لەبنياتنان وئاوەدان كردنەوە

دەکات، دەڵێ "سەریشم پڕی خەونە" خەون بەگەلێك کاری مەزنەوە دەبینێت، لەوانە پارچە زەویەکەی و کۆڕپەکەی، بەڵام کەس نیە دەرگای لێ بکاتەوە، ماوەیەك هاوار بۆ مناڵ وژنەکەی دەکات، تا دڵنیا دەبێت کەس لەماڵەوە نیە، لەوێ لەبەر دەرگا خۆی بەئێمە دەناسێنێ، پاشان بیری دەکەوێتەوە کە بەرلەوەی بگیرێ کلیلێکی لەگیرفاندا بوو، کلیلەکە لەگیرفانی دەردەکات ودەرگاکە دەکاتەوە، دەچێتە ژوورەوە لەژوورەوە کاتێکی زۆر چاوەڕوانی مناڵەکانی دەکات کە بگەڕێنەوە، بەڵام دواجار دەزانێ کەچاوەڕوانی بێهوودەیە.

سەرەتا پەنا دەباتە بەر تەلەفۆن، بەڵام بێئەنجامە پاشان کتێب وکاغەزەکانی ناو کتێبخانەکە لەژوورەوە بڵاو دەکاتەوە، لەناو کاغەزەکان کارتی شووکردنی مهابادی کچی دەبینێ وئەشیعەیەکی کوردەی کوڕیشی دەبینێ لەگەڵ پسوولەیەکی پزیشکی کە بە نەخۆشی شێرپەنجە مردووە، بۆیە پەنا بۆ پەنجەرەکان دەبات، دەڵێت "تۆزێك پشوو دەن وتەقە ڕاگرن دەمەوێ لەگەڵ خۆمدا ئاشت ببمەوە" بەڵام تەقەکان ناوەستێنرێن، بۆیە هیچ هیوایەکی بەم ژیانە نامێنێ، وانیشان دەدات کە کوردەی کوڕی لەگۆڕستان دێتە لای وتاوێك لەئامێزی دەگرێت، ئینجا داوای لێ دەکات کە بگەڕێتەوە بەهەشتەکەی



خۆی، دواتر بەگالیسکەو ئەسپەوە ڕووەو گۆڕستان ملدەنێ تاوەکو بگاتەوە لای دایکی.. بگەڕێتەوە ئەو شوێنە ئارامەی تیایدا لەدایکبوو، چونکە ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایەی گەڕانەوە بۆ منداڵدانی دایك گەڕانەوەیە بۆ ئارامی، دوای ئەم هەموو ئازارەی لەزیندان چەشتی، خێزانەکەشی کە خەونێکی گەورەی بوو لەدەستی چوو، بەڵام بەر لەوەی بگاتەوە منداڵدانی دایکی دوو فیشەك بەری دەکەوێت ودەمرێ، بەمردنیشی نمایشەکەش کۆتایی دێت.

ئەوەش بیرۆکەی سەرەکی شانۆگەریی (وێرانە) بوو، لە ئامادەکردن ونواندن ودەرهێنانی (کامەران ڕەئوف) بەرهەمی تیپی هونەری شار، ڕۆژانی ١٥-١٨/١٠/١٩٩٥ لەسەر شانۆی هۆڵی گەل (هەولێر) نمایش کرا. لێرەدا لەڕێگەی خوێندنەوەیەکی شیکارییەوە هەوڵ دەدەین ئەو ئاماژە زمانەوانی و نازمانەوانیانەی ناو نمایشەکە شیکار بکەین، چونکە هەر لەسەرەتاوە ئێمە ڕووبەرووی ئاماژەی بیستراوو بینراو دەبینەوە.

ڕۆژی لەدایك بوونی تاکە کارەکتەری نمایشەکە کەوتۆتە دوا ڕۆژەکانی کۆماری مهاباد، ئەو ڕۆژەی سنووری جوگرافیای کوردستانی بۆ خوێندکارەکان باس کردووە، ڕۆژێکی دوای

هەرەسی شۆڕش بوو، هەروەها ئەو لەڕۆژێکدا بڕیاری زیندانی کردنی درا هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێی کوردیی، ئەو ڕۆژەش کە ١٨ ساڵ تەمەنی زیندانی تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە کوردستان کەوتۆتە یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنی شەڕی هەردوو حزبە کوردییەکە.

لەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نەوزاد وەك کارەکتەرێکی ئاسایی سەیر ناکەین، بەڵکو وەك ئاماژەیەك بۆ کەسێتی کوردیی بەهەموو پێکهاتە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی وفەرهەنگیەکانیەوە دەردەکەوێت، هەر بۆیە هاوارکردنی "تۆزێك پشوو دەن وتەقە ڕاگرن دەمەوێ لەگەڵ خۆمدا ئاشتت ببمەوە" هاواری کەسی کوردیە، کەسێتیەك ئەو ساتەوەختەی تیایدا ئەم شەڕی لەگەڵ خودی خۆیەتی، تا تەقەش نەوەستێ ناتوانن ئاشت ببنەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو کەسێتیە بۆ شەڕکەرەکانی ناو خۆدەیووت "بۆ چرکەیەك تفەنگەکانتان بووەستێنن، وەرن سەیرم بکەن بزانن چیم تیا ماوە".

چاوەڕوانی بەشێکی گەورەی لەناو نمایشەکە داگیر کردبوو، وەستانی نەوزاد لەبەر دەرگا چاوەڕوانیەکی تری زەمەنی کوردیی بوو، تا خۆی بە کلیلەکەی نەیکردەوە نەیتوانی بچێتەوە ماڵەوە، ئەو کلیلەی ١٨ ساڵە پێی بوو، کە دەیویست پێمان بڵێت



١٨ ساڵە دەزانین چۆن بیر لەبنبڕکردنی شەڕی کوردی بکەینەوە، یا کە دواتر تا خۆی لەناو کتێبخانەکە بەدوای هەواڵی خێزانەکەی نەگەڕا، کەس نەبوو بێتە ژوورەوە کەسیش نەهات، کامەران ڕەئووف دەیویست پێمان بڵێت هەوڵدانی بەردەوام کلیلی هەموو کێشەکانمانن نەك چاوەڕوانی دەستی قەدەر بین دیدی دەرهێنەر بۆ تێکستە شانۆییەکە بەرەنجامی چەندین دەقی ئەدەبی بوو، ئەوەش وای کردبوو هێلێك بدۆزێتەوە بۆ یەکەیەکی درامی سەرلەنوێ، دەبینین لەڕۆمانی (دۆزەخ) ئەو دێرەی وەرگرتووە کە دەڵێ "من لەئاودەستخانە لەدایك بووم" ئەو وەرگرتنە لەناو پرۆسەی تێکشکاندنی ماناو بنیاتنانەوەی بۆ ڕەهەندە دەلالیەکانی کارەکتەر وای کردووە بنیاتێکی سەربەخۆ ببەخشێت، یا ئەو دێرەی گۆگۆڵ کاتێ دەڵێت "دایە گیان قوڕقووشمی تواوەیان ......"

سینۆگرافیای نمایشەکەش بریتیە لە کاتژمێرێکی هەڵوەشاوە ئەوە جگە لە بوونی تەلەفۆن و کتێبخانە، لێرەدا هەریەك لە کتێب و تەلەفۆن کە گوزارشت لە ڕۆشنبیریی و پەیوەندیی کردن دەکات بوونیان نەماوە، ئەگەرچی کارەکتەری نمایشەکەمان کاتێ لەزیندان ئازاد دەکرێ کتێبێکیش دەکرێت، بەڵام لەم زەمەنی شەڕ و کارەساتەدا کتێب و ڕۆشنبیریی هیچ کاریگەریەکیان

نەماوە، ئەوەی لەسینۆگرافیاکە دەمێنێتەوەو بەشێکی سەرەکیە ئەو کاتژمێرە هەڵوەشاوەیە بوو.

ئێمە پێشتر لە کتێبی (ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری) لەبارەی سینۆگرافیای ئەم نمایشە ئەوەمان خستە ڕوو کە سینۆگرافیا لە وێرانەدا زمانی سەرەکی نمایشە، کاتژمێر کە دەلالەتی زەمەن دەگەیەنێت، لەم نمایشەدا کاتێ دەبینین هەڵوەشاوەتەوە، بەواتای جەنگ زەمەنی ئێمەی بەسەر بوونمان هەڵوەشاندۆتەوە، بۆ ئەوەی لەهەڵوەشاندنەوەو شێواندنی زەمەنی کوردیی دڵنیامان بکات، هاتووە چوار چێوەی کاتژمێرەکە هێناوەتە پێشەوەی شانۆ، ئەوەش لەبینراوە شانۆییەکەدا بووە بە (دەرگای ماڵەوە، قەفەسی زیندان) هەردوو میلی کاتژمێرەکە وەستاوە، هەردوو بەشە میکانیکیە بازنەییە نووک تیژەکەی نێو کاتژمێری وەك پەنجەرەی ژوورەوە بەکار هێناوە، لە بەرزایی شانۆکەدا چەند باندۆڵێکی فرە ڕەنگی شۆڕ کردۆتەوە، کە لەکاتژمێردا بۆ زەنگی ئاگادارکردنەوەیە، بەڵام ئەو ئاگادار بوونەوەیە لە سینۆگرافیای نمایشەکەدا گۆڕاوە بۆ سەر ڕەنگی جیاواز، ئەوەش ووریا کردنەوەمان بوو لە شەڕی ڕەنگە جیاوازەکان، بۆیە لەڕەنگەکاندا ئێمەی بینەری بەرەو ئەو خوێندنەوەیە پەلکێش دەکرد کە (سپی/ سوور) ئاماژەیە بۆ



شەڕی کوردیی لەشاخدان وەك چۆن (زەرد/ شین) ئاماژەی بۆ هەمان شەڕ دەکرد لە شاردا، ئەگەرچی دەیویست گەشبینیەکمان بۆ بخاتە ڕوون کە بەدوای هەموو شەڕەکان شادی ڕوومان تێدەکات، بۆیە بەدوای زەنگی هەرچوار باندۆڵەکە، لەگەڵ زەنگی دوا باندۆڵ، گوێبیستی مۆسیقایەکی سەمائامێز دەبین، گەڕانەوە زەنگ بۆ باندۆڵەکان واتە گەڕانەوە بۆ بزاوتی زەمەن، بەواتای ئیدی زەمەنی کوردیی ڕزگاری دەبێت لەوەستان و تێکشکان، مۆسیقاکەش گوزارشت لەساتەوەختێکی نوێ دەکات، ئەوە لەدایکبوونی ڕووناکی ئەودیو تاریکیە، دەرهێنەر لەکۆتایدا لەڕێگەی سینۆگرافیاوە زەمەنێکی نوێی بۆ نمایشەکە هێنایە بوون، کە زەمەنی دوای جەنگ و وێرانەیە.

# دەلالەتەکانی مانۆڕ و کۆدەکانی نمایش

بنیاتنانەوەی مەدلول لەناو دەق وئاشکراکردنی کۆدی ڕێکخەری نمایش بەشێکە لەناو نهێنی کردەی دەرهێنان، ئەو پەیوەندیەی دەرهێنەر لەگەڵ نووسەر درووستی دەکات پڕۆسەی نووسینەوەی مانا نەنووسراوەکانە، چۆن جارێکیتر لەناو ڕووبەری مەشقەکان ماناکانی دەق دەنووسینەوە؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە کە دەرهێنەر یوسف عوسمان لەناو دەقی (مانۆڕ) ی لۆلا ئەناگستۆکی بنیاتی دەنێتەوە.

ئاری و زوی خوشك وبرایەکن لەکۆمەڵگایەکی باوکسالاریدا باوك حەزو ویستەکانیان سەرکووت دەکات، تاکە دەسەڵاتی ناو ماڵ باوك بەڕێوەی دەبات، ئەو وێنەیەی ماڵ بووە بە ئاماژەیەك بۆ کۆمەڵگا و لەویشەوە بۆ دەوڵەت، ئەوەش نزیکمان دەکاتەوە لە قسەکەی هیگل کە ووتی "خێزان دەوڵەتێکی بچووکە و دەوڵەتیش خێزانێکی فراوانە" لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتە منداڵەکان بوونەتە قوربانی ئەو دەسەڵاتە سەرکوتکاریە، پڕۆسەی خوێندنەوەی دەق لەناو کردەی وەرگرتن بریتیە لە چوونە دەرەوەی باوك لەماڵ، دوای دەرچوونی باوك ئەو خوشك و برایە



هەست بەسەربەستی دەکەن، کاتێ باوك دەرچۆتە دەرەوە لەماڵ ئیدی ئەو شوێنە بریتی نیە لە زیندان، تەنها ئەو ساتەی باوك ئەگەڕێتەوە شوێن دیسان ئەبێتەوە زیندان، ئەگەرچی لە غیابی باوك کوڕ بەسەر خوشکەکەیدا دەیەوێ مومارەسەی باوکایەتی بکات، ئەوەش مومارەسەیەکی ڕەگەزیە بۆ سەپاندنی نێرایەتی.

لەوێدا ئاری ئەو نێرینەیە کە لاسایی کارەکتەری باوك دەکاتەوە، زوی مێینەیەکە کاری ناوماڵی پێدەسپێردرێتەوە ئەوەش ئاماژەیەکی دووبارەبۆوەیە بۆ چەوساندنەوە، شوێن کەبریتیە لەو ماڵەی ئەوانی تیا دەژین، پەیوەندیان بە دنیای دەرەوە پچڕاوە، ئەوەش زیندانێکە بۆ سووڕانەوەی زەمەنی سەرکوتکردن تیایدا، تاقە کەسێك ترس لەهاتنەوەی بکرێ باوکێکی چەوسێنەرە.

بینین تەنها بۆ زیندانیەکانە، ئازادەکان نابینان، لەگەڵ ئەوەی ئامادەبوونیان بۆ مانۆڕێك هەیە، ئەوەش لەبەردەم ماڵەکەیانە، ئەو ماڵەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکانی بەرەو شکستی ئامادە بوونی خێزان چوونە، ئەوەش دەرهێنەر لەیەکەیەکی هونەری بەرجەستەیان دەکات، کۆدەکانی نمایشەکە بە ئاسانی نادات بە دەستەوە، بۆیە دالی دە ق و کۆدی نمایش لەململانێیەکدان بۆ هێلێکی دەرهێنانی، ئەوەش بۆ پاراستنی

یەکەی سەربەخۆی نمایشە شانۆیەکەیە، بەتایبەت لەو دیمەنەی کە نهێنیەکی قووڵی کۆدی وێنە شانۆییەکەیە، کاتێ ئاری بە زوی دەڵێت: باشە پێم بڵێ وانەکانت ئامادە کردووە؟ هەی تەمبەڵ، بزانین چی لەدەرسی جوگرافیا دەزانی.. چەند وڵات لە ئەمریکای لاتین هەیە.. سفر.. سفر، شیلی چی بەرهەم دێنێ؟ وەڵام بدەرەوە سفر سفر با بێینە سەر وانەی مێژوو.. لەچ ساڵێکدا ناپلیۆن......هتد

روناکیەکی کزی سپی بەئاستەم ڕۆشنیان دەکاتەوە، ئەوەش دەلالەتێکی غەریزەیی هەیە، کە دەرهێنەر لەو ڕێگەیەوە توانی سنووری دەق ببەزێنێت، کە چەپاندنی سێکسی بووە بە پاڵنەر بۆ ئەو پڕۆسە ناسرووشتیە، دەنا گەر مەسەلە ئامادەکردنی دەرس بێت هیچ دەلالەتێك لە دەرهێنان نابینرێت، بەڵکو ئەوە ووردبینی دەرهێنەرە لەپاڵ ئەو پارچە قووماشەی بە درێژایی نمایشەکە زوی خەریکی دوورینیەتی وتەواو نابێ، (جوان سەعید) تەنیا خەریکی ئەو پارچەییە ودەست بۆ پارچەکانی تر نابات، ئەوەش ئاماژەیەکی ڕوونی مارکسیانە بوو بۆ ئەوەی پێمان بڵێت لەو کۆمەڵگایانەی ژنان قوربانی سیستەمی سیاسی پیاوەکانن وخاوەن ئابووریەکی سەربەخۆ نین بەو پانتاییە تەسکە ڕازین کە بۆیان دەست نیشان کراوە، بەڵام دەبوایە لەپاڵ



ئەوە ئاری (دیار عومەر) کەدوای چوونە دەرەوەی باوك کە دەبێ بە ئاماژە بۆ دەسەڵاتێکی چەوساوە ئەو بە پێچەوانەی مێینەکە پەلاماری سەرجەم پارچە قوماشەکانیتر بدات لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: دیارخستنی زیاتری شێواندنی بەها کۆمەڵایەتی وئاکاریەکانە.

دووەم: رەفتارکردن لەگەڵ موفرەدات بۆ نەمردنی شوێن وزیندوویەتی پانتایی شانۆ.

سەرەڕای ئەوە دەرهێنەر کاری بۆ ووردەکاری موفرەدەی دەرهێنان کردووە، ئەویش کاتێ کەسەکان لە ژوورەوە پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن وڕووناکی سەر شانۆ دەکوژێتەوە، ئەو پارچە قوماشەی زوی بەدرێژایی نمایش خەریکی بوو لەتاریکیدا دەکەوێتە خوارەوە، ئەوەش بانگەشەی دەلالەتی مردنی فکرە لەپاڵ مردنی جەستە.

چارەسەرکردنی دەق خاڵێکی گرنگی دەرهێنانە، چارەسەرکردنیش پێویستی بە ڕۆشنبیریەکی فراوان وبوێریی دەرهێنەر هەیە، دەرهێنەر بۆ چارەسەرکردنی بە دوو ئاراستە گوتار کاری کردووە (گوتاری هونەری/ کووشتنی کەسەکان).

لەئاراستە گوتاری یەکەم پەنجەرەی دواوەی شانۆ دەهێنێتە پێشەوە، مەبەستیش تیایدا وون نەبوونی ئیستاتیکای

جەستەیە، لەپاڵ خوڵقاندنی پەیوەندیی بە بینەرەوە، بۆ ئەو هێلە وەهمییەی کە وەرگر بۆ ئاراستە بوونی گوتار بە نمایش تێکەڵ بکات.

کەناڵی گەیاندنی گوتار ڕوناکیەکە سپیەکەی ناو بینەرە، واتە مانۆڕەکە لەناو بینەران ساز دەکرێ، یوسف عوسمان مەبەستی بوو پێمان بڵێت چۆن ژوورەکەی (جوان ودیار) پیس بووەو لەبازنەی وەهمی وبەتاڵەکان دەسووڕێنەوە، شاریش بازنەیەکی ژەنگ گرتووی ترەوە هەستی پێناکەن، خاڵی شکستی ئەو پەیوەندیە دوای وون بوونی عەقڵ وجەستە (مەرگ) ڕووناکی ناوبینەر داگیرسایەوە، ئەوە ڕێگە لەخوێندنەوەی نمایش دەگرێت وڕێگەی خوێندنەوەی دەلالەتەکان نادات، ئاراستەی دووەمی چارەسەرکردنەکە کووشتنی کەسایەتیەکانە لەو ژوورەدا، ئەویش جۆرە یاخی بوون وسەرکێشیەکە مادامەکی ژوور زیندان بێ ولەبازنەکان بخولێینەوە، مردن باشترین چارەسەرە کە بۆخۆمانی دیاری دەکەین.

جۆرە پەلەکردنێکیش لەکاری دەرهێنان بەدی دەکرێت، کە زۆرجار بۆ کۆدەکانی نمایش کاریگەری نێگەتیفانەی دەبێ ئەویش لەدووبارە بوونەوەی جولەی ئەکتەر دەردەکەوێت، بەڵام سرووتی نمایشەکە ببووە هۆی ئەوەی کەم وکوڕییەکانی



دەرهێنان داپۆشێت، چونکە سرووتی تایبەتمەندی نمایش لەو پانتاییە سیحراویەدا ببوون بە دەلالەتی نمایش وشوێنی کۆمەڵە ئەکتەرێکی گرتبۆوە بۆ چەندین وێنەی شانۆیی لەگەڵ ئەکتەر.

# فرە ڕەهەندی مانا لە ئاماژەکانی (شەمەندەفەر) دا

گوتاری ڕەخنەی شانۆیی لای شانۆکاری کورد توانای خوێندنەوەی بونیادی پێکهاتەی وێنەی شانۆیی نەبووە، لای ئەو گوتارەکە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ نووسراوی دەق دەست پێدەکات، بۆیە خوێندنەوەی نمایش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پێکهاتەیە بۆ ئاشکراکردنی مانا شاراوەکان کە ئیمبرتۆئیکۆ پێی وایە "پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ گەڕاندنەوەی ڕێکخستنی کۆد! کە داخستنی نیە"

لەو تێڕوانینەوە لەنمایشی (شەمەندەفەر) ی تیپی درامای هەولێر هەڵوەستە دەکەین، ژن وپیاوێک لە وێستگەیەکدا چاوەڕوانی شەمەندەفەر دەکەن، ئەو بیرۆکەیە دەبێتە تەوەری سەرەکی ململانێی درامی کە بەمەداری دوو بازنەدا هەردوو ئەکتەر پەیوەندیەکی جەستەیی نیشان دەدەن، پەیوەندیەک نێرینە تیایدا ناگاتە پلەی ئۆرگازم، ئەوەش شاردنەوەی ئاماژەی نێرینەیە لەنێو دەربڕاوی (سەما بکە) سەما لێرەدا بەردەوامیە بۆ کاری سێکسی، بەڵام مێینە ئاستێک بۆ تێربوون دادەنێ، لەگەڵ ئەوەی ئەو سەرەتایە چەمکێکی فکریی دەگرێتە خۆی، بەڵام



ئەکتەر لەڕێگەی هەڵچوونەوە بەئاژاوەیەکی زمانەوانیەوە ئاماژەی بیستنمان ئاراستە دەکات، ئەوەش درزێک دەخاتە پێکهاتەی وێنە، چونکە لەهێلی بیانی وێنە سیستمی کارکەر دەشێوێنێ، ئەوەش نەك لەبەرژەوەندی نمایش نیە، بەڵکو ڕێگای پەیوەندی نێوان (نێرەر ونێردراو) ڕادەگرێت، چونکە گەیاندنی هەڵچوون کردەیەکی ناوەکی بوو لەوەی دەرەکی بێت.

پەیوەندی (نێردراو– وەرگر) بە نمایشەکە پەیوەندی دەرهێنەرە بە ماتریالەکان، چونکە بوونی چوار پەیژە چەند دەلالەتێکی سیاسی نیشاندایـن، بەوەی ئێمە مرۆڤی پارچە پارچە کراوین وبەمەداری خۆمان دەسووڕێینەوە وچاوەڕوانی ئایندەیەکین کە دەمانەوێ شەمەندەفەر بێت و لەو وێستگەیە دەربازمان بکات، کەچی هەر جارێک کە دێت خێرا بەلامان تێدەپەڕێت وئێمەش لەکاروانەکە جێدەمێنین، بەڵام ئەو ئاماژە فکریە لەکردەی دەرهێناندا دەگۆڕێتە سەر کۆمەڵە پەیوەندیتر ئەوەش بە ووتەی ئۆبرد سفێڵد شانۆ دەگۆڕێتە سەر "توانای شانۆ لەووتنی کۆمەڵە حیکایەتێکی بەدوا یەکو لەیەکچوو نیشان دەدات"

ئەوەش تێکشکاندنی موفرەدەیە لەشێوەی باوی خۆی، واتە ئەو موفرەدەیەی ئاماژەیەکی دیاری کراوی هەیە، دەیگۆڕێت بۆ کۆمەڵە مانایتر، پەیژە لەوەزیفەی سەرکەوتن و دابەزین لای

دەرهێنەر (مەسعود عارف) لەم نمایشەدا وەزیفەکەی دەگۆڕدرێت بۆ پەیوەندی (نێرەر- ئەکتەر) بەو ماتریالانەی جارێکیتر مانای کەشف نەکراومان بۆ دەدۆزنەوە، مەبەستیش کۆکردنەوەی ئاماژەیە لە یەکێتی بونیادەکانی گوتار.

لێرەدا دەرهێنەر دەبێ بە ڕێکخەری نمایشەکە بەتایبەت لەبەکارهێنانی (بازنە) کە بۆ شوێنگەی کەسی کوردیی لەمێژوودا، چونکە کەسێتیەکە لەو ڕێگەیەوە دەلالەتی خۆ سووڕاندنەوەیەتی لەناو بازنەکەدا، ئەوەش خول خواردنەوەیە لەناو زەمەن، کە لەڕێگەی نێرەر فۆرمێك بە وێنەی شانۆیی دەبەخشێت هەڵگری جولەی ناوەکی جەستەیە، کاتێ (پیاوەکە- بەکر مەعروف) بەدانیشتنەوە بازنەکەی بەدەست گرتووە، کە لەژانی منالْ بوون دەکات.. ژانێك وون بوونی شوناسی نەتەوەیە، لەبەرامبەر ئەودا (ژنەکە- سوهام حەسەن) لەنزیکیەوە دانیشتووە وزیاتر لەشێوەی منالێکی نێو ڕەحمی ژنێك دەکات، ژنەکە دوو جار شوێنی خۆی دەگۆڕێت، بەوەش دەرهێنەر دەقی نووسراو لەڕێگەی ئەکتەرەوە دەگوازێتەوە بۆ گەیاندنی ئاماژە، ئەو وێنە شانۆییە لەو تێگەیشتنە ئاماژەکاریە دڵنیامان دەکات کە کیرئیلام ناوی دەبات بە "هەست کردنی نمایش تۆڕێکە لە مانا".



کاتێ نایەڵن ئەو منالە بێتە دەرەوە لەمنالْدانی دایکی، دەیکەنە قوربانی زەمەنی مردووی خۆیان، زەمەنێك سەرباری سووڕانەوە بەمەداری ئەو بازنەیە، بەڵام جگە لە جولەیەکی مردوو هیچ مانایەك بە بوونمان نابەخشێت، ئەوەش گوزارشتە بۆ ڕابردوو، ڕابردوویەك کە لەناو ئەمڕۆدا درێژ دەبێتەوە، ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ سەردەمە سەرەتاییەکان دەردەکەوێت، کاتێ پیاوەکە دەبێتەوە مرۆڤی کۆن، کە نیشاندانی قۆناغێکی ڕابردووە، قۆناغێك پرسیاری دەرهێنەرە لەهزری ئەکتەردا، ئاراستەی نێردراوی دەکات، بەوەی بۆ نێو دەسەڵاتی ژنسالاری دەمانگەڕێنێتەوە، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، تا بپرسین: ئێمە چیمان لە زەمەنەکان لەیەك ناچێت؟ ئاخۆ توانای دابڕانمان لە زەمەنەکان هەیە؟ بەمانایەکیتر دەتوانین بە عەقڵی باپیرانمان بیر نەکەینەوە؟!

ئەوەش پرسیارێکی نەووتراوی پشت ئاماژەی دادگایی کردنی (بەکر مەعروف) لەلایان (سوهام حەسەن) ەوە خۆی حەشار داوە، لەوێدا لەناو بونیادی مێژوو مێینە بێترس دەدوێت، ئەمجارە لەبری ئەوەی لەگەڵ سێبەرەکەی خۆی گلەیی بکات، بەڕووی نێرینەدا دەوەستێ و ئەوەی بیر دێنێتەوە هەر کاتێك ئەوی پیاو دەسەڵاتی هەبێت هەمان تۆقێنەرەکەی جارانە، لەکاتی

دادگایی کردنەکەدا نامۆ بوونێك لەلای کارەکتەر دەمێنێتەوە، بەوەی ناچارن دواتر بگەڕێنەوە نێو واقیع، واقیعێك ئەوانی موسافیر چاوەڕوانی شەمەندەفەرن، بەڵام سەرباری زەبروزەنگی پیاوەکە کەچی ناتوانێ گۆڕان لەو ژیانەی خۆیان درووست بکەن، جگە لەوەی ئەوەی بەو پیاوە دەکرێت وتاقە کاری تێیدا سەرکەوتوو بێت ڕاپەڕاندی پرۆسەی سێکسیە، چەند جارێك هەردوو ئەکتەر (بەکر وسوهام) بە جورئەت و سەلیقەیەکی هونەری پێی هەڵدەستان، بەڵام توانای ڕاپەڕاندنی کاری غەریزەیی لای پیاوەکە وبێئیرادەیی لەبەرامبەر شتەکانیتر ئاماژەیەکە کۆمەڵێك مانای تر بەرهەم دێنێت، دال بە ئاڵۆزیەوە بۆ وەرگر دەنێرێ تا کۆمەڵە دەلالەتێکمان لەلا بخووڵقێنێت.

تەنانەت ئەو ئاماژانەی لەنمایشەکە بەرهەم دەهێنران، لەکۆتایی ئەو ئاماژانەی تێك دەشکاند بۆ ئاماژەیتر، وەك گۆڕینی ئەو ئاماژانەی بە پەیژەکان بەخشران ودواجار کۆکردنەوەیان لەشێوەی ژمارە (٤) ئەوە سووربوونی دەرهێنەر بوو لەسەر ئەو ژمارەیە، چوار پەیژە بە ژمارە چوار کۆ دەکاتەوە، ئەوەش بۆ گۆڕینی ماناکانی پێشوو بوو، زیاتر وەستاندنی واقیع ودەست پێکردنی خەونی دەرهێنەرە بۆ ئەوەی لەو ڕابردووە خۆمان ڕزگار بکەین کە (پانتایی خوێن) مێژوومانی تیا دەست نیشان



کردووە، ئەوەش لەڕێگەی داپۆشینی شانۆ بە ڕەنگی سوور، هەر لەو چەند پارچە قووماشەی لەشێوەی ئەندازەیی بەدیواری شانۆکەوە بوون، لەخوارەوەش قوماشێکی درێژ کە زیاتر لەشێوەی ڕابردوو دەردەکەوت وپێمانی دەووت "پەڵەی خوێنەکان بە دیوارەکانەوەن، ئەوەتە دەریایەك لە خوێنمان ڕشت، کەچی مناڵەکەی ناوەوەمان ئەوەی ئومێدی ئەو هەموو خوێنە بوو نایبینین، ئەوەش تەنها خەونێکە وخۆمان دەیکوژین" یا دەرخستنی ئەو پانتاییە فکرییە لەڕێگەی ڕووناکی سوور، هەروەها بەکارهێنانی ڕەنگی زەرد لەڕووناکی چەپی شانۆ، کە زیاتر دەلالەتی نائومێدی ومەرگێکی زیاتر بە سوورەکە دەبەخشێ.

مەرگێك کووشتنی داهاتووە، هەر بۆیە دەرهێنەر لە درووست کردنی پێکهاتەی وێنە مەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندیی دەلالی کارەکتەر بوو لە کۆدەکانی نمایش، وەك ئەو پارچە قووماشە سوورەی بەدرێژایی نمایشەکە لەدەستی (سوهام) بوو، کە جوانترین تەوزیفی فکریی ئەو نمایشە بوو، ئەگەر لەهەندێ ساتدا ئەو نمایشە توانا فکریەکانی خۆی لەدەست دابێت، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نێرەر کە توانای نیە لە ئاماژەی زمانەوانی کار بە ئاماژە نەبینراوەکان بکات.

کۆزان لەم بارەیەوە دەڵێت "نمایش ئاماژە سرووشتیەکان بۆ ئاماژەی دروست کراو دەگۆڕێ" بۆیە هەردوو ئەکتەر توانیبوویان لە ئاماژەی سرووشتی سەرکەوتووانە دەربچن، بەڵام توانایان لەڕووی دەنگەوە نەیدەهێشت زاڵبن بەسەر ئاماژەی دروستکراو.

دەرهێنەر بۆ کۆتایی نمایشەکە کاتێ دەیەوێ دەستکاری شتەکان بکات، تاوەکو داهاتوو لە ئێستامان نەچێت، ئەوا توانای نیە پێشهاتە زەمەنیەکان وێنا بکات، بۆیە نمایشەکە کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراو بوو، کە کوشتنی زەمەنی دەرهێنەرە، لەسەر بەگژداچوونەوەی دیدگا وخەیاڵی دەرهێنان، ئەوەش ئەگەر زیان بەو دیدە دەرهێنانیە بگەیەنێت، بەڵام نەبووە هۆی ئەوەی جوانیەکانی نمایشەکە نەبینین، بەڵکو دەکرا لەسەر وێناکردنی زەمەنی قووڵتر خەیاڵمان بەرەو پرسیاری گەورە ببات، ئەو پرسیارانەی کە هەمیشە سەرکوتکراونەتەوە.



# پڕۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤ یاخود فۆرمێڵ بۆ گوتاری باو

پڕۆژەی ئەلتەرنالتیڤ لەناو بزووتنەوەی شانۆییمان هەرە پێداویستیترین ئەو پڕۆسانەیە کە توانای بنیاتنانی شانۆیەکی نوێی هەبێت کە هەڵگری خەونی جیاواز بێت، بۆیە زۆر پڕۆژە لەناو ئەو بزووتنەوەیە ئەمڕۆ دەیانەوێ هەڵگری ئەو قۆناغە بن، بەبێ ئەوەی بەناو گوتارێکی ڕەخنەیی تێبپەڕن، ئەوەی جێگەی نیگەرانیە زۆرجار گرووپە شانۆییەکان بۆخۆیان لەناو ئەو بانگەشەکاریە دەرگا لەسەر کرانەوە بەڕووی ئەزموونەکانیان دادەخەن، ئەوەی نەیهێشتووە ئەو پڕۆژانە بگەنە کۆمەڵێك دەرەنجام پەیوەستە بە ئامادە نەبوونی گوتارێکی ڕەخنەیی، ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین، لەسەر پڕۆژەیەکی شانۆیی بووەستین کە چەند ساڵێکە لەلایان کۆڕی شانۆی با کاری بۆ دەکرێت، دەکرێت ئەو جۆرە کارە هۆکارێك بێت بۆ دامەزراندنی ئەو گرووپە.

ئێمە لێرەدا دوو ئەزموونی ئەو گرووپە دەکەینە دەروازە و چوونە ژوورەوە بۆ قسەکردن لەو پڕۆژەیە، بەوەی تاچەند

بەسەرەتایەكی تۆكمە بۆ پرۆژەیەكی جیاواز دەست پێدەكەن و بۆچی لەهەوڵەكانی دواتر فۆڕمێك بۆ گوتاری باو بنیات دەنێن؟

## دژە تازەگەری، یان تەئویلی جیاواز بۆ تازەگەری

پرسیاركردن لەتازەگەری شانۆییمان، پرسیارە لە ڕووبەرێكی دەست نیشان كراو، ڕەخنەگرتنە لەو ڕابردووەی نەیتوانیووە لەمەعریفەی ڕووكەش ڕزگاری بێت، مەعریفەی نەستی ستراتیژو خەونی تازەگەری شانۆییمانە، نەك لەسەر بنەمای یاخی بوون لە میتۆد، بەڵكو لە پەیڕەو كردنی میتۆد، بەڵام نەك ئینتیمایەكی گریمانی كراو بۆ میتۆد، هێندەی میتۆد ئاراستەی ئیشكردن دەست نیشان دەكات، تاوەكو زەمینەیەك بۆ دۆزینەوەی مەعریفەی نەستی بسازێنێت.

هەڵبەت ئەو كارەش لەژێر ناوی ئەزموونگەری دەستی پێكرد، خەونی ئەزموونگەری خەونی شانۆیەك بوو بۆ ڕووكردنە (داهێنان وڕەسەنایەتی ونوێخوازی) كەلەژێر میتۆدی زانستی و بەپشت بەستن بە شانۆی وێنە و شانۆی ژوور هەوڵی گۆڕان لەئاراستە كردن بۆ بزووتنەوەی شانۆییمان درا، لەو قۆناغەدا "كۆمەڵێ لاوی ئەزموونكاری لەشێوەی لابۆرێكی هونەرییدا كەوتنە ئەزموون وبەرجەستە كردنی كردارە شانۆییەكی ڕەنگین،



بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش لەش وجەستەی ئەكتەر ودیدی دەرهێنەر سەرەتا بوون بۆ پتەو كردنی ئەو هەنگاوە" (١)

ئەوەش هەوڵێكی زانستی وتیریی تازەگەری بوو، كە چەندین ئەزموونی دیاری گرتۆە خۆیەن كە تا ئەمڕۆ جێگەی باس و گفتوگۆی نێوەندە شانۆییەكەمانە، بەڵام لەگەڵ ئەو گۆڕانە سیاسیەی كۆمەڵگای كوردیی بەخۆیەوە بینی، شانۆش وەك هەر كاییەكی تری هەناوی كۆمەڵگا تووشی سستی بوو، ئەو چەمكەی تازەگەری لەگەڵ دووركەوتنەوەی ئەزموونكارە شانۆییەكانمان كۆتایی بە پرۆژەكەی هێنا، ئەگەرچی بوو بە سەرەتایەكی تیۆری و زانستی بۆ پرۆژەی ئەلتەرناتیڤ وكاری جیاواز، هەرچەندە نەووەی دواتر نەیتوانی لەناو ئەو پرۆژەیەدا بەردەوامی هەبێت، بۆیە ئاراستەی تازەگەری لەگەڵ ئەو دۆخەی كۆمەڵگا بەرەو فۆڕمێكی بێهودەیی هەنگاوینا، حەزە خەفەكراوەكان بوون بە خەمی نمایشەكان، لەم قۆناغەدا جەستەئەركی قوڕسترین گوزارشت كردنی كەوتە ئەستۆ، تا ڕادەی ئەوەی وەك یاریزانێك دەردەكەوت.

بۆیە تازەگەری فۆڕمێكی وەرگرت لەڕووی دووبارە بوونەوەی موفرەدەو لێكچوونی فەزاو ئاراستەو وەزیفەی جەستە ودەنگ لەڕیتمێكدا، بێمانایی لەناو ئەو چەمكە بۆ تازەگەری تووشی

وەهمێکی گەورەی کردینەوە بەرامبەر بە تازەگەری خۆی، سەرەڕای ئەوەی ئەو ئاراستەیەش توانی ئەزموونی بەرزیش بەرهەم بێنێت، بەڵام ئەزموونگەلێك بوونەیتوانی ئاستی قۆناغی پێشوو تێپەڕێنێت، قووڵ بوونەوە لەناو بێمانایی ونەبوونی چوارچێوەیەك بۆ ستراتیژیی نمایش وایکرد نمایشەکان لەیەکتری بچنەوە، پرسیارێك کە لەلامان بە زیندوویی دەمایەوە، پرسیاری کۆتایی هێنان بوو، بەڕادەی ئەوەی گومانی ئەوەمان لا درووست دەبوو بڵێین: تازەگەری شانۆییمان پڕۆژەیەکی تەواو بووە.

تەواو بوون بەمانای کۆتایی هاتن، چونکە ئاراستەکانیمان ناسی، هەڵبەت ئەوەش وەهمی تازەگەری بوو، بەواتای ئێمە وەهمی تازەگەریمان ناسیووە نەك تازەگەری، ئەگەرچی دواجار هەر سەر بە تازەگەری شانۆییمانەو ناتوانین نکوڵی لێ بکەین، تازەگەریەك وەك ئاماژەمان پێدا ئەزموونی دیاریشی گرتە خۆی، بەڵام نەبوونی پڕۆژەیەکی ڕەخنەیی وای کرد نەتوانین ئەزموونە جدیەکان لەوانیتر جیا بکەینەوە،کەمنەبوون ئەو نمایشانەی بەناوی تازەگەری نیشان دران وکەچی گەمەیەکی تری سەلەفی تازەگەر بوون وخاوەن بنەمایەکی جیاواز نەبوون، جیاوازی چەمکێکی بنەڕەتی تازەگەرییە، لای ئێمە چەمکێکی نائامادەیە،



بەدەگمەن بینیمان ئاراستەی کارەکان لەیەکچوو نەبوون، ئەو جیاوازیەش ئەگەر کەسانێکیتر ویستیان بانگەشەی ئەوە بکەن کەلەوانیتر ناچن، بەڵام ئەوان دەیانوویست لەسەر ڕابردوو بژین، لەو نێوەندەدا نمایشی (وێنەی هونەرمەند لەتافی لاویدا) وەك ئەزموونێکی جیاواز دەرکەوت،ئەزموونێك کە لەدۆخێکی بێدەنگ تێپەڕی، بۆیە کاتێ ئەو ئەزموونە لەهەوڵی دووەمیدا گەشە بەخۆی دەدات،ئەگەر لەهەوڵی یەکەمیدا هەنگاوێك بێت بۆ دەرچوون لەو ئاراستەیە، ئەوا لەهەوڵی دووەمیدا کە نمایشی (پێکەوە لەیبەهەشتا عەسری) (٢) یە دەتوانین بنەماکانی ئەو چەمکە بناسین.

لەگەڵ ئەوەشدا نامانەوێ بەپێی تێگەیشتنی ڕەخنەیی خوێندنەوە بۆ نمایشەکە بکەین، هێندەی هەوڵێکە بۆ دەیالۆگکردن لەسەر تازەگەری وتاچەند ئەم ئەزموونە جیاوازە؟ جیاوازیەکەی لەکوێ دایە؟ چۆن سەیری شانۆ دەکات؟ئەو عەقڵە چیە کە کار بە کۆی یادەوەری گشتی دەکات؟

ساتەوەختی قووڵبوونەوەی وەرگر لەنمایشدا، دڵنیابوونە لەوەی عەقڵێکی فەلسەفی لەپشت نمایشەکەوە ئامادەیی هەیە، عەقڵێك پەیوەندیی بە ئاستی فکری وڕۆشنبیریی سەرجەم بەشدار بووانی نمایشەکەوە بێت، یاخود عەقڵی کەسێکی دەست نیشان

کراو بێت، عەقڵێك تەئویلێکی جیاواز بۆ تازەگەری دەخاتە ڕوو، کە لێرەدا بە ئەزموونی دژە تازەگەری ناوی دەبەین، چەنکە لەدژی تازەگەری دەوەستێتەوە، ئەو دژایەتی کردنەی تازەگەری لە بنەڕەتدا هەوڵێکە بۆ ڕزگار بوون لەوەهمی تازەگەری و ئینتیماکردن بۆ میتۆد وشێوازی شانۆیی ، نەك ڕاکردن لێی، بەڵام بە بەشداریکردن لەناو زانستە مرۆییەکان، بەمانایەکیتر پێمان نمایشی شانۆیی خاڵی نیە لە (فەلسەفە، زمان، قسەکردن، هیرمنیۆتیکا، سینەما، ڕۆمان) (٣) .

بۆیە کاتێ بمانەوێ لەو هەوڵە شانۆییە بدوێین، دەبێت دەسبەرداری تێگەیشتنی خۆمان بین بۆ شانۆ، بەوەی ئێمە چۆن سەیری شانۆ دەکەین، بەڵکو دەبێ واسەیری ئەو ئەزموونە بکەین، ئەو گرووپە چۆن سەیری شانۆ دەکەن، دەبێ لەڕوانگەی تێگەیشتنی ئەوان بۆ شانۆ بدوێین، نەك بمانەوێ سەرنج وتێگەیشتنەکانی خۆمان بخەینە ڕوو، بەڵکو مەبەست لەدۆزینەوەی ڕووبەرێکە بۆ دیالۆگ، دیالۆگ کردن لەهەوڵێکی جیاواز، تا لە بنەمای ئەو تەئویلە جیاوازە بۆ تازەگەری سەیری نمایشەکە بکەین.

ستراتیژی ئەم نمایشە گۆڕینی ستراتیژی وێنەی شانۆییە، گۆڕانە لەو واتایەی بە وێنەمان بەخشیووە، بەوەی نمایش



بریتیە لەوێنەیەکی شانۆیی قووڵ کە هەڵگری دەلالەتی فەلسەفی بێت، بەڵام لەم نمایشەدا ئەو وێنەیە بەتەواوی تێکدەشکێت، نمایشە هەوڵێك نیە بۆ خولقاندنی ئەو وێنەیە، بەڵکو گەڕان وقسەکردنی بەشداران لەپێناو خولقاندنی چەمکە، جەستەی ئەکتەر ڕووبەرێك نیە بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی دەلالی لەناو وێنەدا، بەڵکو کوتلەیەکی بزاوتە دەیەوێ لەئەنجامی پرسیارو گەڕان بەرەو ڕابردوو خوێندنەوەی جیاواز ببەخشێت، بۆیە ئەگەر پرسیارەکەی دۆلۆز (فەلسەفە چیە؟) بگۆڕین بە (شانۆ چیە؟) دواجار هەمان وەڵامی (جیل دۆلۆز) مان دەست ئەکەوێتەوە، بۆیە لەو تێگەیشتنەوە سەیری شانۆ دەکەین کە ڕووبەرێك بێت هاوشێوە بێتەوە بۆ فەلسەفە"ئەو پرسیارە بەدوای خولقاندنەوەی چەمکەوە ئیشدەکات، دەیەوێ لەنێو دەقی فەلسەفی چەمکی نوێ بخولقێنێت، کاتێ پرسیار لەفەلسەفە دەگوازرێتەوە بۆ پرسیار لەچەمك، ئەوسا تێگەیشتن لەچەمك دەبێ بەتەوەری سەرەکی پرسیارکردن، پرسیار لەو چەمکەی لەناو دەق مەبەستیەتی، کە ئاخۆ چەمکێکە لەناو هەمان لۆژیکی پێشوو سەیری دەکات، یاخود مەبەست لەچەمکێکە لەڕێگەی پرسیارکردنەوە دێتە بوون" (٤)

بۆیە ئەو نمایشەش دواجار شانۆ دەگۆڕێ بۆ خوڵقاندنی چەمك، هەناسەکان بەدرێژایی نمایش لەهەوڵی ئەوەدان مردن وەك چەمکێکی فەلسەفی دەربخەن، ئەوەش بەرەنجامی پرسیارەکەی (سپێنۆزا) یە کە هێزی پرسیارەکەی دەردەخاتەوە "جەستە لەتوانایدایە چی بکات!؟ ئەو سۆزانە چین کە توانایان بەسەریدا دەشکێت؟" (٥)

ئەوەش گۆڕینی گوتاری تازەگەریە لە شانۆدا، چونکە خوڵقاندنەوەی چەمك خوڵقاندنەوەی پرسیاری تازەگەریە.. گەڕانەوەیە بۆ دۆخێکی جیاواز، کە میتۆدەکان ڕەتناکاتەوە، بەڵام بەتەواوی پابەندی نابێت، ئەگەر ئەو دیدە بۆ شانۆ لای گرۆتۆفسکی زۆر ئاشکرا هەستی پێبکەین، دواتر جەستە تیایدا خاوەنی دەسەڵاتی یەکەمە، بەڵام لەم نمایشەدا جەستە هەموو دەسەڵاتێکی لێ سەندراوەتەوە، بێئیرادەیی جەستەیەلەتوانای پرسیارەکەی سپێنۆزا دڵنیامان دەکات، ئەوەش وادەکات تێگەیشتنمان بۆ تازەگەری تووشی بەریەککەوتنمان دەکات، بەوەی ڕووبەرووی ئەزموونی دژە تازەگەریمان دەکاتەوە، ئەوەش دژی ئەو چەمکەیە کە تازەگەری بەر لەو لەشانۆی ئێمەدا هەیبووە.



ئەم ئەزموونە بەس نیە بۆ ئەوەی لەو تەئویلە جیاوازە دڵنیا بین، چونکە ئەوەیان کارێکە پێویستی بە پڕۆژەی لابۆری هەیە، کە دەبوو لەهەوڵەکانی دواتر ئەو سنوورە تێپەڕێنێت، خاسیەتە دژە تازەگەریەکانی تیا دەر بکەوتبا، بەڵام بەداخەوە نەیتوانی دیدێکی نوێمان لەشانۆ پێ ببەخشێت، بەڵکو ئەم نمایشە تەنیا وەك ئەزموونێك مایەوە، کە دواتر لەسەر نمایشی (چوارەم نیوەڕۆ پێش مەحشەر) باس لەو وەستان و نەبوونی پڕۆژەی جیاواز و ئەلتەرناتیڤە دەکەین.

ئەگەر لەڕوانگەی تیۆری عەقڵانیەتی هیرمنیۆتیکی گادامێر تەئویل بۆ ئەم نمایشە بکەین، ئەوا دەبێ زمانی سەرنجەکان بە زمانی هەناسەکان ناو بەرین، چونکە هەناسە بەشدار بووەکان خاوەنی ئەو زمانەن کە لای گادامێر تەئویل بۆ چارەسەری ڕاڤە کۆمەڵایەتیەکان دەکات، بۆیە ئەوە ڕاڤەکردنی سیاسی نیە، بەڵکو ڕاڤە کۆمەڵایەتیەکانە خەمە سیاسیەکانیش دەخوڵقێنێت، چونکە ئەگەر ئەو چەمکەی خاڵێك خاڵێك بۆ دەسپێك دادەنێ و بەدەوری مەدارێکی زمانەوانی دەسووڕێتەوە، لەکۆتاییدا دەگەڕێتەوە هەمان خاڵ کە مردنە، ئاگر وەك موفرەدەیەکی زمان دەردەکەوێت، موفرەدەیەك لەململانێ لەگەڵ شمشێردا شکست دەخوات،

هۆیەکەی ئامادە نەبوونی ئەو سیستمە ئاکاریەی مرۆڤە کە دەسبەرداری ئاگر دەبێت.

بۆیە شمشێر چەندە دەبێ بە وێنەیەك بۆ دەسەڵاتێك کە کوولتور زەوت دەکات، کوولتوریکێتر کە تەواو بە ئێمە نامۆیە دەیسەپێنێتە سەرمان، کوولتورێك لەڕێگەی ئەو دەسەڵاتەوە خۆی دەسەپێنێتەوە، تراژیدیای ئێمە بەپێی ئەو تێگەیشتنە خاڵی نیە لەگەڕانەوەی شمشێر، ئەوەش تەئویلێکی نێو ئەو تراژیدیایە، تیایدا زمانی سەرنجەکان دەگاتە ئاستێك بڵێین "زمانێکی بێلایەنەو دەشتوانێ ئاسۆی ڕاڤەی کۆمەڵایەتی بەرز بکاتەوە، بۆ سەرووی ئاستی سەرنجەکان وبۆچوونە کەسییەکان" (٧)

پرسیارێك کە شەرعیەتی لەو تەئویل کردنەدا هەبێت، پرسیارە لەبارەی گەڕانەوەی مێژوو، ئەو دیدەی کە جارێکیتر شمشێر دەگەڕێنێتەوە، تەنانەت سوێند خواردن بە شمشێر وادەکات، بەربەریەتی ئەو شاڵاوە بەدوای مردنیش پەڵەیەك بێت، کە شوێنی مردن بەسەر برینەکانمانەوە دیار بێت، هەڵبەت بەپێی تێگەیشتنی یەکەم، کە ئەو تێگەیشتنە جیاوازە لەو ڕوانینەی ئەو دیمەنە بەسەرەتا دەبینێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بپرسین



"هیرمنیۆتیکای مێژوو ڕاڤەکردنی ڕابردووە یاخود گەڕانەوەی مێژووە بۆ نێو پرۆسەی تەئویل" (٨)

چونکە ئەوە چەندە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، بەڵام ڕابردوو لەئێستادا ئامادەیی هەیە، ئەوەش گەڕانەوەی مێژووە بۆ نێو تەئویل، لەڕێگەی دەفتەر ئەو مێژووە یەك دەرەنجام دەدات بە دەستەوە ئەویش گەڕانەوەی ڕابردووە، بەتایبەت کاتێ بیرچوون دەبێتە ئەو حالەتە نێگەتیفەی کۆمەڵگای کوردیی، تراژیدیاو زەبرو زەنگەکانمان بیر دەچێت، بۆیە دەبێت لە دەفتەرێکدا بینووسینەوە، بەڵام کاتێ هەست دەکەین دەفتەرەکەشمان وون کردووە، ئەوا وونکردنی ڕابردووە لەئێستادا، نەبوونی تەئویلی ئێمەیە بۆ ڕابردوو، بۆیە بەشداری کردنی مردوو لەسەر خوانی کەسەکانی ماڵ، گەڕانەوەی مێژووە بۆ زەمەنی ئێستامان، پرسیارکردن لە ئێستا.. پرسیاغرکردنە لەو پەیوەندیە زەمەنیەی ئەو دوو ئاستە بەیەك دەگەیەنێت.

بۆیە ئەو پرسیارە ئاراستەی زەمەن دەکرێت، ئاراستەیەك دەیەوێ شوێنی ئامادە بوونی ئێستای تیا بدۆزێتەوە، بەوەی ئێستا لەناو مێژوو ئەو زەمەنە بەسەرچووە دەدۆزینەوە، یاخود لەو ساتەوەختەی خۆی تیایدا دەژی، ئەوەش سەرباغری پرسیارە زەمەنیەکە ، بەڵام بۆخۆی لەڕوویەکی تردا پرسیارە

لەنمایش، ئەو نمایشەی دەیەوێ لەئێستادا بژی، چونكە زەمەنی نادیارە، زەمەنێكە مەعریفەی نەستی تیا بەرهەم دێت، مەعریفەیەك كە لەوێ دڵنیامان دەكات، گەڕانەوەی مردوو بۆ نێو ژیان، بەشدلریكردنی ئەو دوو جیهانەیە (زیندوو/ مردوو) زەمەنی (ڕلبردوو/ئێستا) ئەو ئاوێتە كردنمەش سوێند خواردنێكە بۆ مردن، سوێندی شمشێر، ئەو سوێندەی بە مردن كۆتایی دێت، ئەوەش كۆبوونەوەی هاوبەشی ئێمەیە بۆ مردن، مردنێك خەونی بەهەشتی لەخۆی كۆكردۆتەوە، خەونێك خەیاڵگەی سیاسی وكۆمەڵایەتی وئاینی ئێمەی لەسەر درووست بووە.

ئەوەش گەڕانەوەی یادەوەریە بۆنێو زەمەنی ئێستا، بۆ ئەوەی لەتەك یادەوەری وەرگر یەك بگرێتەوە، بەوەی چەمكی ئێمە بەهەموو ماناكان لەناو یادەوەری چڕ بكرێتەوە.

یادەوەری وەرگر یادێكی فەرامۆش كراوە، كۆمەڵە دەنگێكە بە ئاستەم توانای بیركەوتنەوەی هەیە، یاخود تراژیدیایەكە كە ئارەزووی گەڕانەوەی ناكات، بەڵام ساتەوەختی نمایش ئامادە بوونی وەرگر دەكات بە ئامادە بوونی هەناسەكانیتر ، ئەوە نەتەنیا شەش هەناسەی سەر شانۆن و نەدوو هەناسە باڵاكانی نمایشەكەن، بەڵكو بەشداریكردنی سەرجەم هەناسەكانی ئامادە



بوونە، ئەوەش لەڕێگەی پرسیاركردن لە یادەوەری، پرسیارێك بە مەبەستی بەشداریكردنە، بەشداری كردنیش گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوون ڕابردوویەك تەقینەوەی (كۆیادی گشتی) ە.

یادی زەوتكردنی كوولتور ودواتر دووبارە كردنەوەی ئەو ئاراستە مێژوویە، بۆیە گەر كەسانێك بڕوایان وابێت ئەم نمایشە پەیوەندیی بە یادەوەری نییە وساتەوەختی هەناسەكانە لەسەر شانۆ، ئەوەیان هەڵەیەكی كووشندەیە، چونكە نەك تەنیا یادەوەریهەناسەكانی سەر شانۆ، بەڵكو یادەوەری وەرگریشە، كۆیادی گشتی ڕابردووی ئاین و كۆمەڵایەتی و سیاسی دەتەقێنرێتەوە، بە كۆمەڵێك ڕستەو دەستەواژەی جیاوازەوە، ڕستەو دەستەواژەكان نایانەوێ زەمەنی كرنۆلۆژی بگەڕێننەوە، دەستەواژەكان "دەسبەرداری زنجیرە ستوونیەكان دەبن بۆ كێشەكان، كە ڕێكخستنەوەیان بەجۆرێك دەبێ وای لێ دەكات بەدوای یەك بێنن هەروەها لە زنجیرە ئاسۆییەكاندا بۆ ڕستە، كە ڕستەیەك تیایدا دەبێ بە وەڵام بۆ ئەویتر" (٩)

بۆیە ئەوە هەڵە تێگەیشتنە وا سەیر بكەین كە (حەبكە) بوونی نیە، بەڵكو ئەوە (حەبكەی ئەڕستۆیی) هنا ئامادەیەو گۆڕدراوە بە یادەوەری وەرگر، سەرەتاو كۆتایی بوونی هەیە بەڵام بە پارچە كراوەیی، وەرگر لەیادەوەری خۆیدا دەبێ ڕێكی بخاتەوە

وەدیالۆگە لێکترازاوەکان مۆنتاژ بکاتەوە، ئەوەی بوونی نیە کرنۆلۆژیای ڕووداوە، ئەوەش پەیوەندی بەو ی‌تێگەیشتنە (شتراوس) یە هەیە، بۆ ئەوەی مانا بخوێنینەوە، دەبێ زەمەنی کرنۆلۆژی تێکبشکێنین.

ئەو نمایشەش چونکە لەبنەڕەتدا ئەو زەمەنەی نەهێشتووە، دەبێ وەرگر تێگەیشتن بۆ مانا سەر لەنوێ ڕێکبخاتەوە، ئەوەش پەیوەندیی یادەوەریە بە نمایشەوە، وەرگر لەنێو یادی خۆیدا پەیوەندیەکان دەخاتەوە نێو سیستەم.

بۆیە بۆ ئەوەی مانا بخوێنینەوە دەبێ یادی وەرگر بەو خشتەیە ببینین، کە شتراوس ڕووداوە لەیەکچووەکان دەخاتە نێو یەک ئاراستەی جولەوە، بۆ ئەوەش سەرەتا کۆمەڵێك ژمارە دەنووسێت، بۆ نموونە (٧،٤،٢،١، ٨، ٢،٣، ٦،٤، ٨،١،، ٤،١) دواتر ژمارە لەیەکچووەکان بەدوای یەك دەنووسێت (ژمارە یەکەکان بەدوای یەك وچوارەکان بەهەمان شێوە، ئەوانیتریش هەروا) بەمجۆرە کردارە لەیەکچووەکان دەخاتە نێو خشتەیەك، کە سیستمێکی ڕێکخەرە بۆ مانا، ئەو هەوڵەش بۆ تێکشکاندنی زەمەنی کرنۆلۆژییە لە مانادا. (١٠)

هەڵبەت ئەوەی لەو خشتەیەشدا ئەنجامی دەدەین بەشێکی کەمی ئەو ڕێکخستنەیە کە نمایشەکە پێی هەڵساوەو وەرگر جارێکیتر



دەبێ وەك نمایش زەمەنە کرنۆلۆژیەکەی بناسێت، لەسەر ڕێکخستنی سیستمەکە توانای خوێندنەوەی هەبێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئیبراهیم چێوار/ مردوو--- دەگەڕێتەوەماڵەوە | | | |
| | زمناکۆ کەریم سەیری (تەرزە عەزین) دەکات، لەکاتی خۆ گۆڕین | | |
| | | شوان عەتوف بەدوای حەقیقەتەوەیە لەسەر زمانی تەرزە عەزیزەوە | |
| | | | ئیبراهیم چێوار= مردوو/ نازەنین ساڵح= ڕاکردن لەژیانی هاوسەری وپەیوەنیدی ناسرووشتی |
| | زمناکۆ کەریم و نازەنین ساڵح بەیەکەوە دەبینرێن | | |
| شوان عەتوف وئیبراهیم چێوار لەگۆڕستاندا پێکەوەن | | | |

کاتێ دەبین بەدوا هاتنی دیمەنەکان، دەیالۆگەکان بوونی یەك هێل بۆ ڕووداو نابینن، لەتەکنیکی شانۆی وێنەیی نزیك

دەبینەوە، ئەگەر چی خاڵی جیاواز لەنێوانیان دەردەکەوێت سەبارەت بە یادەوەری، بەڵام لە (شانۆی گریمانی وێنەی یاد) دا وێنەکان لێکترازاون و وەرگر بەیەکیانەوە دەگەیەنێت، ئەوەش وێنەی بینراوە، نەوەك وێنەی بیستراو، بەڵام لەم نمایشەدا وێنەی بیستراو دالی پەیوەندیە، پێویستە وەرگر وێنەکانی دەیالۆگ بگەڕێنێتەوە نێو یادەوەری، بۆ ئەوەی کۆیادی گشتی بهێنێتە نێو ساتی نمایشەکە.

سێنتەر بوونی نیە، هەناسەکان دەبنە بونیادەکانی دەرەوەی سێنتەر، قسەکردن لەهەوڵی خولْقاندنی دەقێکدایە، دەقێك بەپێی خاسیەتی دەقی پێرفۆرمانسی، کە ئەکتەر نوێنەرایەتی کارەکتەرەکە ناکات، بەڵکو ئەکتەر خۆی کارەکتەرە.. کارەکتەری هاوبەش، بەواتای ئەکتەر هەناسە بە کارەکتەر نابەخشێت، بەڵکو ئەکتەر خۆی هەناسەکەیە، هەناسەکان دەبنە کۆمەڵە هەناسەیەکی لێکترازاوی کارەکتەرەکان، بۆیە دەقی نمایش دەقێکی ئامادەکراو نیە، دەقێکە سێنتەر تێیدا هەڵوەشاوەتەوە، کارەکتەر ئامادەیی نیە، بەڵکو لەڕێگەی گەمەی زمانەوە دەق بەرهەم دێت، گەمەیەك زیاتر لە مەشق دەچێت، ئەوەش هەوڵی تەئویل کردن دەدات.. تەئویل کردن بۆ مردن، وەك چەمکێکی فەلسەفی، تیایدا کۆمەڵە بونیادی شاراوەی لەخۆی گرتووە،



ئەوانیش "ئازادی، خیانەت، ناکۆکی، شەڕ" ئەوەش لەبنەڕەتدا بەرهەمی مردنە نەك ژیان، کە لەنێو ئەو سیستمە ئاڵۆزە دەچێتە پڕۆسەی کرانەوە، بۆ ئەوەی زمان بهێنێتە نێو تەئویلی وەرگر، بەڵام تا ساتەوەختی کۆتایی توانای تەئویل کردنی نابێت، چونکە ناونیشانی دەق ئەگەر وای ڕابهێنین وەك ئەیقونەیەك سەیری بکەین، ئەوا لەم نمایشەدا بۆ کۆکردنەوەی زەمەن و چڕکردنەوەی کۆیادی گشتی هەناسەی ئەکتەرەکان و هەناسەی وەرگرە بۆ دنیایەکی نادیار، کە یادەوەری ئێمە لێی خاڵی نییە، ئەو کۆکردنەوەیە کۆبوونەوە نیە لەنێو سێنتەر، بەڵکو تەنیا هەوڵێکە بۆ کۆبوونەوە، چونکە هیچ هەناسەیەك سێنتەرێك بۆ خۆی کۆناکاتەوە، بەڵکو بەشداری دەکات لەناو هەناسەکانی تردا هەناسەکانیش لەدەرەوەی سێنتەرن.

بۆیە نەبوونی سیستمێکی ڕێکخەر بەپێی چەمکێکی کرنۆلۆژی هەناسە دەخاتە دەرەوەی سێنتەر، هەناسە کە ڕۆڵی بونیاد دەبینێت، بەڵام ئایا بونیاد هەمیشە لەناوسێنتەر دایە؟ یاخود خۆمان وەزیفەی چوونە نێو سێنتەری پیٚ دەدەین؟ بونیادەکان لەدەرەوەی سێنتەرن، سێنتەر پێویستیەك نیە لەگەڵماندا بەردەوام بێت، دریدا ووتەنی "ئێمە دەتوانین بەبیٚ سێنتەر

مێنینەوە، من وای دەبینم کە سێنتەر وەزیفەیە نەك بوون بێت یا واقیع، بەڵکو تەنیا وەزیفەیە" (١١)
لێرەدا پرسیارێك بە پێویستی بزانین ئەوەیە ئاخۆ ئەم نمایشە دەیەوێ دژایەتی تازەگەری بکات؟ هەر کاتێك پرسیارمان لە تازەگەری کرد، دەبێ لەچەمکی تازەگەری حاڵی بین، ئەو چەمکەی بونیادێکی قووڵی نیە لەنێو نمایشی شانۆییماندا، بەڵکو گریمانەی کارەکانمان بۆ وەهمێك کۆ دەکەینەوە، دواجار ئەو وەهمە گەورە دەبێت ولەناو گوتاری شانۆیی ناوی دەبەین بە تازەگەری.
تازەگەریەك هەموومان لێی بەرپرسیارین، چونکە گەمەیەکی دووبارە بۆوەی بێمانایە، بۆیە ئەو نمایش بەشێکە لەو دەنگەی لە تازەگەری ناونراو بێزارە، دەیەوێ لەدژی ئەو وەهمە بووەستێتەوە، لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەرەتایەکی زانستی، سەرەتای بەر لە هەوڵدان بۆ تازەگەری دەست پێدەکات، تاوەکو ژێرخانێك بنیات بنێین و زەمینە بۆ تازەگەری فەراهەم بکەین.
لێرەدا خۆمان ناخەینە هەڵەی فکریەوە، بەوەی مادامەکی دەیەوێ درێژ کراوەی تازەگەری نەبێت، کەواتە شانۆی پاش تازەگەریە، چونکە با سیمایەکی ڕووکەشانەی ئەو دابڕانەشی تیا دەربکەوێت، بەڵام هەرگیز نابێت بە شانۆی پاش تازەگەری،



هێندەی لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لە تازەگەریەوە عەقڵ دەخاتە ژێر پرسیار، بەڵام نابێت بە پرۆژەیەکی شانۆیی بەڵکو تەنیا وەك نمایشێك دەمێنێتەوە، هەوڵەکانی دواتری ئەو گرووپە نەیتوانی تان وپۆو خاسیەتەکان تێبپەڕێنێت و پێمان بڵێت ئەوە پرۆژەیەکی شانۆییە نەك تەنیا نمایشێك، هەر بۆیە هەنگاوەکانی دواتر ئیشی لەسەر چەند بنەمایەکی کۆنکرێتی کرد، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش دێینە سەر دواین هەوڵەکانی ئەو گرووپە.

## کوشتنی ئەنتۆلۆژیای زمان و زیندوو ڕاگرتنی سۆفستاییەتی شانۆ

گەڕان بەدوای ئەزموونی جیاواز، بەتەنیا دەسبەردار بوون نیە لە ڕابردووی بەرهەمەکان، هێندەی پێویستی بە گۆڕانە، چەمکی گۆڕان لەناو مانا زاراوەیەکەی گەر بریتی بێت لەکۆی هەر شتێك کە لەڕابردوو بوونی هەبێت و لەئێستادا تێمان پەڕاندبێت، بەڵام لەمانا فەرهەنگیەکەی گۆڕان بەتەنیا بریتی نیە لەدووبارە نەبوونەوەی شتەکان، بەڵکو گۆڕان دەسکاریکردنی مانا باوەکانی چەمك و خوێندنەوەی دەلالیە بۆ ڕووە نەبینراوەکان. ئەوە بنیاتنانی زمانێکی نوێیە کە بارگاوی کرابێت بە دەلالەتی هاودژ،

گومان کردنە لە ڕابردوو، هونەرمەندی ئەزموونکار بۆئەوەی بتوانێ گۆڕان بەرەو زمان و هونەرێکی نوێ و جیاوازی ببات، پێویستی بە تێپەڕاندنی لەڕێگەی پرۆسەی بینینەوەیە نەوەکو بە لێدوان و بانگەشەکردنەکانی، لێرەوە ئێمە هەوڵ دەدەین تەواوی ئەو تێڕوانینە بگوازینەوە بۆ دواین ئەزموونی کۆڕی شانۆی با و هونەرمەند هۆرێن غەریب، ئەوەش بۆ گەیشتنە وەڵامی ئەو پرسیارانەیە کە ئەو نووسینە دەیخاتە ڕوو بەوەی تاچەند ئێمە لەبەردەم ئەزموونێکی جیاوازداین.

(چوارەم نیوەڕۆ پێش مەحشەر) بەتەنیا ئەزموونێکی نوێی ئەو گروپە شانۆیە نیە، بەڵکو زەخرەفەیەکی میدیای چەندین ڕۆژنامەنووس و ڕوژنامەی لەپشتەوەیە، ئەوەش کارێکی خراپ نیە، بەڵام کاتێ ئەو دۆخە بۆ تاکە گروپێك تەرخان بکرێت و ئەوانیتر فەرامۆش بکرێن ئەوە جێگەی گومانە، نیاز خراپی بەشێك لەو ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسەکانی دەردەخات گربێی شارچیەتی و کەسچێتی تۆخ دەکات، ئەو گرێیە دەگوازێتەوە ناو کاری هونەری، هەموو ئەوانەش پەیوەندی بە نەبوونی گوتارێکی ڕەخنەیی و نەبوونی بەرپرسیاریەتی هەیە، لاپەڕەی هونەری لەڕۆژنامەکاندا زۆربەی جار کەسانێك بەڕێوەی دەبەن دوورو نزیك پەیوەندیان بەشانۆ و هونەرەوە نیە، بەڵکو وەك هەر



لاپەرەیەکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەر لێدوان و دیدارێك کەسی ڕۆژنامەنووس توانای پرسیاری جدی نەبێت لەبەرامبەریدا، سەرەنجام ئێمە دەکەوینەوە بەردەم شەپۆلی ووشە و نەبوونی بەرپرسیاریەتی قسەکردنەوە، کەسێکمان پێویستە لەو پرسیارانەی دەیکات توانای گفتوگۆی هەبێ، دواجار بیریشمان نەچێت خۆ هەموو پرسیارێك کە بە (ئایا و بۆچی و چۆن) دەستی پێکرد و هێمای پرسیار لەپێش قسەکان دانرا پرسیار نیە، دەکرێ تۆ سەدان پرسیاری وابنووسیت، بەڵام ئایا ئەوانە لەڕاستیدا پرسیارن؟ کێشەکە لەوێدایە ئەوەی دۆخێکی خراپتری بۆ شانۆ خولْقاندووە، ئەو نەخوێندەواری و بێئاگایی بەشێك لە ڕۆژنامەکانە، هێندەی بۆ ئەوەی پێمان بڵێن کە ئەوان لاپەڕەی هونەریان هەیە، هێندە گرفتیان خستنە ڕووی کێشە و تێڕوانینە جیاوازەکان نیە.

(چوارەم نیوەڕۆ، پێش مەحشەر) ئەزموونێکی نوێی کۆڕی شانۆی با، لە دەرهێنانی هۆرێن غەریب، ئێمە وەك لەزۆربەی ئەزموونەکانی ئەو گروپە بەر ماڵ دەکەوین، گرفتەکانی ماڵ گرفتی سەرەکی ناو ئەزموونەکانی ئەم گروپەن، ئەمجارەشیان ماڵ کێشەی تایبەتی خۆی هەیە، کێشەیەك لەگەڵ یەکەم

ساتەوەختی ڕووبەڕووی کێشەی زمان و ئامادەبوونی ئێکسسوارمان دەکاتەوە، ئەو دوانە دەبنە بنەمای پێکهاتەی سەرەکی گرفتی بوون لەماڵەکەدا، یەکەمیان زمان کە کێشەیەکی ئەنتۆلۆژی نیە لەم نمایشەدا، هێندەی کێشەیەکی سۆفستایی هەیە بەوەی تەنیا وەزیفەی قسەکردنی بێبنەمایە، دووەمیش ئێکسسوار وەزیفەی دەلالی لە شانۆدا دەرناکەوێت، بەقەد ئەوەی گەمەی بینینە لەپێناو بوونی بۆشایەکی جیاواز و پانتایەکی نوێ.

پەری ئەو کارەکتەرەی لەسەرەتاوە لەبەرازایی دێتەوە ماڵەوە، هەستکردنی وەرگرە بە بەهای بەرزایی بۆشاییەکە، چونکە ئەو لێی هاتەوە، بەشداری لە کێشەکانی ماڵ دەکاتەوە، بەڵام گرفتی سەرەکی لەنەبوونی زمانی دەلالیە، بەهۆی ئەوەی هەموو ئەو ڕستانەی ناو ئەو نمایشە پێکهاتوون لەقسەکانی ژیانی ڕۆژانەمان ئەوانە کۆمەڵێك ڕستەی سەر شەقامن پێویستیان بەڕێکخستنەوە و بارگاویکردنەوەیان لەناو سیاقێکی دەلالیەوە هەیە، بۆ ئەوەش نەبوونی دیدگایەکی فکری کارێکی گەورەی کردۆتە سەر ئەو نمایشە، بەوەی نەتوانراوە پەیوەندی دەلالی بدۆزرێتەوە، ئەوان کۆمەڵە سۆفستاییەکن وەزیفەیان تەنیا قسەکردنە، دەرهێنەر ئەوەی بیر دەچێت کە قسەکردن لەهیچ



تێگەیشتنێکی زمانەوانی تەواوی زمان پێك ناهێنێت، بەڵکو قسەکردن بونیادێکی تاکی نێوزمانە، بەواتای بەشی سەرەکی زمان بریتی نیە لە قسەکردن، ئەوە بەو مانایەی کە زمان بریتی نیە لەگێڕانەوەکانی شەقام، تا چی جنێوی بازاڕ هەیە بەناوی شانۆ بیگوازینەوە، ئەو جنێوانە دەبێت لە سیاقی هەڵچوونی سایکۆلۆژی دەرەوەی شانۆ بەتاڵ بکرێنەوەو سەرلەنوێ بە دەلالەتی جیاواز بخوێنرێنەوە، بەڵام ئەوەی ئەو دەیهێنێتەوە تەنیا گواستنەوەیەتی لەشەقامەوە بۆ سەر شانۆ، ئەگەر لە ئەزموونەکانی پێشوودا زمان بەو ڕادەیە ئەو گرفتەی نەبوو هەرچەندە ئەوە ئیشکالیەتی نێو پرۆژەکەی پێشووش بوو (دەستێ جلی تر ڕەش ڕەش) بەهۆی ئەوەی ئەو ئەزموونە بۆ ئەکتەری سەرەتایی و کەم ئەزموون گرفتی هەیە.

گرفتی گواستنەوەی ووتەکان بۆ ناو کارکردن کە دیارە لە پرۆژەی (پێکەوە لەبەهەشتدا عەسرێ) ئەو ئەزموونە تووشی ئەو گرفتە نەبوون کە تائێستا دەکرێ وەك دیارترین ئەزموونەکانی ئەو گروپە سەیری بکەین، ئەوەش پەیوەندی بەوە هەبوو لە ڕوویەکدا عەقڵێکی تر هەبوو توانای خوێندنەوەی فکری لەوانیتر قووڵتر بووە، ئەویش (هیوا فایەق) ە بەهۆی دوورکەوتنەوەی ئەو هەست بەو نەنگیە دەکرێ تیایدا، لەڕوویەکی تریشدا بوونی

ئەکتەرێکی وەك (شوان عەتوف) بۆخۆی لەڕێگەی دەنگەوە توانای ئەوەی هەبوو پەیوەندی کارەکتەر بە پانتایی و بە ئاستی دەنگی ئەوانیترەوە ڕێك بخات، بەڵام ئامادە نەبوونی ئەو لەو پرۆژەیە بووە هۆی وون بوونی ئەو پەیوەندیە و هەروەها بۆ غیابی ئەو تێکستە دەنگیە کە توانای بنیاتی دەقێکیان نابێت، چونکە توانای ئەو ئەکتەرانە هەر هێندەیە، بۆ ئەو ئەزموونە تۆ بەتەنیا ناتوانی کۆمەڵە سەرچاوەیەکی شانۆیی فڕێت بداتە ئەو پانتاییە فکریەوە، پێویستت بە کۆمەڵێك سەرچاوەی فکری دەبێت، کە کەسانی وەکە هیوا و شوان توانای تێگەیشتنیان بەهۆی جدیەتی کارکردن و ئەزموونیان لەشانۆدا دەتوانن بەرەو ڕووی بچن.

بەڵام تاچەند گەنجێکی سەرەتای شانۆ توانای ئەوەی هەیە بەرەو ئەو سەرچاوانە بڕوات، بۆیە دەرهێنەر لەگەڵ ئەوانەی لەسەرەتای ئەو ئەزموونەدان پێویستی بەدیدگای خۆی هەیە، یا بە هێڵێك کە خۆی بنیاتی بنێت نەوەك بنیاتی ئەکتەر، چۆنکە پێی بنیات نانرێت، ڕەنگە ئەوە بۆ ئیبراهیم چێوار بەهۆی ئەزموونی فراوانی ئەو ئاسان بێ، بەڵام تاچەند بۆ (شانۆ و سەوسەن و دیلمان) و ئەوانیتر ڕاستە؟ ئایا ئەگەر ئەو ئەزموونە لەتەك هۆرێن، (چێوار و شوان و هیوا) بەئەنجامیان بگەیاندبا



لەناو ئەو دەرەنجامە دەبوو؟ بەواتا ئەوە پەیوەندی بە ئاگایی و ئاستی هۆشیاری ئەکتەرەوەیە، کە ئەزموونی شانۆ و خوێندنەوەی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتیەکان هۆکاری گرنگە، نەبوونی ئەو ئەکتەرە بە ئەزموونانە و تەسلیمکردنی پرۆژەکە بە ئەکتەری سەرەتایی، بۆتە هۆی ئەوەی ئەو دەرەنجامەی لێ بکەوێتەوە.

کێشەیەکیتری ئەو بەرهەمە بوونی ئێکسسوارە، ئایا ئەو بوونە توانی پەیوەندیەکی نوێ لەکارەکانی کوڕی شانۆی با بێنێتە دی؟ وەزیفەی ئێکسسوار لەم نمایشەدا چی بوو؟ ئایا وەزیفەیەکی شانۆیی هەبوو بۆ سیاقی فکری و هونەری یا خود بەمەبەستی پڕکردنەوەی پانتایی بوو؟ ئایا لەوەشدا چارەسەری پانتایی پێ خرابووە ڕوو یاخود مەبەست لە گەمەی بینینە بۆ وەرگر؟

ئەو کاتەی کۆمەڵە پرسیارێکی لەو چەشنە ئاراستەی ئەو نمایشە بکەین، پێویستە دەسبەرداری کردەی ڕێکخستنی نمایش بین، وەك ئەوەی بینیمان، بەوەی ئێکسسوار دەلالەتێکی ئەوتۆمان پێ نابەخشێ، بۆیە دەبێ بچینە بەر لەساتی ڕێکخستنەوەی پانتایی و داڕشتنەوەکەیدا، ئەوەش پرسیارێکی ترمان لا درووست دەکات، شوێن لەم نمایشەدا چ دەلالەتێکی هەیە؟ چونکە شوێن لەم نمایشەدا لەڕێگەی دەنگ و

ئێکسسوارەوە دەیەوێ خۆی دەربخات، بەڵام سەرەنجام دەنگ و جەستە شتێك بە ئێکسسوار نابەخشن، چونکە ئەوەی ئێمەی وەرگر دەیبینین تەنیا لەڕێگەی ئاماژەکردنە بۆ دەرگا، نەك شتێکیتر، کەبێ بوونی ئەو دەرگایەش ئەو ئاماژەیە دەیتوانی ئامادە بێت، وەك لە ئەزموونەکانی پێشوودا، بەتایبەت حەمام کە وەزیفەی خۆشۆرینی هەیە، کە دواتر دێمەوە سەر ئەو دەلالەتەی خۆشۆرینی پەری، بەڵام هەر لەهەمان سووچ و شوێندا لە (پێکەوە لە بەهەشتدا عەسرێ) بەبێ بوونی هیچ چوارچێوەی دەرگایەك رەهەندە دەلالیەکانی زۆر ڕوونتر بوون، ئێستا با پرسیاری ئەوە بکەین، ئەو ماڵە پیس بووە، چوونە حەمامی پەری مانای چیە؟

ئەوە نەدەبوو پەری بێت، بەڵکو پێویست بوو ئەوانیتر هەمیشە خۆیان بشۆریبا نەك ئەو، ئەگەر بیانووی ئەو کارە لەوەدا بێت بۆ ئەوە خۆی دەشوات تا لەوماڵە پیس نەبێت، ئەو دوای خۆشۆرین ماڵەکەی بەجێ نەهێشت، بۆیە ئەوەشیان پەیوەندی بە گەمەکردن و پڕکردنەوەی پانتایی بینینی وەرگرە، وەك چۆن هاتنی باوك (ئیبراهیم چێوار) هەموو شتێکی لەناو نمایشەکە کۆتایی پێ هێنا، بەرەو شانۆیەکی بردین کە دە توانین بە (شانۆی ژۆرنالیستی) ناوی بەرین، بەهۆی ئەوەی شتەکان



چوونەوە دۆخی سەرەتایی، ئەوە ئەگەر بە مەبەست بێ بەوەی لەکوێ نمایش دەستی پێکرد، کۆتایی دەبێ بمانگەڕێنێتەوە بۆ بەر لەساتی دەست پێکردن، ئەوە بیرۆکەیەکی جوانە، بەڵام چۆن چارەسەر دەکرێت، ئەو چارەسەرەی لەنمایشەکەدا هەبوو لەڕاستی کۆتایی هێنان بوو بە نمایشەکە، بەهۆی ئەوەی شتەکان چوونەوە دۆخی قسەکردن و گلەیەکانی ناو شەقام.

ئەنفال وەك ئاماژەیەکی سرووشتی هاتەوە، سیستمی دەلالی دەبێت ئەو ئاماژە سرووشتەی لەکاری شانۆیدا بگوازێتەوە بۆ ئاماژەی دروستکراو، ئەوە شتێ نیە بڵێین بڕوامان پێی نیە.. ئەوە زانستە لە شانۆدا، ئەو کاتانەی ئیشمان لەسەر ئاماژە و دەلالەتەکانی کرد دەبێت بڕوامان بە زانستەکەشی هەبێت، لەهەمووشی سەیرتر دەرکەوتنی باوك لەماڵدا دەرکەوتنێکی ئەفسانەییە بەهۆی ئەوەی لەسووچی یەکێك لەپەردەکان دەرکەوت، ئەوەش وەڵامی بەشێکی زۆری ئەو پرسیارانەمان دەداتەوە کە ئێکسسوار بوونی لە نمایشەکەدا چی بوو؟

ئەو بوونە پێی وتین دەرکەوتنێکی شانۆیی نەبوو، بۆ سیاقێکی فکری و هونەری، بەڵکو تەنیا مەبەست لە پڕکردنەوەی پانتایی بوو، چونکە ئەو لەپشت پەردەیەکەوە هات لەکاتێکدا وەرگر هەموو ساتێك لەو بەرزاییەوە دەڕوانێ کە پەری لێی هاتۆتەوە

ماڵەوە، هاتنی باوك لە سووچی پەردەکانەوە، نەك لەیەکێك لە دەرگاکان دڵنیایی ئەوەمان پێ دەبەخشێت کەشتێ نیە جیاواز بێت، هەموو ئەو گومان و پرسیارانەمان دەڕەوێنێتەوە بەوەی پێمان وا بێت ئەو ئەزموونە بۆ خودی گروپەکەش بتوانێ پەیوەندی نوێ بێنێتەدی، چونکە لەناو گەمەی هەڵخەڵەتاندنی پرۆسەی بینینە، ئەو گەمەیە ئەگەر بۆ وەرگرێکی سەرەتایی کە ئارەزووی شانۆ دەکات، بە کارێکی نوێی تێبگات، نوێ بەو مانایەی کە گۆڕان لە ستایل و بیرکردنەوە ئامادە بوونی هەبێت، ئەوا بۆ وەرگرێکی ڕەخنەگر ئەو بینینە دەچێتەوە ناو پرۆسەی بەر لە ڕێکخستنەوەی وێنەی شانۆ.

لەوێشەوە هەموو لێدوان و بانگەشەکردنێك بۆ گۆڕان و پرۆسەی جیاوازبوون ناتوانێ شتێکی جیاوازمان پێ ببەخشێت، بۆیە ئەو پرۆژە شانۆییە کاتێ بەدوای میکانیزمی نوێتر نەگەڕێت و گومان لە ڕابردوو نەکات و پرسیاری بۆ ئەزموونەکانی خۆی پێ نەبێت، ئەوا دەبێت هەست بە تەواو بوونی پرۆژەکە بکات، تەواو بوون بەو مانایەی کە ئەو لەناو سنورێك بنەما کۆنکرێتیەکانی خۆی دارشتووە و چیتر ناتوانێ ئەزموونکار بێت بۆ گەڕان و پشکنینی بەردەوام.

**ئاماژەکان:**



(١) گوتاری ئەزموونگەری لەڕەوتی شانۆی کوردیدا/ دانا ڕەووف/ ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، لا٧١

(٢) شانۆگەریی (پێکەوە لە بەهەشتدا عەسریێ) ڕۆژانی ٢-٢٠٠٢/٨/٧ لەهۆڵی ڕۆشنبیری (سلێمانی) نمایشکراوە.

(٣) ئەو نمایشە چەندە بۆ تەئویل پێویستی بە گادامێرەو بۆ فەلسەفە ناکرێ پشت بە دۆلۆز نەبەسترێ، ئاواش بۆ فەزای گشتی وخوڵقاندنەوەی ئەو ساتەوەختە نابێ لە میلان کۆندێرا خاڵیان بکەینەوە، بۆیە شانۆ لەلایان دەبێ بە پەیوەندی وبەریەککەوتن لەگەڵ کایەکانی تردا

(٤) فەلسەفەو خوڵقاندنەوەی چەمك/ نیهاد جامی، کوردستانی نوێ ژمارە (٢٦٩٨) ٢٠٠٢/٧/٣ لا ٩

(٥) حوارات/ جيل دولوز-كلير بارني، ترجمة (عبدالحي ازرقان) و(احمد العلمي) افريقيا الشرق ١٩٩٩/ ص ٧٨

(٦) مەبەست لەو دەیالۆگەی (شوان عەتوف) ە کە دەڵێ "یەك زەڕە ئەخلاقمان هەبوایە نەمان دەهێشت بکووژێتەوە"

(٧) خطاب التاويل.. خطاب الحقيقة/ عمر مهيبل، نزوى العدد (٢٢)

(٨) مۆدێرنەو هیرمنیۆتیکای ڕەخنەیی/ نیهاد جامی، رامان ژمارە (٧١) لا ٤٠

(٩) المعرفة والسلطة/ جيل دولوز، (مدخل لقراءة فوكو) ترجمة (سالم يفوت) المركز الثقافي العربي (بيروت)

(١٠) بۆ تێکشکاندنی کرنۆلۆژیای مانا لای شتراوس کە ئەو زەمەنە لەشانۆگەری (ئۆدیب) ڕێك دەخاتەوە، بڕوانە: عصر البنيوية/ اديث كيرزويل، ترجمة (جابر عصفور) سلسلة كتاب الشهرية افاق (بغداد) ١٩٨٥، ص٢٩

(١١) التفكيك: المركز واللعب/ الطليعة الادبية، العدد (٥-٦) ١٩٩٠، ص ٦٤



# ترس و هەڕەشەی ئەتمۆسفێری مەرگ لە (شالیر) دا

هەمیشە پرسیارکردنی هەنووکەیی لە زەمەنی ڕابردوو پێویستی بە گەڕان و گومان کردنە لە مەعریفەی پێشوو، ئێمە ناتوانین لەناو زەمەنی ڕابردووی تێکستەوە درێژبینەوە، بەبێ دابڕان لەو زەمەنە، ئەو دابڕانە نووسینەوەی هەنووکەیە بۆ گەڕانەوە و خوێندنەوەی ئەبەدی بۆ پڕۆسەی لەدایکبوونەوە، ئەو ووتەیە هەمیشە بۆ شانۆکاری بیرکەرەوە دەسەپێتە سەر کارکردن بە تایبەت کاتێ ڕووبەڕووی تێکستەکانی شکسپیر بێتەوە.
چونکە پڕۆسەی زیندوو ڕاگرتنی شکسپیر لەوەدا نیە تاچەند شکسپیر نمایش دەکەین وەك ئەوەی لەدەست نووس و دەقە وەرگێڕدراوەکان ئامادەییان هەیە، ئیشکردن لەسەر شکسپیر پارێزگاریکردنی ڕۆحی شیعریی بە پلەی یەك و دواتر ئایا دەتوانین شکسپیر لە ئێستا زیندوو ڕابگرین؟
یندووکردنەوەی شکسپیر ڕزگارکردنیەتی لە ڕەفەی تۆزلێنیشتووی کتێبخانە قەبەکانەوە، بەڵام هەمیشە ئەو پڕۆسەیە دەکەوێتە ناو دادگایەکی ڕەخنەییەوە، بەوەی مەلەفی تاوانکاری بۆ شانۆکار دێتە پێشەوە، بەڵام ئەوە شانۆکاری جدیە

بەبێ چاوەڕوانی کردنی ستایش و ترس لە سەرزەنشت کردن ڕووبەرووی مەلەفی تاوان لەبەرامبەر شکسپیر دەوەستێتەوە، جیاوازی ئەو نەوە نوێیەی شانۆ لەبەرامبەر شکسپیردا لەوەدایە کە نایانەوێ تەسلیمی دیدی گریمانکراوبێ، هێندەی دەیانەوێ پانتایەکی کەشف نەکراو بە شکسپیر ببەخشن لەڕێی خوێندنەوەی جیاوازەوە، دوا هەوڵی لەمجۆرەش ئەزموونی (شالیر) ی گۆران عەلی کەریم، ئێوارەی ٢٠٠٨/٦/٣ لەهۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی نمایشکرا، بەرهەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەهاوکاری بەڕێوبەرایەتی هونەری شانۆی سلێمانی بوو.

ئەم نمایشە وەك ئیشکردنەوەیەکی جیاواز لەسەر تێکستی شالیر لەڕووی ئاستی زەمەنی و بە ئێستاکردنیەوە وەستابوو، بۆیە ئێمەش هەڵ دەدەین لەو تێگەیشتنەوە لەتەك نمایشەکە دەرگا بۆ گفتوگۆیەکی ڕەخنەیی بکەینەوە، ئەم نمایشە ناکرێ بە ئاسایی ڕێگا بدەین بەسەرماندا تێپەڕێت، چونکە هەوڵێکە پێویستی بە گفتوگۆ و خوێندنەوەی ڕەخنەیی هەیە، لەسەر چەندین ئاستی جیاوازی وەکو (پەیوەندی شکسپیر بە ئێستامانەوە)، (پەیوەندی کارەکتەر بە سینۆگرافیا)، (بونیادی ئاماژە لە کۆدی ئەکتەر)



ئەوانەش مەبەستی سەرەکی ئێمەن لەو نووسینە کە هەڵوەستەی لەسەر دەکەین.

ئەم نمایشە هەوڵێکە بۆ دەربازکردنی شکسپیر لەناو ڕەهەندە مێژوویەکانی تێکست، بەوەی تێکست لەناو گریمانەی زەمەنی شکسپیر توانای زیندەگی نیە، بۆیە سەرەنجام ئێمە لەگەڵ تێکستێك دەژین، کە لەناو تێکشکاندنەوەی دیمەن و تەنانەت کارەکتەرەکانیشدایە، کارەکتەرەکان تەنیا لەوەندەدا شکسپیرین هەڵگری شیعریەتی تێکستن، دەنا ئێمە کارەکتەرێکمان نیە کە هەڵگری ناوی کارەکتەرەکانی ناو تراژیدیاکە بن، ئەوە ئێمەین کاتێ ئەکتەرێك دەبینین دەست نیشانی ئەوە دەکەین کە ئەوەیان کۆردیلیایە، بەڵام بینەر کاتێ لەناو تێکستە شکسپیریەکە بێئاگا بێت، کەچی هەست بەهەمان ڕۆحی دابەش کردنی دەسەڵاتی شالیر دەکات، شالیر کێیە؟

شالیر لێرەدا هێندەی هێمایەك بوو بۆ دەسەڵاتێك کە دەیەوێ میرات ببەخشێتەوە، هەرگیز کارەکتەرێکی شکسپیری نیە، هاوچەرخ بوونی جل و بەرگی کەسێتیەکان دەرفەتێك دەرەخسێنن بۆ ئەوەی لەناو ڕەهەندە کلاسیکیەکە دەربازمان بێت، بەڵام جۆرە ئەتمۆسفێرێکی ئەبسێردی ئامادە بوونی دەبێت، بەتایبەت ئەو هەموو بێزاربوونەی کەسێتیەکان لەڕێگەی

سووکایەتی کردن بە بەها و جنێودان و هەڵچوون و دووبارە بوونەوەکانی ساتەوەختی شێتی شالیر و توڕەبوونی لەبەرامبەر سرووشتدا، وای کردبوو ڕەخنەی ئەو لەبەرامبەر میتافیزیکیا دەربکەوێت، ئەوەش ناچاری دەکردین ئێمە شالیرێکی نوێ و هاودژ بە شالیری شکسپیر بناسین، ئەوەش نزیکمان دەکاتەوە لەو بۆچوونەی (یۆجینیۆ یۆنسکۆ) کە ووتی "شکسپیر باوکی شانۆی ئەبسێردە" ئەو دیدە یۆنسکۆیە ئەگەر لەدەرەوەی سیاقی نمایشەوە نەتوانێ ڕەوایەتی وەربگرێت، بەڵام لە سیاقی دەلالی ئەم نمایشە دەتوانێ پانتایەك بۆ ڕەوایەتی خۆی دەست نیشان بکات، بەوەی گەر بەلای (سارتەر) ەوە پەیوەندی تێکست بە خوینەر پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە بێت بەواتا، ئەوا پەیوەندی دەرهێنەر بە تێکست، نووسینەوەی نهێنی ئاشکرا نەکراوی ئەو پەیوەندیە دەلالییە بۆ ئەوەی گومان لە تێگەیشتنی ڕابردووی تێکست بکەین، ئەوە سڕینەوەی زەمەنی شکسپیر نیە، بەڵکو تەئویلکردنەوەیەکی ئەبسێردانەیە، بۆ ئەوەی پێمان بڵێت کارەکتەر ناو و خاسیەت و تایبەتمەندیەکانی گرنگیەکی ئەوتۆیان نیە، هەمووان لەو ساتەوەختە بێزاری خۆیان لەو بێهودەیەی ژیان دەردەبڕن، سەرەنجام هەمووان بە کێشە و ململانێی کوشتنەوە خەریك دەبن، بەواتای تراژیدیا



شکسپیریەکە لەناو بەردەوامی دەهێڵێتەوە نەوەك بە کۆتایی تراژیدیایەك ڕووداو کۆتایی بێت، ئەو کۆتایە هەڕەشەیەکە لە داهاتوو.

بەپێی ڕاڤەکردنی شکسپیرناسەکان لەنێوان دوانزە کارەکتەر شەش لەوان شەڕخوازن، شەشەکەی تریش هەڵگری ڕۆحی چاکەخوازین، بەڵام ئەوەی لەنمایشەکەدا دەیبینین، جگە لەو کچە ئەکتەرەی نوێنەرایەتی کارەکتەری کۆردیلیا دەکات، ئێمە کارەکتەرێکیترمان نیە لایەنگیری لە شالیر بکات، ئەگەرچی هەندێك لە کارەکتەرەکان لەهەندێ ئاستدا سۆز و بەزەیی دەردەخەن، دیارە ئەو فەزایە باڵی بەسەر تەواوی دنیای شێتی شالیر داگرتووە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی دەمامك بەڕووی پەیوەندەیە ئەخلاقیەکانی ئەم ماڵە دابماڵدرێت، هەربۆیە پیلانەکان دەگەنە ئاستی ئەوەی هەریەك لەدوو کچەکە پەیوەندی نهێنی بە کارەکتەرێکەوە ببەستن بۆ گەیشتن بە مەرامەکان، گرنگ نزیك بوونەوەیە لە عەرش و کۆتایی هێنانە بەو گەمە شانۆییە.

ئەو گەمە شانۆییە پێویستی بە سیستمێکی شانۆیی هەیە تاوەکو بتوانێ کارەکتەرەکان بە ڕۆحی شکسپیر، بەڵام بە تێگەیشتنی خۆیان بۆ ناو ئەو دنیای دابەش کردنی دەسەڵات لە ساتەوەختی شێتی لای شالیر دەربکەوێت، بۆ ئەوەش ئاماژە

ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دەرکەوتنی تواناکانی نواندن، ئاماژە لە ئاستی جولەوە کۆدەکانی خۆی دەردەخات، بەتایبەت بۆ کارەکتەری شالیر ئەو کاتانەی کە پشتی دەکەوێتە ئێمە، دەتوانین لە ڕێگەی جولەی پەنجەکانیەوە تەواوی ڕووخساری شالیر بخوێنینەوە، بەوەش ئێمە دەکەوینە ناو سیستمێکی ئاماژەکاری جولە کە پێویستی بەڕێکخستنەوەی ئەو کۆدانەی ئەکتەر هەیە، ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان ئەکتەر و سینۆگرافیایە، چونکە لەڕووی بیناسازیەوە ئێمە سێ دەرگای جیاواز بەتەنیشت یەکەوە دەبینین دەرگاکان گوزارشت لە دنیای سێ کچەکە دەکەن، ئەو بیناسازیە بۆ شوێن وەزیفەیەکی نوێمان بۆ دەردەخات کە سینۆگرافیا بەتەنیا کارێکی زەخرەفەیی ئەنجام نەدات، بەڵکو پەیوەندی ئەکتەرە بە بۆشایەوە، بەتایبەت لە بوونی ڕەنگەکان لە بۆشایدا.

دیواری کۆشکەکە دوو ڕەنگ تیایدا ئامادەیە (سوور و سەوز) هەرچی ڕوناکی پێشەوەی شانۆیە تەنیا (سپی) ە، لێرەدا سینۆگرافیا لە پەیوەندی ڕەنگ بە بیناسازیەوە لەمانای زەخرەفەیی خۆی دەرباز دەکات بۆ خولقاندنی نهێنی ئاشکرا نەکراوی کەسێتیەکان، ئەوە هەڕەشەکردنە لە داهاتوو، چونکە ئەگەر ڕەنگی سوور پیلانی سەرەکی لەناو بردنی شالیر بێت،



ئەوا ڕەنگی سەوز خەونی هەریەکە لە کارەکتەرەکانە بەتایبەتی هەردوو کچەکەی کە دەیانەوێ دەسەڵاتی کۆشك بگرنە دەست، ئەوەش هارمۆنی بوونی دوو ڕەنگی دژ بەیەکە کە یەك دەگرن لەناو خەونی مەرگ کە مەبەستی سەرەکی شکسپیرە، بەواتای ڕۆحی شکسپیریەت لەناو نمایشەکە وون نابێت، ئەو گەمە شکسپیریەش لەلای هەریەك لە کارەکتەرەکان بەردەوامی دەبێت، بەوەی پێمان بڵێت بەر لە مەرگی شالیر شەڕ لەناو هەمووان بەرپا دەبێت، ئەو جۆرە شەڕە کە دەبێتە هەڕەشە بۆ لەدایکبوونی تراژیدیا مەبەستێکی سەرەکی ئەم ئەزموونەیە هەوڵێکە بۆ وریا کردنەوە، بەر لەوەی تراژیدیا شکسپیریەکە ڕوو بدات پێشبینیە ترسناکەکانی دەخاتە ڕوو لەناو یەکەیەکی سیمیۆلۆژی گوتارە شانۆیەکە.

بەواتای شانۆگەری شالیر لە تراژیدیایەك کە لەڕابردوو ڕوویداوە و شکسپیر نووسیویەتیەوە لە نمایشەکەدا پرۆسەی نووسینەوە بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە شێتبوونی شالیر و وێرانبوونی پەیوەندیەکانی تراژیدیایەك نیە لە ڕابردوو ڕوویدابێت، بەڵکو تراژیدیایەکە هەڕەشە لە داهاتوومان دەکات، ئەوەش لەدوا ساتەکانی نمایش وێنەیەکی ئاژاوەگێڕی ڕێکخەر کە لەناو کۆدی نواندنی ئەکتەر دەردەکەوێت، لەڕێگەی ئاماژە

سرووشتيەكانى جولە و كۆكردنەوەى لەناو ئەتمۆسفێرێكى خوێناوى بۆ مەرگ. ئەوەش ترسى هەموو ئەوانى ناو كۆشكە، بەوەى دابەش كردنى دەسەلآت يەكسان دەكاتەوە بە ژيانى دواى مردنى باوك، بەوەى فەرزەندەكان پەرش و بلآو دەبن و خەونى بوونە باوكايەتى بە تراژيديا و خەون كۆتايى دێت.

بۆيە شەڕكردنەكان لەسەر دەسەلآت زياتر لەناو وێنەيەكى ترسناكى شانۆيى دەخرێتە ڕوو، كە ئەوە شێتى شالير نيە لەدواساتەكانى ژيان، بەڵكو شێتى هەريەكە لە كچەكان و ئەوانى ناو كۆشكەكەن، گەيشتوونەتە دوا پلەى شێتى، ئەگەر شالير لەدواين لەحزەكانيدا جۆرێك زمان بەكار بێنێت كە زمانى نەستى كارەكتەر بێت، بگاتە ئاشكرا كردنى نهێنى ميتافيزيكى لە بوون، ئاخۆ شێتى هەر يەكە لە كچەكان بەچى يەكسانە؟ ئايا شێتيەك نيە بەتەنيا لەناو هيچگەرايەكدايە، كەهەر لەسەرەتاوە كۆرديليا دەڵێت (هيچ) بەلآم شالير دەڵێت "هيچ لە هيچەوە دێ قسەبكە دەى" بەلآم چى بڵێن كە هەموو شتەكان هيچن، ئاخۆ هەر ئەو هيچگەراييە نيە واى لە گۆران عەلى كەريم كردووە لەڕوانگەيەكى ئەبسێردانەوە سەيرى دنياى ناو تێكستى شالير بكات؟



# ئاراستە جياوازەكان، لەپرۆسەى بەشانۆكردنى حەساردا

حەسارى شێرزاد حەسەن لەبنەڕەتدا خەونى كوشتنى باوكمان بۆ دەگێڕێتەوە، كوڕى گەورە خەون بە كوشتنى باوك دەبينێت. ئەو خەونە بە تراژيديا كۆتايى دێت، تراژيديايەك پێمان دەڵێت كوشتنى باوك خەونێكە، بەلآم خەونێكى ترسناك، زياد لە دوانزە ساڵە شانۆكار ڕزگار ئەمين ئەو تێكستەى بۆ شانۆ ئامادە كردووە، چەندين جار ويستوويەتى بيخاتە سەر شانۆ، بەلآم هەوڵەكانى ناكام ماونەتەوە، تا ڕۆژى ٢٠٠٨/٨/٢٠ ئەم خەونەى لە سەنتەرى ئالآ (هەولێر) لەگەڵ كۆمەڵێك گەنج بە ئەنجام گەياند، بەر لەو كارە ئەم شانۆگەريانەى دەرهێناوە "سزادان ٨٧، يادى چالاك ٨٩، شيرين و فەرهاد ٩٠، مارا- صاد ٩١، ميهرەجانى كەلاوەكان ٩٢، ميهرەجانى مرۆڤايەتى ٩٣، گۆرانى چايكا ٩٧، ديوار ٢٠٠٥"

شانۆگەرى حەسار دەقێكە لە نۆڤلێتێكى ئەدەبيەوە دەگوازرێتەوە بۆ جيهانى بەرجەستە كراوى كارەكتەرەكانى حەسار، ئەم

شانۆگەریە لەسەر ئاستی بونیادی درامی و ئەتمۆسفێری گشتی و ململانێی درامی و وێنە و پێکهاتەکانی، بەرهەمی شێرزاد حەسەن نیە، بەڵکو بەرەنجامی پڕۆسەیەکی دەقئاوێزان کردنە لەسەر چەندین دەقیتر، بۆیە لەڕووی ئەتمۆسفیری گشتی شانۆگەریەکانی شکسپیر و هەروەها قەرەجی پوشکێن فەزای گشتی پێك دێنن، وەك چۆن لەڕووی ئاخاوتنی کچەکانەوە ئەوان دەبنە کچانی (ماڵی بەرنادا ئەلبا)ی لۆڕکا، ئەوە جگە لەوەی کاتێ دوو خوشکەکە جل و پێڵاوە تازەکە لەبەر دەکەن و بەشەڕدێن و ڕق و ئێرەیی دەنوێنن، ئەوان لەپشت پێکهاتی درامی شانۆگەری (کارەکەرەکان) ی ژان ژینیەوە دەردەکەون، تەنانەت لە دیمەنێکدا ڕێك دەبن بە کلێر و سۆلانژ.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەم دوو کارەکتەرە بەهەموو ڕەهەندە فکری و ئەخلاقی و سەرکوتکردنەوەکانیان دێنەوە دەبنە دوو لە کچانی حەسار، ئایا ڕەهەند و بنیاتی کارەکتەر بەبێ تێکشکانێکیتر دەتوانێ لەناو حەسار دەربکەون؟ چونکە لە دەقئاوێزاندا پێویستە مانای نوێ لەسەر ئەو دەقانە بدۆزرێتەوە، بەڵام لەم نمایشەدا تەنانەت "داغستانی منی هەمزاتۆف، شیعری سوهراب، مانۆڕی لۆلا ئەناگستۆکی" تەنیا وەك پڕۆسەی کۆکردنەوە و ئامادە کردن دەردەکەون، هەر بەهەمان ڕەهەند و



دەلالەتەکانی دەقی یەکەم، دەقی یەکەم بە جەستەی دەقی نمایشەوە دەلکێنرێ، بەبێ ئەوەی دەقی نمایش توانای دامەزراندنی مانای نوێی هەبێت بۆ دەقی دووەم کە دەقی نمایشە، چونکە ئەوەیان لە دەقئاوێزان مەسەلەیەکی میتۆدیە، بەوەی دەقئاوێزان پەیوەندی نێوان دەقێکە لەگەڵ چەند دەقێك، ئەوەش دەکات بە سێنتەرێك بۆ پەیوەندیەکی دیالەکتیکی، کە دەق دابڕاو نیە لە دەقەکانی بەر لەخۆی، بەڵکو لە گفتوگۆی نێوان دەقەکانداین، بەڵام دەقە نوێیەکە لەناو ئاگاییەکی مێژوویدا دەجولێتەوە، کە ڕەهەندێکی ئەبستمۆلۆژی پێ دەدرێت، ئەوە بە شێوەیەکی گشتی وەك مەسەلەیەکی میتۆدی بۆ دەقئاوێزان لای (کریستیڤا، تۆدۆرۆف، بارت)

بەڵام شانۆگەری حەسار ناتوانێ لەناو ئەو ڕەهەندەی دەقی یەکەم بێتە دەرەوە و بەرەو ڕەهەندی ئەبستمۆلۆژی بێت، کە مانای کەشف نەکراوی نێو دەقەکانە، سەرەنجام دەقی کار لەسەر کراو (نۆڤلێتی حەسار) فەزای خۆی دەدۆڕێنێت بەهۆی ئەوەی خۆشەویستی کە چەمکێکی سەرەکیە لەناو حەسار نەك سێکس وەك دەرهێنەر ئیشی لەسە ر کردبوو، حەساریەکان لە نمایشەکەدا تەنیا کێشەی سێکسکردنیان هەبوو هەر لە کوڕی گەورەوە تا شەلە و کچان و دایکان. ئەو هێڵەی وێنای سێکس

دەكات كوشتنى هێڵى گشتى تێكستەكەى شێرزادە، هێڵێك بۆ سێكس لەناو حەسار دەدۆزرێتەوە، لەسەر بنەماى كوشتنى هێڵى سەرەكى دەقى نۆڤلێتەكە كە كێشەى حەسار عەشقە نەك سێكس. ناتوانين ناو لە حەسار بنێين دەقێكى كوردى بەهۆى ئەوەى دەيالۆگ و ڕووداوى حەسارييەكان بەرهەمى كولتورى كوردى نين، نە ڕزگار ئەمين خوڵقاندوويەتى وەنە شێرزاد حەسەن، بەڵكو دەقەكەى شێرزاد تەنيا چوارچێوەى گشتى پێك هێناوە، ئەوانيتر دەقيتر دروستى كردوون، ئەوەش ئيشكاليەتى نووسينى كوردى و غيابى بيركردنەوەيە بۆ خوڵقاندن، بۆيە ئەو كاتانەى فەزاى گشتى لە شانۆگەريەكى جيهانى وەردەگرين و كارەكتەرى دەقێكيدى قەرز دەكەين و لەيەكێكيتريش دەيالۆگ دێنين، حەوت دەق لەهەر يەكێكيان بەشێك وەردەگرين و دەشمانەوێ كارەكەمان لەژێر ناوى دەقى كوردى نمايش بكرێ، ئەوە ئيشكاليەتى پرۆسەى ئامادەكردنەوەيە، نە بەرهەمى عەقڵى كوردى و نە خوڵقاندنەوەيەكى ئێمەيە.

ئەوە گردبوونەوەيە لەناو دەقى جيهانى، ئيشكاليەتێكە لە ئيشكاليەتى شانۆى عەرەبييەوە هاتووە، لەناوەڕاستى هەشتاكانەوە ڕەخنەگر (پۆل شاوول) ئاماژەى بۆ ئەو جۆرە



شانۆيە كردووە كە چۆن لەو كۆكردنەوەيە سەرەنجام ناو لە كارەكەيان دەنرێ عەرەبى و شەڕ بە شانۆى جيهانيش دەفرۆشرێت، ئەم نمايشە بەشێكە لەو ئيشكاليەتە. لەڕووى پێكهاتە و دەيالۆگ و فەزاى گشتيەوە كۆكردنەوەيە لە دەقى جيهانى زۆر كەمتر لە حەسارى شێرزاد دەچێت.

دەرهێنەر لەڕێگەى ئەم دەقەوە دەيەوێ چارەسەر و داڕشتنەوەى بۆ پانتايى شانۆ بكات، بە ئاماژەكردنى گرفتەكانى ناو ماڵى كوردى، بەڵام بيرى دەچێت گرفتى سەرەكى ماڵەكان خۆشەويستيە نەك سێكس، نەبوونى خۆشەويستيە تراژيدياى خوڵقاندووە نەك كێشەى سێكسى، شێرزاد زۆر بەقووڵى لەسەر ئەو چەمكە چ لە حەسار و يا لە كۆمەڵە چيرۆكى (گەڕەكى داهۆڵەكان) لەسەرى دەوەستێت، بەتايبەت لەهەردوو چيرۆكى (عيزرائيل) و (ماڵئاوا خۆشەويست).

پەيوەندى دەرهێنەر بە بۆشايى پەيوەستە بە ئەتمۆسفێرى گشتى نمايش، نەوەك پەيوەندى بۆشايى بێت بە ئەكتەرەوە، ئەو ئەزموونە بۆ ئەكتەرى سەرەتايى سەركێشيە بۆ دۆڕاندن، چونكە ئەوان ناتوانن بەهۆى ئەو ووزە خاكيانەوە لەكارێكى وادا سەركەوتوو بن، بۆيە دەرهێنەر ڕوئياكانى دەبێتە قوربانى نواندن، ئەگەرچى لە هەندێ ديمەندا بەهۆى جولەى گشتيەوە

ئەو خەوشانەی نواندن دەشاردرێنەوە، وەك دیمەنی شینگێڕان لەسەر تەرمی باوك، یا دیمەنی گۆڕ هەڵكەندن لەلایان زێوانەوە، كاتێ دەنگی هەناسەی زێوان و حەساریەكان تێكەڵی یەكتر دەبێت، ئەوە جوانترین وێنەی ئەم نمایشەیە، كە خاوەنی ڕەهەندێكی ئیستاتیكی بەرزە و دید و پلانی دەرهێنەر خوڵقاندوویەتی.

"بیكوژە" ئەو پەیڤەی حەساریەكان ئاراستەی برای گەورەی دەكەن، بۆئەوەی بە تاوانی كوشتن هەڵبستێ، ئەو داواكردنە بەدوای پڕۆسەی كوشتن بە پرسیاری "بۆ كوشتت؟" دەگۆڕدرێت، ئیشكردنی بەردەوام لەسەر "بیكوژە/ بۆ كوشتت" یەك هێلی ڕووداو زاڵ دەكات، وادەكات تەواوی ڕووداوەكانیتر (خۆشۆرینی كچەكان، هەوڵی نزیك بوونەوەی كوڕی گەورە لە ڕابی –بۆ سێكس نەك بۆ عەشق–، شەهوانیەتی زێوان، كەبتەكانی شەلە) تەواوی ئەوانە ببنە پەراوێزی ڕووداوەكان، ئەوە سەرباری ئەوەی شوێن بۆخۆی چەندە دیدێكی جیاوازی بەپێی ئاستەكانی بینین بۆ كوشتن خوڵقاند، بەهۆی ئەوەی دابەش كردنی بینەر بۆ سێ شوێنی جیاواز وای كرد هەر گروپێك لەبینەران بەشێوەیەك شانۆگەریەكە ببینێت، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ناڕۆشنی لەگوتاری نمایش دەربخات، لەهەردوو ئاستی دەلالی و جوانكاری، چونكە هەر گروپێك لە بینەران بەشێوەیەك جولەیان دەبینی، ئەوانەی لەسەر تەختەی شانۆكە دانیشتبوون دیمەنی قوماشەكەیان بە شێوەیەك بینی كە تاڕادەیەك وێنەیەكی جوانی پێ بەخشیوون، لەكاتێكدا ئەوانەی لە خوارەوەی شانۆكە بوون نەیانتوانی لە نهێنی ئەو قوماشە بگەن.

هەڵبژاردنی شوێن لەڕووی میتۆدیەوە بۆ ئەمجۆرە كارانە پێویستی بە چارەسەری جیاوازە بۆ پانتایی، چونكە دەبێ ئەو كاتە هێلی ئاسۆیی جولەی ئەكتەر بگۆڕدرێت بۆ هێلی بازنەیی و لاكێشەیی و یا سێگۆشەیی، بەلاّم هێلەكانی جولەكردن بەو شێوەیە بوو كە ئەو بینەرانەی لەسەر تەختەی شانۆن لەبەردەم جولەی ئاسۆیی بن و هیچ نرخێكیش بۆ ئەوانەی خوارەوە دانەنراوە، بەواتای ئەو جولە كردنە تەنیا جێگۆڕكێ كردنە بە ئێمەی بینەر و ئەوانی ئەكتەر، ئەو جێگۆڕكێكردنە نەیتوانی پەیوەندیەكی نوێ لەنێوان ئەكتەر و بینەر بدۆزێتەوە، كەچی لەناكاو بۆ درووست كردنی پەیوەندی بەبێ بوونی هیچ سیستمێك كچەكان بە پرسیاری "بیكوژێ یان نەیكوژی؟" خەنەبەندان درووست دەكەن و خەنە لەدەستمان دەدەن، لەڕاستیدا پرسیاری كچەكان گومانێكی هاملێتیە لەبارەی بوون و

نەبوون، ئەو پرسیارە پێویستی بە توێژینەوەی ئەو ئاگاییە هەبوو، کە کچەکان لەناو خەنەبەندانەوە بە چ ئاگاییەکەوە ئەو پرسیارە دەکەن، بەتایبەت ئاگایی ئەوان لە حەسار بریتیە لە سەرکوتکردنەوەی پرسیار، بۆیە ئەو پرسیارە هاملێتیەی هەڵگری گومانی فەلسەفیە زۆر بەزەحمەت توانای ئەوەی هەیە بێتە ناو حەسارەوە، سەرەڕای ئەو هەڵە کولتوریەی بەسەر کچەکان تێدەپەڕێ، کە دەبوایە خەنە گیراوەکەیان لەدەستی کچان بدابوایە نەک کوڕان، دیارە بەدوای ئەو دیمەنەوە دیسان هیچ پەیوەندیەک نامێنێ لەنێوان ئێمەی بینەر و ئەوانی ئەکتەر، بۆیە دیمەنی خەنەبەندانەکە لەدەرەوەی سیستمی نمایشەوەیە، هەڕەمەکیەت درووستی کردووە، دەیەوێ پەیوەندی لەگەڵ بینەر درووست بکات، بەڵام پەیوەندیەکی ڕواڵەت ئامێزەو توانای خوڵقاندنی پەیوەندی نیە سەرباری هەڵەی کولتوری و بوونی پرسیاری فەلسەفی کە زیاتر لە کۆمیدیایەک دەچێت.

ئیشکالیەتی سەرەکی ئەم شانۆگەریە پەیوەندی بە ئەکتەرەکانی نمایشەکەوە هەیە، بەهۆی ئەوەی ئەوان بریتین لەکۆمەڵە ئەکتەرێکی بێ ئەزموون، کە خاوەنی ئاگاییەکی شانۆیی نین، بۆیە بوونە بەو جەستانەی کە کۆیلەی دەسەڵاتی دەرهێنەرن، توانای تەوزیف کردنی ئەندامەکانی جەستەی خۆیانیان نیە،



لەکاتی دەیالۆگ ووتنیشدا ئەوان تەنیا تێکستی نووسراو دەخوێننەوە، گوزارشتی جەستەیی لای ئەکتەر بەتەواوی وونە، ئەگەر ئەو ئەسکەلانەی موفرەدەی شانۆیەکە بوون نەبوایە، ئەوا ئێمە لەبەردەم چەند مرۆڤێکی ئاسایی بووین نەک لەبەردەم توانای ئەکتەر، جگە لە (بەهمەن حاجی) کە دەیزانی چۆن دەنگ و جەستەی بەکار بێنێت، ئەگەرچی سستی و بێتوانایی ئەوانیتر وای کردبوو ئەو وەك کەسی سەرەکی دەربکەوێت، ڕووداوەکان بەدەوری ئەودا بخولێنەوە نەك بەدەوری باوك.

باوك بەهۆی نەگەیاندنی دەیالۆگ و نەبوونی توانا بۆ بزاوت باوکێکی ترسنۆکی خوڵقاند، باوکێکی تۆقێنەر نەبوو، باوکێك نەبوو شایەنی ئەوە بێت لە حەساردا خەون بە کوشتنیەوە ببینین، ئەگەر هەموو ئەمانە ئەکتەر تیایدا بەرپرسیار بێت و دەرهێنەر  هەست بەهەموو ئەو لاوازیە بکات.

ئەوە وای لێ دەکات دوو هێل بۆ نواندن دەست نیشان بکات، هێلی سەرەکی کە هێلێکی تراژیدیە (برای گەورە و باوك) نوێنەرایەتی دەکەن، هێلی دووەم هێلێکی کۆمیدیە کارەکتەری (شەلە) ئیشی لەسەر دەکات، ئەوەیان زیاتر بۆ ڕاگرتنی ڕووداوەکانە، بۆ ئەوەیە بێتوانایی ئەکتەرەکان بشارێتەوە، تاوەکو تووشی دابەزینی ئاستی گشتی ڕووداو نەبێت، بەڵام

بەهۆی لاوازی تواناکانی نواندن، ئەو هێڵە کۆمیدیە ناتوانێ ڕیتمی ڕووداوەکان ڕابگرێت، ئەوە سەرباری ئەوەی هەریەکە لەو دوو هێڵە بەدوو ئاراستەی جیاواز ئیش دەکەن، سیستمێکی ڕێکخەر نیە ئەو دوو هێڵە کۆبکاتەوە، ئەوە لە کاتێکدا کارەکتەری شەلە ناتوانێ لەناو پرۆسەی خەون بێتە دەرەوە، بەواتای ناتوانێ بەشداری لە گێڕانەوە جیاوازەکان خەون بکات، لەهەموو گێڕانەوەکان یەك ڕیتم بەسەر نواندنی زاڵ دەبێ کە ناتوانێ لێی دەرباز بێت.

بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی نێوان نواندن و ڕاگرتنی زەمەنی خەون، دەرهێنەر ئەو کەلێنە بە گۆرانی چارەسەر دەکات، بەڵام گۆرانی هەڵگری هیچ مانایەك نیە، هێندەی کاریگەری ئەزموونی ئاهەنگسازی بەسەر دەرهێنەرەوە دیارە چ لە بوونی گۆرانیەکان یا ئەو دابەشکردنەی شوێن کە پێشتر لە ئەزموونی ئاهەنگسازی دەرکەوتووە.

بۆیە گۆرانی توانای ئەوەی نیە پەیوەندی دەلالی بە خەونی چەپێنراوی کارەکتەر درووست بکات، وەك چۆن پارچە قوماشە سپیەکە هێندەی شاردنەوەی موفرەدە و درووست کردنەوەی وێنە و خۆ ئامادەکردنە بۆ دیمەنی دواتر، بەقەد ئەوە ماتریالێك



نیە دەلالەت بنیات بنێت، بەڵکو ماتریالێکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی.

لەکۆتایدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئەم نمایشە خەونی دوانزە ساڵەی دەرهێنەرەکەیەتی، چەندین ساڵە ئەو خەونە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ، تا ڕادەی ئەوەی حەسار لە خەونەوە بۆی ببوو بە وەهم، بەڵام ئەمجارەیان وەهمەکەی بوو بە حەقیقەت، کەچی حەقیقەت تاڵ بوو، جوانیەکانی وەهم مردن و حەقیقەتی ئەکتەری سەرەتایی وەهمە جوانەکەی ڕزگار ئەمینی بەرەو هەڵدێر برد.

ئەگەرچی ئەو پێشتر لە ڕێکەوتێکی نائاسایدا یانزە ساڵ بەر لە ئێستا لە (گۆرانی چایکا) تووشی هەمان تاڵی بۆوە، بۆیە دووبارە بوونەوەی ئەوەمان پێ دەڵێت کە چیدی ناتوانین لە ئاستی پراکتیکیەوە چاوەڕوانی پڕۆژەی سەرکەوتوو لەو دەرهێنەرە بکەین.

ئەگەرچی هەندێك تێبینی سەرەتایی لەکارەکەی بەدی دەکرا کە نەدەبوو بەسەر ئەودا تێپەڕێت، لەوانەش نائامادە بوونی ئاگایی شانۆیی لەبارەی شوێن و خوێندنەوەی جیاواز بۆ پانتایی، دەشێ بڕوابوون بە توانا فەردیەکانی خۆی و پرسنەکردن و بانگهێشت نەکردنی هیچ شانۆکارێك و کارکردن لەتەك کۆمەڵە

ئارەزوومەندێکی شانۆیی ئەو حەقیقەتە تاڵەی بۆمان خستبێتە ڕوو.

هەر ئومێدێك بۆ پڕۆژەی جیاواز و ئەلتەرناتیڤ بەو دەرهێنەرە لە داهاتوودا ئاسان نیە و ناشتوانین جارێکیتر وەهمی داهێنان لەکارەکانی ئەودا داگیرمان بکات.



# هۆرۆسکۆپ ئەزموونێك بەدوای جیاوازی دەگەڕێت

هەوڵدان بۆ نمایش و پڕۆژەی جیاواز ئەوە نیە لەئەزموونە نوێیەکانی گرووپی تر نزیك بکەوینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەزموونگەر بین وپرۆژەی ئەلتەرناتیڤ بنیات بنێین پێویستمان بەوەیە هەوڵدانی جیاواز لەو نێوەندە بێنینە دی، بەداخەوە زۆربەی هەوڵەکان لەبزوتنەوەی شانۆی کەرکوکدا هێندەی ویستراوە کۆپی ئەزموونەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری بێت لەڕێگەی پەنابردنە بەر هاتنە دەرەوە لەهۆڵ و کارکردن لەڕێگەی بانتۆمایم بەو ئومێدەی بیانکات بە ئەزموونکار، بێئاگا لەوەی ئەوان جگە لە لاسایکاریەك لەم کارە شتێکیتر ئەنجام نادەن، ئەو شانۆکارانە ئەگەر بیانەوێ ببن بە ئەزموونکار پێویستیان بەوەیە ئەزموون وهەوڵەکانیان بەرەنجامی بیرکردنەوەی عەقڵی خۆیان بێت، نەك لەژێر کاریگەری ئەزموونی گرووپیتر لاسایی بکەنەوە، دیارە لەو بوارەدا کاریگەری شتێکی سرووشتیە، بەڵام ئەوەی ناسرووشتی خۆی دەنوێنێ ئەو کاریگەریە ڕێگەی ئەوەمان نەدات جیاوازیەکانمان تۆخ بکەینەوە نەك لێکچوونەکان، لەو نێوەندەدا چەندین هەوڵی ئەزموونکاری دراوە کە ویستوویانە

مۆركی خۆیان لەو بزووتنەوەیە دەربخەن، ئەوانەش (كورسیەكان) ی كۆسرەت عەبدولرەحمان و (گۆرانی چایكا) ی فریاد ئەحمەد و () سیروان بێلانە، بەڵام ئەو ئەزموونانە هەرچەندە بەنمایشێك ناتوانن خاسیەتە ناتەباكانی خۆیان دەربخەن، بەڵكو پێویستیان بە پرۆژەی شانۆیی درێژ هەیە، بەتایبەت هەوڵی كۆسرەت وفریاد لەبواری ئەزموونی مۆنۆدرامادا كە توانیان تێگەیشتن لە ئەزموونگەری لەو چەمكە دەست نیشان كراوە دەرباز بكەن، وەك چۆن بۆ بێلانە ئەزموونەكە هێشتا پێویستی بە قووڵ بوونەوەو تێڕامانی زیاتر هەیە تاوەكو بتوانێ بەرەو ئەزموونی ئەلتەرناتیڤ وجیاواز هەنگاو بنێت، ئەوە سەرباری هەر تێگەیشتنێكی سەرەتایی بۆ ئەو سێ ئەزموونە، بەڵام ئەوەی دەتوانێ بانگەشە بۆ پڕۆژەیەكی ئەزموونكاری جیاواز بكات، دوور لە لاسایی كاری وقووڵ بوونەوە لەناو ئیشكردن بە ئاقارو مانای تر، ئەوە نمایشی (هۆرۆسكۆب) ی كاردۆ- یە. ئەم نمایشە لەوە دەردەچێت هەڵگری گوتارێكی دەست نیشان كراو بێت، چونكە لەگەڵ خۆیدا چەندین پرسیاری جیاواز دێنێتە كایەوە، ئەوە هەوڵێكە بۆ ئەزموونێكی ئەلتەرناتیڤ، ئەزموونێك دەیەوێت لەئەزموونیتر نەچێت، هەر لەسەرەتاوە لەڤۆڵدەری كارەكەی بانگەوازێك بڵاو دەكاتەوە، بۆ



گفتوگۆكردن لەسەر ئەزموونەكانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری كەركوك، ئەو بانگەوازە بۆ ئێمە بەهەستكردن بە بەرپرسیاریەتیەكی ئەخلاقی دەزانین، بەتایبەت كە ئەو ئەزموونە لەئێمە نزیك نابێتەوە هێندەی بەدوای پڕۆژەیەكی ئەلتەرناتیڤ دەگەڕێت، كە لەو ووتارەدا دەمانەوێ لەسەری بووەستین.
بینەران پێڵاوەكانیان دادەكەنن بەناو دەروازەیەك دەچنە ژوورەوە، ئەو چوونە ژوورەوەیە سەرەتای ئێنتیماكردنی بینەرە بۆ ناو سرووتێكی تایبەتمەند، ئەوە قووڵ بوونەوە بوو بۆناو ناخی مرۆڤ، بۆیە چوونە ژوورەوەكە دەتوانین بە ئەندامی سێكسی دایك ناوی بەرین، كە ئەو هەموو ئۆدیب و ئەلیكترایە پێیدا چووینە ژوورەوە، یاخود لەتەئویلێكیتردا دەتوانین ناوی بەرین بەو ئەشكەوتە تاریكەكەی مرۆڤ كە نیتچە ئاماژەی بۆ دەكات، كاتێ بەچرایەكەوە بەدوای یەزدان دەگەڕێین، ئەوە سەرەتای بەریەكەوتنی ئەم نمایشەیە لەگەڵ پرسیارەكانی نیتچە. نمایشەكە ئێمە لەناو مناڵدان دادەنێت، یاخود دەمانخاتە قووڵایی زەویی تا بێهودەیی ژیانمان بۆ دەربخات، شێوە دانیشتنی ئێمە و سرووتی شوێن لەڕێگەی مۆم وبخور ڕیتوالێكی ئاینی بنیات دەنا، ئەوە گەمەكردنی بێهودەیی ژیان بوو لەناو میتافیزیكیا، پرسیار بوو لەبیرۆكەی چاوەڕوانی،

لەداماڵینمان لەهەستی مرۆیی بەرەو ئاژەڵ بوون، لێرەوە پەیوەندیی نێوان ئەکتەر وبینەر پەیوەندیەکی حەتمیە لەسەر پرسیار، بۆیە بەریەکەوتنی حەتمیەتی هەردووکیان پرسیاری بێهودەیی دەگۆڕێت بۆ پرسیاری ئەنتۆلۆژی، ئەوە گەڕانەوە بوو بۆ پرسیارەکەی نیتچە کە دەپرسێت "ئایا چیدیی مانایەك بۆ بەرزو نزم ماوە؟ ئایا ئێمە نوقمی ناو نەبوون نین؟ ئایا شەوێکی زۆر تاریکتر وقوڵتر گەمارۆمان نادات؟ ئایا سپێدان پێویستمان بە چرا نیە؟ ئایا هێشتا گوێمان لەو گۆڕ هەڵکەنانە نیە کە گۆڕی خودا هەڵدەکەنن؟ ئایا ناتوانین بۆنی داڕزانی پیرۆزی بکەین؟" ئەوانە پرسیار بوون لەبارەی بوون و مەرگی میتافیزیکیا، ئەنتۆلۆژیەتی ئەم نمایشە هیچ لەو پرسیارانەی ڕاستەوخۆ ئاراستە نەکردین، بەڵکو لەڕێگەی دەنگ وجولەوە ویستی ئەو پرسیارانەمان لەناو بروژێنێت، لێرەدا خوێندنەوەی نمایشەکەش گومانێکیترمان ڕووبەروو دەکاتەوە، لەبارەی ئەو پێکهاتە درامیەی کە تێکست درووست دەکات، تێکستێکی نووسراو نیە، بەڵکو دیدێکی پانتاییە بۆ شانۆ، ئەوە بەدەنگ کردنی ووشە وبەجولەکردنی دەنگە، بۆیە بیرۆکەی گشتی (چاوەڕوانی گۆدۆ) و قەسیدەی (هۆرۆسکۆب) ی بیکت بۆ کاردۆ دەبێتە ئەتمۆسفێری گشتی نمایشەکە، ئەتمۆسفێرێك فێرمان



دەکات بیکت و بیرۆکەی چاوەڕوانی لە ناوکۆییەکی ئاینیەوە بنیات بنێین، کە ئەوەش مەبەستی سەرەکی شانۆی ئەزموونگەریەو هەریەکە لە ئاڕتۆ و گرۆتۆفسکی لەپرۆژەی جیاواز خستوویانەتە ڕوو. ئەو ناوکۆییە ئاینیە لەپێناو بە پیرۆز کردنی ئاین نیە، وەك چۆن لێدانی نیتچە لە مەسیح خۆی نەبوو بەڵکو لەمەسیحیەتە، ئەوانەی توانای ئەوەیان نیە متمانە بکەنە سەر خۆیان، دەیانەوێ مەسیح خەمیان بخوات نەك خۆیان خەم لەخۆیان بخۆن. بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەشێکی پرسیارەکەی نیتچە و لەوێوە سەیری نمایشەکە بکەین باشتر تێگەیشتنەکەمان دەخرێتە ڕوو، نیتچە دەپرسێت " ئایا هێشتا گوێمان لەو گۆڕ هەڵکەنانە نیە کە گۆڕی خودا هەڵدەکەنن؟ ئایا ناتوانین بۆنی داڕزانی پیرۆزی بکەین؟" ئەو پرسیارە مردنی ئەو دیدە خورافیەی ئاینە، مردنی خودا مەرگی عەقڵی ئاینپەروەرەکانە، بەمانای چەمکێکی مەجازیە، ئەوە داڕزانی پیرۆزیە، بەواتایەکیتر بەتاڵبوونەوەی سیحری موقەددەس بوونە، ئەوانەی توانای پرسیاریان لەنمایشی شانۆیی نیە، شانۆکاری ئەزموونکار ئەو مەخلووقەیە لەڕێگەی پرسیارەوە یەقینەکانی دەگۆڕێت بۆ خوێندنەوەو بەزمان هاتنی شانۆ. ئەوە بەتاڵکردنەوەی مانا ئاینیەکانی ڕیتواڵ و نووسینەوەیەتی لەناو مانا شانۆییەکان،

مانایەك پرسیاری ئەوە بۆ بینەر بنیات دەنێت كە دەقی بیكت وچاوەڕوانی گۆدۆ توانای بنیاتنانەوەی هەیە لەڕێگەی سیستمێكی ئاماژەكاری دەنگ وجولە، ووشە تەنیا بونیادێكە ئەگەرچی دەنگ وجولە دەیانەوێ ڕۆحی ووشە بەرجەستە بكەن، بێهوودەیی ژیان وسرووتە شانۆییەكە لەڕێگەی تەواوی بونیادەكانەوە ئیش لەدامەزراندنی ئەزموونێك دەكات كە هەموو ڕەگەز وكەرەستەكانی بەكار بێنێت، كاتێ بینیمان كاردۆ ووتی "ئەها پێئەكەنم" دەیویست بە پەنجەكانی ڕووخساری بكات بە گاڵتەجار بەوەی بەختەوەرو شادوومانەو پێدەكەنێ، ئەوە پڕۆسەیەكی ئەركیۆلۆژی بوو لەسەر كارەكتەری فلادیمێر وگاڵتەجاریەكانی بنیاتنرابوو، سەرەتایەكە بۆ پڕۆژەیەكی شانۆیی كە چاوەڕوان دەكرێت دەرهێنەرەكەی لەئەزموونەكانی دواتر ئاراستەیەكی جیاواز بۆ ئەزموونی شانۆییمان دۆزێتەوە.



### كۆنفرانسی شانۆ،

# شانۆی نەتەوەیی ئەگەرێك بۆ گەڕانەوەی سەردەمی زێڕین

تیپی شانۆی سالار لەهەولێكی تایبەتدا ڕۆژانی ٤-١٢/٦/ ٢٠٠٧ لەژێر درووشمی "لەپێناو ئەو شانۆ گەشەی، خۆزگەی شانۆكارانە" لەهۆڵی سلێمانی پالاس بە ئامادەبوونی نوێنەری پەیمانگا و بەڕێوبەرایەتی شانۆی شارەكان و گروپە شانۆییەكانی كوردستان، كۆنفرانسی شانۆی كوردی سازكرد، بەدوای تەواوی ئەو بابەتانەی پێشكەش كران، هەموو ئەو ڕەخنە و سەرنجانەی ووتران، ناكرێ ڕێگا بدەین لەگەڵ كۆتایی كۆنفرانس هەموو ئەو پێشنیار و ڕەخنانە بەسەرماندا تێبپەڕێت، بۆ داكۆكیكردن لە جوانیەكان پێویستە هەمیشە دەرفەت بۆ جیاوازیەكانمان بكەینەوە، بەڵام ناشكرێ لەنێو بێدەنگی و نیازخراپی بوار خۆش بكەین بۆ كەسانێك كە تەنیا لە بۆنە و كۆنفرانسەكان شانۆكارن.

ئەوانەی شانۆكاریان بە میرات بۆ ماوەتەوە، ڕێگەدان بەوانە و ووتنەوەی حیكایەتە بەسەرچووەكانیان شتێ نیە جگە لە گەڕانەوەی حورمەت بەناوی سەردەمی زێڕین، هەموو ئەوانەش

لەو ووتارەدا جێگای قسەکردنی ئێمە دەبێت، بە ئومێدی ئەوەی ئەو نووسینە دەرگایەکی تر لە ڕەخنە بکاتەوە، بەبێ ئەوەی بۆچوونی شانۆکارە میراتخوازەکان بە هەند وەربگرێت، بۆ ئەوەی گوتاری هونەری خۆمان وەك شانۆکار وون نەکەین، پێویستمان بەوەیە بوێربین و نەترسین لەوەی دەیڵێین، بەو کارەشمان شتێ نادۆڕێنین جگە لە دەرفەت کردنەوە بەرەو ڕووی زەمینەی فراوانتر بۆ کارکردن و خستنە ڕووی پرۆژەی جدی، دیارە ناڵێین زەمینەی لەبار، چونکە هەمیشە بۆ داهێنەران زەمینە لەبارە، بەڵام عەقڵ لەبار نیە، لەعەقڵدا مەبەستمان دیدی هونەری و تێگەیشتنە بۆ شانۆ.

هەرگیز ئەو بارودۆخەی شانۆکارانی شارەکانیتر تیایدان ترسناکتر نیە لەو دۆخەی شانۆکاری کەرکوك تیایدا دەژی، نەبوونی ئارامی و تەقینەوەی لۆریەکان و هەڕەشەکردنی نەتەوەیی و ئامادە نەبوونی هۆڵی شیاو بۆ شانۆ، بەڵام خەون و پرۆژەکان زۆر لەبارترن، کە دیارە پێویست بە هیچ نموونەیەك لەو بوارەدا ناکات، چونکە هەموولایەك لە ڕێگەی ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆنەکانەوە ئاگاداری ئەو ڕاستیە هەن، ئەوە منەت کردن نیە بەسەر کەسەوە، بەڵکو کۆنفرانس جارێکیتر سوورترمان دەکات لەسەر پرۆژەکانمان و دڵنیامان دەکاتەوە، کە ڕێگاکەمان



ڕاستە و هەڵەی تیا نیە، مادامەکی بڕیارمانداوە کائینێکی شانۆیی بین لەم دنیایە، کەواتە دەبێت شانۆ بەشێکی سەرەکی ژیانمان بێت، ئەوانیتر شتی لاوەکین لە ژیاندا، شانۆکاری جدی گوێ ناداتە ئەوەی خەمی نان تاچەند پانتاییەکانی گۆشەگیری چڕتر دەکاتەوە، لەڕاستیدا خەمی نان تەنیا بیانوویەکی ترە بۆ ئەوان، بڕوای تەواومان بەوە هەیە ئەگەر نانێك لەکوردستان هەبێت پێویستە پارچەیەکی منالانی ئەنفال بیخوات.. پارچەکەی تر شانۆکاری کورد، بەڵام نابێ خەمی نان لە خەمی شانۆ گەورەتر بێت، لەوانەیە ئەو وێنەیە هێندەی وینەیەکی شاعیری بێت، بەهیچ کلۆجێك وێنەیەکی واقعی ناو ژیان نەبێت، بەڵام هەرنا بۆ ئێمەی ئەو گروپە شانۆکارەی بەیەکەوە کار دەکەین، وێنەیەکی واقعیە، ئەوە بۆ ئێمە ئەو خەونەیە بۆ گەیشتنە شانۆ گەشەکەی خەونمانە، لێرەوە ستراتیژی ئێمە وەك گروپێکی شانۆیی لەتەك درووشمی کۆنفرانس کۆ دەبینەوە، بەڵام ئەو کۆبوونەوەیە بەس نیە.

لەنێوان ئێمە و کۆنفرانس بەتەنیا پیتی (و) نیە، بەڵکو کەلێنێکی گەورەی بۆشایی هەیە پێویستە بە ڕەخنە پڕ بکرێتەوە، ڕەخنەیەك توانای خوێندنەوەی بونیادی شاراوە و نەووتراوی کۆنفرانسی هەبێت.

ئەو شانۆ گەشاوەیە چییە کە خۆزگەی شانۆکارانە؟ ئایا بێبەرنامەیی نەك وەك ئەوەی ووتراو لە بەرنامەی حکومەت، ئاخۆ تیپەکان بۆخۆیان خاوەنی بەرنامەیەکی سالآنەن بۆ کاری شانۆیی؟ کامەیە ئەو بەرنامەیە؟ بوونی نمایشێك لەساڵێکدا نەك ناتوانێ گوزارشت لەو بەرنامەیە بکات، بەڵکو دڵنیا بوونمانە لەوەی شانۆکاری کورد پڕۆژەی نیە، نەبوونی پڕۆژە بەوەهەم کردنی هەر خۆزگەیەکە بەناوی شانۆی گەش، هیچ کۆنفرانسێك توانای ئەوەی نیە شانۆیەکی گەش بە شانۆکار ببەخشێت، تاوەکو تۆ کائینێکی بە ئاگا و لەپشت بیرکردنەوەت چەندین کتێبخانەی شانۆیی نەبێت، هەموو ئەو سەرنجانەی بەرگوێمان کەوتن، راستیی ئەوەمان بۆ دەردەخەن هێشتا خەڵکانێکی زۆرمان هەیە بە وەهمی شانۆی ڕەسەنی کوردی دەژیێت، لەسەر گێڕانەوەی زەمەنی کرنۆلۆژی نمایشەکانی ڕابردوو.

دەیەوێت پێی بووترێ کەسێکی بە ئاگا و هوشیار، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم خاڵەدا بەراوورد کردنێکە ئەگەرچی بەراوورد کردنەکە ڕاستیش نەبێت، مەبەستیش تەنیا تێگەیشتنی ئێمەیە بۆ کاری شانۆیی، خۆرئاوا کە خاوەنی ژیارێکی سەربەخۆی خۆیەتی لە شانۆدا و ڕابردووی ئەو شانۆی تیا بەرهەم هاتووە، کەچی لەکاری شانۆیدا بۆ وەزیفەی شانۆ



ئینتیما ناکەن بۆ ڕابردوو، بەواتای شانۆ وابەستە ناکەن بە گوتارێکی نۆستالۆژیەوە، بەڵکو شانۆ بە یەکێك لە ئۆرگان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی سەیر دەکەن، کەچی ئێمە کە ڕابردوومان شانۆی تیا بەرهەم نەهاتووە، بەڵکو وەك هونەرێپکی لاسایکارانە وەرمان گرتووە، شانۆ دەبەینەوە نێو ڕابردوو نوقمی نێو خورافاتەکانی مێژووی دەکەین، هەرگیز بە کەناڵ و ئۆرگانی کۆمەڵگای مەدەنی نازانین، لای ئێمە شانۆ بەرهەمی دەزگا کولتوری و مەعریفیەکان نیە، شانۆ لای ئێمە پێویستە وانەی خۆشەویستی و ڕابردووی نەتەوەییمان بۆ نمایش بکات تا ڕەسەنایەتی بپارێزێت، هەر کاتێك وا سەیری شانۆمان کرد، بەواتای شانۆ بەو قوتابخانەیەی گەل سەیرمان کرد.. دەبێت لەتەك دیدی خورافی و غەیبانی کۆمەڵایەتی قبووڵی بکەین، لێرەوە تێدەگەین وەزیفەی شانۆ لای کورد وەزیفەیەکی ئەنتۆگرافی هەیە، شانۆ مۆزەخانەیە، شانۆ بەرهەمی کەلەپوورە نەك کولتور، کەلەپوور لەناو ڕابردوودایە.. شانۆی ئێمەش نوقمی کەلەپوورە.

هەرچی کولتورە بریتیە لە ئێستا و ڕابردووش بەشێکە لەو، بەواتای کەلەپوور بەشێکە لەناو کولتور، بەڵام نوقم نیە لەناو ڕابردوو، کولتور هێندەی لە ئێستادا بۆ داهاتوو ئیش دەکات

بەهیچ جۆرێك ئینتیما ناكات بۆ ڕابردوو، ئەوەی لەشانۆی ئێمەشدا ناوی نراوە كولتوری كوردی لەڕاستیدا كەلەپووری كوردیە.

لە دۆخ و زەمینەیەكی واشدا هێشتا چەمكەكان بە ئاڵۆزی ڕاڤە بكرێن، هەموو دەیالۆگ كردنێك لەگەڵ ئەو كەسانەدا جگە لە پانتایەكی ئەفسوناوی كە بێئاگا سەیرمان دەكات و لە شتەكان ناگات هیچیتر نیە، بۆیە چیتر شانۆكار هەموو ئەو كەسانە ناگرێتەوە كە ڕۆژێك لە شانۆگەریەكدا ئەكتەر بوونە وەك یەكێك لە شانۆكارە ئازیزەكانی كۆنفرانسی شانۆی كوردی لە ئەڵمانیا ئاوا پێناسەی بۆ شانۆكار خستبووە ڕوو، چونكە لەڕاستیدا ئەو پێناسەیە هێندە تەم و مژاویە، تا ڕادەی ئەوەی پێویستە جیاكاری بكەین لەنێوان (شانۆكاری گشتی) و (شانۆكاری دەستەبژێر) ئەوەی یەكەمیان هەموو ئەو ئەكتەر و دەرهێنەرانە دەگرێتەوە كە ئارەزووی كاری نواندن لەڕابردوودا یا لە ئێستا بەرەو شانۆیان دەهێنێ، بەڵام جۆری دووەم (شانۆكاری دەستەبژێر) ئەو گروپە شانۆكارە دەگرێتەوە كە شانۆ وەك دامەزراوی مەدەنی و ئۆرگانی ناو كۆمەڵگای مەدەنی سەیر دەكات و لە بنەمای زانستی و ئاگایی شانۆییەوە خەریكی شانۆیە، هەرگیز كارەكانی ئەو جۆرە شانۆكارە بۆ نوخبەیەك



نیە، بەڵام شانۆ پێویستی بە نوخبەی بە ئاگا هەیە، كە مەعریفە لەپشت ئیشكردنیەوە بێت نەك خورافە.

كێشەی ئێمە بەتەنیا لەوەدا نیە كە بزووتنەوەی شانۆییمان خاوەنی گوتارێكی ڕەخنەیی نیە، بەڵكو ئەو بزووتنەوەیە ئامادە نیە لەناو تاكە تێگەیشتنی باو دەربازی بێت، هەمیشە گفتوگۆی كراوەی لەوەدا بینیووە خەونی جیاواز بكوژێت و یۆتۆپیاكان زیندوو ڕابگرێت، كاتێ یۆتۆپیا لەشوێنی خەون دەركەوت هیچ جێگای ئەسەف نیە، جیاوازی شانۆیمان ببێت بە پرۆژەی یەكخستنی دەنگەكانمان لە شانۆدا، ئەو كۆنفرانسە هەرچەندە كۆمەڵێك بابەتی جیاوازی گرتبووە خۆی، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەو بابەتانەی لە جۆری (شانۆی ئەزموونگەری، شانۆی مناڵ، نواندن لای ئەكتەری كورد، كێشەی بینەر لە شانۆدا)

بابەتە فەرامۆش كراوەكانی ناو كۆنفرانس بوون، چونكە نە لە كۆبوونەوەی تیپەكان و نە لە ڕاگەیاندنی كۆتایی كۆنفرانس بابەتێك نەبوون، لیژنەی داڕشتنەوەی ڕاسپاردەكانی كۆنفرانس بەهەندی وەرگرتبێت، بەقەد ئەوەی كۆنفرانس بۆ دوو پرۆژە خرابووە ڕوو یەكەمیان (شانۆی نەتەوەیی) ئەویتریش (ئەندامبوونی كورد لە سەنتەری شانۆی جیهانی) دیارە ئەوەی بایەخی سەرەكی پێدرا شانۆی نەتەوەیی بوو، لەوە دەچوو

کۆنفرانس بۆ شانۆی نەتەوەیی ساز کرا بێت، پرۆژەی دووەم ئەندامبوون لە سەنتەری شانۆی جیهانی، بابەتێك زۆر لە شانۆی نەتەوەیی گرنگترە، بەڵام لە کۆبوونەوەی تیپەکان نەخرایە گفتوگۆ و تەنیا لە پەراوێزی شانۆی نەتەوەیی بڕیار لە چاکسازی و دواخستنی ئەویشدرا بۆ مانگی ئادار لە دهۆك.

لە کۆبوونەوەی تیپەکان و لە کاتی گفتوگۆ لەسەر ڕاگەیاندنی کۆتایی و ئێستاش لەم نووسینەدا جارێکیتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە ئێمە لەگەڵ شانۆی نەتەوەیی نین، بەتایبەت کاتێ پرۆژەکە لە تیپەوە وەك دەزگایەکی شانۆیی سەیر بکرێت، جێگەی سەرسوڕمانە کەسانێك پێیان وابوو مادام دەزگای شانۆیە پێویستە پێمان خۆش بێت دروست بکرێت، دیارە ئەو بۆچوونە ساویلکانە تا ئەوێ جێگای قەبووڵ کردنە کە لە نیازپاکیەتی خاکیانە دەووترێ،

جگە لەوە شایەنی بێدەنگی نیە، بەتایبەت ئاماژە بۆ ئەوەش کرا کە شوێنی ئەو شانۆ نەتەوەیە شاری هەولێر دەبێت، لەکاتێکدا لەناو یەك لەباتەکانی کۆنفرانس ئاماژە بۆ ووتارێك کرا کە باشترین نمایشی شانۆیی لەم شارە لە (٣٥) کەس زیاتر نایەتە سەیرکردنی، ئایا ئەو ژمارەیە زۆر کەم نیە بۆ شانۆی نەتەوەیی؟ ئایا تۆ شانۆی نەتەوەیی بۆ ٣٥ کەس دروست دەکەیت؟ جارێ



ئەوەش یەکلا نەبۆتەوە کە ئاخۆ ئەو (٣٥) کەسە سەرجەمیان بەرەو شانۆی نەتەوەیی دێن؟

دەبێت ڕۆڵی کارای بەڕێوبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر و سلێمانی لەسەر ئێستای بزووتنەوەی شانۆییمان چیبێت تا دەزگایەکی نا ئەکتیڤی تر دابمەزرێت؟ ئەوەیان لە بەڕێوبەرایەتی شانۆ زۆر دەماکدارتر و ئیشکالیترە، بەر لەهەر شتێك بۆ تێگەیشتن لەو پرۆژەیە، شانۆکاری کورد پێویستی بەوەیە ئەو پرسیارە لەخۆی بکات:

لەسەردەمێکدا دەژین کولتورەکان لە نزیك بوونەوەن لەیەکتری بۆ ئەوەی لە شانۆدا وەك شانۆی فرە کولتوری دەربکەون، ئەوە دەرگا کردنەوەی شانۆیە لە کولتورە جیاوازەکان، کەچی بەچ پێوەرێك شانۆکاری کورد دەرگا لەسەر گفتوگۆی کولتورەکان دادەخات و لەسەر وەهمی ڕەسەنایەتی کە بەوەهمی فۆلکلۆر گۆش کراوە پرۆژەی شانۆی نەتەوەیی دەخاتە ڕوو؟ ئەو پرۆژەیە ئەگەر لە حەفتاکان و هەشتاکان تا کاریگەری جیهانگەرایی لەسەر ڕۆشنبیری شانۆییمان ئەکتیڤ بوایە کارێکی قبووڵ کراو دەبوو، ئەوساش دەبوو لە ئێستادا ئەو دەزگایە چ وەك ناونان یاخود ستراتیژ گۆڕانی بەسەر خۆیدا بهێنابوایە، بەڵام کارەسات لەوەدایە کە لە ئەمڕۆدا بمانەوێ دەزگایەك بۆ شانۆی نەتەوەیی

دابمەزرێنین، ئەوە هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی خەسڵەتە جیاوازەکانی کارکردن، توانەوەی جیاوازیە لەناو یەکدەنگی هەموومان، بۆچی دەبێت باس لەوە بکرێت پێویستە لەو جۆرە پڕۆژانە شانۆکاری کورد یەکدەنگی خۆی نیشان بدات، ئەوەی نایەلێت خاوەنی پرۆژەی جدی بین ئەوە یەکدەنگیە، تۆ لەناو بەرەیەکی سیاسی نیت بۆ ئەوەی لەمەسەلە چارەنووس سازە سیاسی و نەوەییەکاندا یەکدەنگ بیت، لە شانۆدا ئەوە یەکدەنگیە جیاوازی دەکوژێت و غەیب شوێن بە داهێنان چۆل دەکات، شانۆش لای ئێمە هێندەی زەمەنی غەیبانی کاری تیا کردووە، ڕۆژێك دەرفەت بۆ زەمەنی جیاوازی کارکردن نەدراوە، هەمیشە کەسانێك کە وەزیفەی پۆلیس و تەواڕیان بینیووە ویستویانە زۆر ترسناکانە هێرش بکەنە سەر هەوڵە جیاوازەکان، بەکۆمەڵێك تۆمەت ناوەزدیان کردووە.

زەمەنی غەیبانی لەڕێگەی خورافەوە بەناوی نەتەوە دەسخەرۆمان دەدات، لەکاتێکدا گرفت لە شانۆی ئێمەدا کێشەی نەتەوە نیە، بەڵکو گرفتی شانۆ خۆیمان هەیە، ئەوە نا ئەکتیڤ بوونی شانۆکارە وای کردووە خورافەی نەتەوەیی شوێنی شانۆمان بگرێتەوە، دیارە کۆنفرانس بێلایەن نەبوو لەو زەمەنە غەیبانیە، بۆیە پڕۆژەی شانۆی نەتەوەیی ئەو پانتاییە فراوانەی بۆ تەرخان



کرا، لێرەدا پێویستە ئەوە وەبیر کۆنفرانس بێنینەوە ڕۆڵی (شانۆی ئەزموونگەری، شانۆی منالٚ، نواندن، بینەر) چیبوو لە کۆنفرانس؟ ئایا بابەتگەلێك بوون پێشکەش کران و لەیادمان کردن؟ لەئێستا دەبێت کۆنفرانس بەدوای وەلامی شیاو بگەڕێت نەك بە هەڵچوون و دەمامکەوە وەلام بداتەوە، دیارە هەموو مەبەستەکە بەدوای ڕێگە چارەیە بۆ ڕزگار کردنی شانۆ، ئەگەرچی ئێمە بڕوامان بەوە نیە شانۆ داگیر کرابێت تا ڕزگاری بکەین، ئەوەی شانۆی داگیر کردووە ئەوە دەسەلاتە کە کۆمەڵێك دەمامکی داناوە دەبێت پرۆژەیەکی شانۆیی بەواندا تێپەڕێت، چەند کارەکتەرێکی تەمبەڵی وەك فەرمانبەر داناوە دەبێت ئەوان بڕیار لە پرۆژە شانۆییەکان بدەن، شانۆی داوەتە دەست کەسانێك پەیوەندیان بە شانۆوە نیە، لەولا تریشەوە بودجەیەکی خەیالی ڕژاندووە بۆ کەسانێکی حزبی بەناوی شانۆکار، کە گەمەی نێوان شانۆکار و دەسەلات ساز دەکەن.

ئەوانەی لە خەمی شانۆدان چەند گروپێك و چەندین شانۆکاری جدین، بەلام ئاخۆ تاچەند ئەوانە لەنەخشەی دەسەلات و بەرنامەکانی حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری وەك شانۆکار و گروپی شانۆیی تەماشا دەکرێن؟ ئەوەشیان پرسیارێکیترە و لە کۆنفرانسدا بەهۆی پرۆژەی شانۆی نەتەوەیی کات بواری نەدا

باس بکرێت، لە کۆنفرانسدا شانۆی نەتەوەیی زیانی زۆری لێداین کاتێکی زۆری زەوت کرد و نەیهێشت لەسەر جدی بوونی کارکردن قسە بکەین، ئایا بە سێنتەر کردنی شانۆی نەتەوەیی و بە پەراوێز کردنی شانۆی ئەزموونگەری تیپی سالار و کۆنفرانسی شانۆی کوردی چۆن سەیری خۆی دەکات؟ با پرسیاری ئەوە بکەین چیمان بە سێنتەر کرد و چیمان پەراوێز خست؟

ئایا بابەتی هونەری نواندن و بینەر لە شانۆدا لە شانۆی نەتەوەیی گرنگتر نەبوو؟ با واز لە مەسەلە سۆزداری و هاوڕێتیەکان بێنین، ئەوسا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، ئایا ئێستا هەست ناکەین پێویست بوو شانۆی نەتەوەیی کۆنفرانسی سەربەخۆی بۆ کرا با، هەر نا لەوەی دهۆك با کۆنفرانسەکە دانیشتنەکانی تایبەت بێت بە شانۆی نەتەوەیی، هەر نا بۆ ئەوەی کەسانی وەك ئێمە تیایدا ئامادە نەبن، ئەوە دیسان نەبوونی خەمی شانۆیە لەڕاگەیاندنەکەدا داوا دەکرێت ڕۆژی شانۆی جیهانی دانیشتنەکەی دهۆك ساز بکرێت، شانۆکارێك کە خەمی شانۆی هەبێت لەم ڕۆژەدا خەریکی شانۆ دەبێت نەك بێت لێداون بدات بۆ شانۆ، ئەوە نا شانۆکاری بوونە وا لە کەسانێك دەکات یادی شانۆ بە گەشت و چوونە هۆڵ و لێدوانەکانی بۆ ئەو



ڕۆژە تەرخان بکات، چونکە بۆ ئەو کەسانە وەزیفەی شانۆکاری لەوەدا چڕ کراوەتەوە کە پێشتر پۆلێنمان کرد ئەو جۆرەی دووەم (شانۆکاری دەستەبژێر) لەو ڕۆژەدا خەریکی کارکردنە، نەك بچێت حیکایەتەکانی ڕابگەیەنێت.

کاتێ ئەو گروپەی شانۆکارانی دەستەبژێر ئەوانەی خەمی شانۆ وای لێکردوون بەردەوام خەریکی شانۆ بن، لەو بارەیەوە بیر بکەنەوە، ئەنجامی بیرکردنەوەکانیان نووسین بێت، کاتێ ئەوانە لەزۆر خەوشی نێو میکانیزمی چۆنیەتی کۆنفرانس بێدەنگ دەبن، حیکایەتخوانەکانی ڕابردوو دێنە دەنگ، ئەو هاتنە دەنگە داکۆکیکردن نیە لە زەمەنی کارکردنی لە ڕابردوودا، بەڵکو درێژکردنەوەی ئەو ڕابردووەیە لە ئێستادا، دەیەوێ ڕابردووی خۆی لەناو زەمەنی ئێستا درێژ بکاتەوە، ئەوە یەکێکە لە خەسڵەتی حیکایەتخوانەکانی ڕابردوو، دەیانەوێ بە دەنگی بەرز بیر بکەنەوە، هەر بەهەمان تۆن بدوێن، بۆ ئەوەی لەو هاوار کردنەیانەوە سەرنجمان ڕابکێشن، لەکاتێکدا حیکایەتخوانەکان دەساڵ زیاترە بەڕێکەوتیش بەلای هۆڵێکی شانۆدا نەچوونە، ئیدی ئەوان کە شەرعیەت بە شانۆکاری خۆیان دەدەن، بەچ ڕوویەکی بێشەرمانەوە گلەیی لە شانۆکارانیتر دەکەن کە تەنیا بەناو تیپیان هەیە و کاریان دیار نیە، تۆ کە بە زنجیرە

تەلەڤزیۆنەکانی مانگی ڕەمەزانەوە سەرقاڵی بە میرات بە شانۆکاری شارێك لەقەڵەم دراوی، ئەو هەموو ناوو حیکایەتە خورافیە بەسە بۆ تۆ، پێویستت بە تۆزقاڵێك تەریق بوونەوە هەیە، لەوەی ڕووت نەیە هێمنی هۆڵەکانی گفتوگۆ بشێوێنیت، تۆ ناتوانی لەڕێگەی قسە فیزەکانتەوە شانۆکاری بەسەر کەس فەرز بکەیت، چونکە ئیدی پێویستە ئەو جۆرە کۆنفرانسانە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی جیاکردنەوەی شانۆکاری دەستەبژێر بێت لە شانۆکاری حیکایەتخوانی وەك تۆ، بەداخەوە ئەو کۆنفرانسە بەهۆی لایەنی موجامەلەی هەندێکەوە نەیتوانیووە زەمینە بۆ ئەو جیاوازیە بخوڵقێنێت.

ئێمە لەڕێگەی ئەو چەند ووشەیەی لەو دوو دێرەی دوایی خستمانە ڕوو مەبەستمان کردنەوەی دەیالۆگە لەگەڵ حیکایەتخوانەکانی سەلەفیەت، ئەگەرچی ئەو بڕوای بە دەیالۆگ نیە، وەك چۆن ئێمەش لەڕێگەی چەند ووشەیەکەوە مەبەستمان سووکایەتی کردن نیە بە حیکایەتخوانەکان، هێندەی دەمانەوێ شوێنگەی بوون لەو پانتاییە دەست نیشان بکەین، بەڵام هەر هەوڵێکی لەم جۆرە بەهەدەر دەچێت، چونکە حیکایەت و وەعزەکان کاتێ ناتوانن لە زمانی لێکۆڵینەوەکان تێبگەن، دان بە هەژاری فکری خۆیان و ئەو پاشخانە وێرانەیەی خۆیان نانێن،



بەڵکو دەڵێن "بابەتەکان ئینشایی بوون" ئەگەرچی گومان دەکەم ئینشایی بووبن گەر ئینشایی بووبن حیکایەتخوانەکانی ئێمە گرفتیان نەدەبوو تێدەگەیشتن و گفتوگۆیان دەکرد، چونکە زەمەنی ساتەوەختی دەسپێکی ئەو، زەمەنی نووسینی ئینشایی بووە، بەڵام تێنەگەیشتن لە چەمك و زاراوەکان بە ئینشا ناو دەبەن، ئەوەش بۆ ئەوەیە شوناسی بێئاگایی بەڕووی ئێمەدا دەرنەکەوێت، هەمیشە لەسەر سەروەری حیکایەتەکانی ڕابردوو باس لە سەردەمی زێڕین بکەن، ناوبردنی ئەو سەردەمە بە زێڕین پێویست بەوە دەکات چیتر لێی بێدەنگ نەبین.

سەردەمی زێڕین چیە؟ بەچی دەووترێت زێڕین؟ زێڕین چ قۆناغێك بووە؟ بەر لەوەڵامی ئەو پرسیارە، ووروژاندنی ئەو پرسیارە بۆ بریندار کردنی هیچ کەسێك نیە کە لەڕابردوو کاری کردووە، بەڵکو بەو مەبەستەیە کە ماوەیەکی زۆرە باس لەو سەردەمە دەکرێت، بۆیە لەبارەی ئەو سەردەمەوە ئەوە دەردەخەین کە سەردەمی زێڕین بۆ ئەوانە بریتیە لەو کارانەی لە ڕابردوودا کراوە، بەتایبەت لە حەفتاکان و هەندێکجار دەیبەستنەوە بە نیوەی یەکەمی هەشتاکان، زێڕینی ئەو قۆناغە بەر لەهەر شتێك پەیوەستە بە ژمارەی تیپ و نمایشەکانەوە، بەوەی بزووتنەوەیەکی چالاك هەبووە بۆ کارکردن، ئەگەرچی

مەرجنییە هەموو بزووتنەوەیەکی چالاك توانای بەرەو پێش چوونی شانۆی هەبێت، جگە لەوە سەردەمی زێڕین ئەوە نەبووە شانۆ توانای گۆڕانکاری هەبوو بێت لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی، بەڵکو شانۆ بەپێی خواستی کۆمەڵ جولاوەتەوە.. بەواتای ئەوە کۆمەڵگا بووە ئاراستەی شانۆی دیار کردووە، نەك شانۆ ئاراستەی کۆمەڵگا و بزاوتەکانی دەست نیشان کردبێت، سەرەنجام ئەوە یەك ڕاستی زۆر ساکارمان بۆ دەردەخات کە سەردەمی زێڕینی شانۆ.

سەردەمی ئینتیماکردن بووە بۆ ئایدیا و شانۆ وەك جۆرێك لە مومارەسەکردنی سیاسی لەڕووی چالاکی ئایدیۆلۆژیەوە سەیر کراوە نەك وەك چالاکی کولتوری، خۆ ئەگەر وەك چالاکی کولتوری شانۆ دەربکەوتبا لە ئێستادا ئامادەبوونی ئەو ڕابردووەو کاریگەریەکانی لە زەمەنی ئێستامان دەردەکەوت، ئەوسا دەمانتوانی تویژینەوە بۆ دەرەنجامەکانی سەردەمی زێڕین وەك ناو دەبرێت ئاماژە پێ بدەین، بەڵام بەبێ بوونی چالاکی کولتوری، شانۆ توانای ئەوەی نەبووە سەردەمی زێڕینی خۆی بژیێت، ناوبردنیشی بە زێڕین زیاتر هەوڵێکە بۆ ستایشکردنی کارەکتەری حەفتاکان، ئەوە شانۆکاری ئەمرۆ نیە ناتوانێ ئەو ڕۆڵەی ڕابردوو ببینێت، بەڵکو ئەوە وەهمەکانی نێو



شانۆیە بەتاڵ بوونەتەوە، ئیدی خەڵکانێکی زۆر بەدەوری شانۆکار کۆنابێتەوە، کە شانۆ بە قوتابخانەی گەل تێبگات، بەڵکو شانۆ وەك بەشێك لە ئۆرگانی کۆمەڵگای مەدەنی سەیر دەکرێت، لەناو ئەو کۆمەڵگایە شانۆ وەزیفەی کولتوری خۆی دەبینێت، ئەوە زەمەنی ڕاستەقینەی شانۆیە، بۆیە چیتر سەردەمی حیکایەت و موعجیزەکان لە شانۆدا بوونیان نەماوە، جوانترین وەڵام بۆ ئەوانەش ئەو شیعرەی شاعیری ئێرانی (شەمس لەنگرودی) ە کە دەڵێت:

درەنگ هاتی موسا
سەردەمی موعجیزەکان کۆتایی هاتووە
گۆچانەکەت بە دیاری بدە چارلی چاپلین
تا کەمێک پێبکەنین

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | چیرۆکستان | دەق و رەخنە | حەمە کەریم عارف |
| ٢. | كركوك والتطهير العرقي | دیکۆمێنت | و: رەعد بابان |
| ٣. | مانیفێستەکانی پووچی | هۆزان | مەهدی زریان |
| ٤. | شیعری هەڵبژاردە بۆ منداڵ و گەورە | هۆزان | لەتیف هەڵمەت |
| ٥. | بەرەو شێت بوون | هۆزان | عومەر سەیدە |
| ٦. | دڵۆپە | هۆزان | یوسف لەتیف |
| ٧. | ماچ | کۆمەڵە دەق | بەکر دەرویش |
| ٨. | چاوبرکێی سەر زورگەکان | چیرۆک | حەمە سەعید زەنگنە |
| ٩. | داوەتی کۆچەریان | چیرۆک | حەمە کەریم عارف |
| ١٠. | ناسنامەی دەق | رەخنە و لێکۆڵینەوە | د. فوئاد رەشید |
| ١١. | شرۆڤەیەک لە بازنەدا | گوتارو رەخنە | سەردار جاف |
| ١٢. | تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجیدا | لێکۆڵینەوە | شوکریە رەسوڵ |
| ١٣. | گەڕانەوە بۆ حەیفا | چیرۆکی وەرگێڕدراو | ئەحمەد عارف |
| ١٤. | سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی | لێکۆڵینەوە | د. ئازاد عەبدولواحید کەریم |
| ١٥. | لە هەردەکانی کوردستانەوە بەرەو بیابانی عەرەب | رۆمان | جەلیل محەمەد شەریف |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦. | بانێژەی خەمەکانی شارەکەم | هۆزان | بورهان بەرزنجی |
| ١٧. | عەورەتی گەلا | هۆزان | سیروان ناشاد |
| ١٨. | هونەری رۆژنامەنووسی لە گۆڤاری نزاردا | لێکۆڵینەوە | شوان خورشید |
| ١٩. | ژوانی عەشقداری | شانۆگەری | وریا شەهاب |
| ٢٠. | ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێیەم | هۆزان | بورهان ئەحمەد |
| ٢١. | ئێوارەیەک نایەمەوە | هۆزان | لەتیف فاتیح فەرەج |
| ٢٢. | سیفری ئاگر | هۆزان | کەریم دەشتی |
| ٢٣. | لە روانگەی زمانناسییەوە | لێکۆڵینەوە | و:د. ئازاد ئەمین باخەوان |
| ٢٤. | گورگ | چیرۆکی وەرگێڕدراو | و: عەلی بەرزنجی- خالید مەجید فەتحوڵڵا |
| ٢٥. | زریوەی ئەستێرە دەسرازەی زامە | هۆزان | ستار ئەحمەد عەبدولرەحمان |
| ٢٦. | داستانا لێدانا گازخانا کەرکووک ل سالا ١٩٦٩ | داستان | وەصفی حسن ردێنی |
| ٢٧. | دار زەیتوون | چیرۆک | فەیسەڵ تاهیر هەمەوەندی |
| ٢٨. | یاریزانی شەترەنج | رۆمان | و: محەمەد سابیر مەحموود |
| ٢٩. | ئەو وشانەی در بە تاریکە شەو دەدەن | وتار | لەتیف هەڵمەت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٠. | یـوونس ئــەمرە خۆشەویــستیی خاك و مرۆ | هۆزان | و: ئەحمەد تاقانە |
| ٣١. | کوردو ڕەگەزی ئاری | لێکۆڵینەوە | مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی |
| ٣٢. | هجرة الطائر الازرق | شعر | عباس عسكر |
| ٣٣. | دەروازەیـــەکی مێـــژوویی بـــۆ مافەکانی مرۆڤ | لێکۆڵینەوە | کامەران تاهیر |
| ٣٤. | ئەشکەوتی خوێن | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین |
| ٣٥. | مـەرگی نووسـەرو چـەند باسێکی دیکەی ئەدەبی– ڕۆشنبیری | ئەدەبیات ورۆشنبیری | حەمە کەریم عارف |
| ٣٦. | منداڵێك بووم لە کوردستان | چیرۆك | و: عومەر عەلی شەریف |
| ٣٧. | خۆشنووسانی کورد | خۆشنووسی | عەبدولستار جەباری |
| ٣٨. | بەرسیلە عیشقێ بۆ خودا | شیعر | ئاوێزان نووری |
| ٣٩. | مانگ | شیعر | و: هیمەت کاکەیی |
| ٤٠. | چـــەمك و ســـتاتیکای شـــوێن لەئەدەبدا | لێکۆڵینەوە | سەباح ئیسماعیل |
| ٤١. | ئەرشیفەکانی فیراق | شیعر | شێخ سدیق |
| ٤٢. | ئـــەو نامانـــەی بـــە فرمێـــسك نووسراون | نامە | ئا: لەتیف فاتیح فەرەج ئاکۆ محەمەد شوانی |
| ٤٣. | هەقایەتی داپیرە | چیرۆك بۆ منداڵان | و: هێمن دەلۆیی |
| ٤٤. | دەروازەیـــەکی مێژووییانـــە بـــۆ ڕوداوەکەی ١٩٥٩ | مێژوو | سمکۆ بەهرۆز محەمەد |
| ٤٥. | کـــورد لـــە ســـێبەری خیلافـــەتی | لێکۆڵینەوە | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | عەرەبیدا | | |
| ٤٦. | زەمەنێك بۆ خەم | شیعر | دانا عەسکەر |
| ٤٧. | گەڵا ڕژاوەکان | ڕۆمان | و: عەلی بەرزنجی |
| ٤٨. | کچەکانی حەوا | چیرۆك | سـەبریە ئەحمـەد حەمـە (سەبا) |
| ٤٩. | کرمەزاڵ | شیعری بیانی | و: صابر شاکر مەلوول |
| ٥٠. | گێژاو | چیرۆك | موعتەسەم ساڵەیی |
| ٥١. | ئەفسونی ئاوێنە ڕەشەکە | چیرۆك | حەسەن نازدار |
| ٥٢. | یارێکم هەیە لەخۆمدا | شیعر | عومەر عەبدول |
| ٥٣. | هاوارێك ...هەر لە تەم ئەچێت | شیعر | گۆریان |
| ٥٤. | شارێکی قاوەیی | کۆمەڵە چیرۆك | و:عەبدوڵا مەحمود |
| ٥٥. | کوردو چەند بابەتێکی مێژووی | لێکۆڵینەوە | هاشم عاسی کاکەیی |
| ٥٦. | کـەرکوك : شـاری قـەڵاو ئـاگرو خوێن | لێکۆڵینەوە | عەلی مەحمود محەمەد |
| ٥٧. | گەشتێك لەنێوان مانگو دەریادا | شانۆگەری | د .عەبدولکـەریم حـاجی محەمەد |
| ٥٨. | شـەوە خوێناویەکـەی ژوورسـەری دایکم | کورتە چیرۆك | محەمەد حسێن |
| ٥٩. | ئە پیری | لێکۆڵینەوە | د. ئیـسماعیل ئیـبراهیم سەعید |
| ٦٠. | مقام و مۆزیکی فۆلکلۆری کوردی سەلاح داودە وەك نموونەیەك | لێکۆڵینەوە | هەردەوێڵ کەکەیی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦١. | رۆبن هوود | چیرۆك | و: زنار محمد |
| ٦٢. | دیوارێك و سێ نیگار | هۆنراوە | عەباس عەسكەر |
| ٦٣. | جەنگ و نێوانەكان | كۆمەڵە وتار | سمكۆ محەمەد |
| ٦٤. | پەرتـەوازەكانی ئێـرەو ئـەوێكانی رەوان | رۆمان | عەبدولا سەراج |
| ٦٥. | تەمەنی مرۆڤ | چیرۆك | سەلاح سالح مەجید |
| ٦٦. | گوڵە مۆرەكان | چیرۆك یۆمنالان | و/ عبدولا سلیمان |
| ٦٧. | پێكهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت | لێكۆڵینەوە | و/ حمە كەریم عارف |
| ٦٨. | كولله | شانوگەری | محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە |
| ٦٩. | ئێوارەیكی شەرابی | كۆمەڵە چیرۆك | ن: ئەحمد عارف |
| ٧٠. | لە سۆراخی راستیەكاندا | سـێ لێكۆڵینـەوە لەبارەی راگەیاندنەوە | عەبدولا مەحمود |
| ٧١. | مێژووی نەوتی كەركووك | لێكۆڵینەوەیـەكی مێژوویی | فەرهاد هەمزە |
| ٧٢. | زەرە مار | نۆڤلیت | Lمحەمـەد سـەعید زەنگنە |
| ٧٣. | یانەی سەركەوتنی كوردان | مێژوو | مستەفا نەریمان |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧٤. | كەركووك – ناوی–مێژووی كۆنی – دانیشتوانی – دەسەڵاتەكانی | مێژوو | جەمیل رۆژبەیانی |
| ٧٥. | جێ پێ | كۆ چیرۆك | حمە كریم عارف |
| ٧٦. | شاعیرانی كوردستانی باشوور | وەرگێران | و . ئەحمەد تاقانە |
| ٧٧. | شـوێنەواری خوینەكـەت لەسـەر بەفرەكەدایە | چیرۆكی وەركێردراو | عەلی بەرزنجی خالید مەجید فەتحوڵڵا |
| ٧٨. | نوێكردنەوەلەشیعری كوردی | لێكۆڵینەوەی رەخنەیی | د. ئـازاد عەبدواحیـد كەریم |
| ٧٩. | لـە یادنامـەی كـەركوك و گەرمیانەوە | مێژوو | عومەر عەلی شەریف |
| ٨٠. | الخطـاب الـسياسي في القنـوات الفضائية الكوردية | دراسة تحليلية | حبيب كركوكي |
| ٨١. | هواجس ملونة | قصص كوردية قصيرة | جليل محمد شريف |
| ٨٢. | پلـەو پایـەی گیانـداران لـە نـاو قسەی پێشینان | پەندو قسەی پێشینان | دكتـۆر عەبدولكـەریم حاجی محەمەد عەلی |
| ٨٣. | زامەكانی كەركوك | لێكۆڵینەوە | سەمەد چاوشین |
| ٨٤. | زالگەی پردەكە | چیرۆك | سالار ئیسماعیل سمین |
| ٨٥. | لەمپەرێك لە ئاسماندا | كۆمەڵە چیرۆك | و: ئەدیب نادر |
| ٨٦. | ئەو شەوەی بە تەنها جێیانهێشت | كۆمەڵە چیرۆك | و: سابیر شاكر مەلوول |
| ٨٧. | ديوان عباس عسكر | شعر | عباس عسكر |
| ٨٨. | مستەفا بارزانی | لێكۆڵینەوە | سەردار جاف |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨٩. | خاسەی خۆراگر | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی |
| ٩٠. | بونیادگەری لە ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید |
| ٩١. | درەختی کەنتاوە | ڕۆمان | کەریم کاکە |
| ٩٢. | بیبلیۆگرافیای (٣٠)ی ژمارەی گۆڤاری گزنگ | بیبلیۆگرافیا | د. عەبدولکەریم حاجی محەمەد عەلی |
| ٩٣. | شاعیرەکان | ژیاننامە | محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە |
| ٩٤. | نامۆ | ڕۆمان | و: حەمە کەریم عارف |
| ٩٥. | ژوانگەی هونەر | لێکۆڵینەوەی هونەریی | عەبدولستار جەباری |
| ٩٦. | بونیاتی زمانی شیعری | لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی | و:د. ئازاد عەبدولواحید عەلی بەرزنجی |
| ٩٧. | ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ | چیرۆکی وەرگێردراو | حەمە کەریم عارف |
| ٩٨. | غمزات على مشارف التلال للقاص محمد سعيد زەنگنە | مجموعة قصصية مترجمة | إعداد ومراجعة: علي برزنجي د. آزاد عبدالواحد كريم |
| ٩٩. | ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری | لێکۆڵینەوە | نیهاد جامی |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠٠. | دەربارەی ڕۆمانو چیرۆك | لێکۆڵینەوە | حەمە کەریم عارف |
| ١٠١. | بیبلیۆگرافیای ١٠٠ کتێبی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووك | بیبلیۆگرافیا | ئا: حەمە سەعید زەنگنە |
| ١٠٢. | ألوان من الأدب | مقالات منوعة | صباح البازركان |
| ١٠٣. | بیبلیۆگرافیا | بیبلیۆگرافیا | د. عەبدولکەریم حاجی محەمەد عەلی |
| ١٠٤. | گوتاری ڕەخنەی شانۆی کوردیی | لێکۆڵینەوەی شانۆیی | نیهاد جامی |